MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# مزگەوتەکانی رۆژئاوا

## لێکۆڵینەوە

ئیسماعیل تەنیا

# مزگەوتەکانی رۆژئاوا

## لێکۆڵینەوە

هەولێر - ٢٠٠٨

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **مزگەوتەکانی رۆژئاوا (لێکۆڵینەوە)**
- نووسین: ئیسماعیل تەنیا
- نەخشەسازی ناوەوە: طــه حسين
- بەرگ: موراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: (٢٦٧٦)
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣٢٧)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێرست


پێشەکی ... ١

ڕۆژئاوا و ئایین ... ٥

ڕەوەندی ئیسلامی لە ڕۆژئاوادا ... ١٣

مزگەوتەکانی ڕۆژئاوا ... ١٩

* فەرەنسا ... ١٩

* ئەڵمانیا ... ٢٣

* بەریتانیا ... ٢٨

* ئیتالیا ... ٣١

* هۆڵەندا ... ٣١

* ئیسپانیا ... ٣٣

* یۆنانستان ... ٣٥

* نەمسا ... ٣٦

* سویسرا ... ٣٧

* سوێد ... ٣٩

* دانیمارک ... ٤٠

* بەلجیکا ... ٤١

* نەرویج ... ٤٢

* فنلاندە ... ٤٣

* ڕۆمانیا ... ٤٤

* لیشتنشتاین ... ٤٤

پەرەسەندنی هزری ڕەگەزپەرستی لە ڕۆژئاوادا ... ٤٧

* ئەڵمانیا ... ٤٨

* هۆڵەندا: ... ٥٣

* دانیمارك: ... ٥٤

* نەمسا: ... ٥٦

* فەرەنسا ... ٥٧

* ئیسپانیا ... ٥٩

ترسان لە زۆربوون ... ٦١

لە پەراوێزی کاریکاتێرەکانەوە: ... ٦٩

بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ... ٦٩

میوانە سەر بەگۆبەنەکان ... ٧٧

پەنجەکانی دەست وەك یەك نین ... ٨١

پەنجە زبرەکان ... ٨٢

* میللی گۆرش (Milli Gorus): ... ٨٥

کێشەی مەلا یەعقوب تەتشی ... ٨٨

فەتوا ئاگرینەکان ... ٨٩

چێشتخانەی ماکدۆنالدس ... ٩٤

دیاردەی "مرۆڤ سەربڕین" ... ٩٨

مۆساد ... ١٠٢

دووفاقی ... ١٠٤

قوتابخانەی "ڕۆتلی" ... ١٠٧

ناکۆکی نێوان "برا"یەکان ... ١١١

ئازادییەکان لەڕوانگەی ئێمە و "ئەوان"ەوە ... ١١٧

زیانەکانی دوای سێپتێمبەر ... ١٢٥

هەڵگەڕانەوە... یان بەزاندنی هێڵە سوورەکان ... ١٢٩

ئەنجامەکان ... ١٣٥

سەرچاوەکان: ... ١٤١

کتێبە چاپکراوەکانم ... ١٤٣

# پێشەکی

ئەگەر جاران، دیاردەی تیرۆر زێتر پەیوەند بوو بە پارت و گرووپە چەپە رادیکاڵەکان، ئەوا ئەمڕۆ، بەتایبەتیش دوای یازدەی سێپتێمبەر پەیوەند بووە بە جیهانی عەرەبی و ئیسلامییەوە. زۆر لە لایەنە بەرپرس و دەزگا مەدەنییەکانی ئەو دوو جیهانەش، جەخت لەسەر ئەو راستییە دەکەنەوە.

ئەو دیاردە ترسناکە، بۆتە پەتایەك و راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بە ژیانی هەموو لایەکمان بووە. هەیە زیانی راستەوخۆی گیانی و ماددی و، هەشە لەڕووی دەروونی و مەعنەوییەوە، زیانگەلێکی بەرکەوتووە.

رۆژ نییە، لە سەرکار، لەکاتی نانخواردن و حەسانەوە، لەناو ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر، لەدەزگا حکوومییەکان، لەسەر رووپەڕی گۆڤار و رۆژنامە و ماڵپەڕەکان، لەکەناڵەکانی (T.v)یەوە، لە گفتوگۆی ئاسایی رۆژانە، لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان... تاد، گوێمان لە هەواڵێك یان چەند هەواڵێکی پەیوەست بەو دیاردەیەوە، نەبێت. ئێمەی موسڵمان و رۆژئاوانشینیش، بەشێوەیەکی چڕتر دەکەوینە بەر رێژنەی پرسیار و لێپرسینەوە و، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشتر، کاریگەری لەسەر بەردەوامبوون لەکارەکانمان و، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان، بەجێدەهێڵێت.

بۆچیش مزگەوتەکانی رۆژئاوا ؟!

چونکە لە مزگەوتدا، تەواوی هەڵسوکەوت و یاسا و رێسا و ناسنامەی ئایینی ئیسلام دەردەکەوێت.



ماوەی پێنج ساڵێك دەبێت، بە بەردەوامی بەدوای سەرچاوە و، ماڵپەڕەکانی (هەواڵ)دا دەگەڕێم و، ئەنجامی ئەو بەدواداچوونەم، کۆمەڵێك زانیاری و، ژمارە و، بۆچوونی جۆربەجۆرم، لەلا کۆبوونەتەوە، حەزم نەکرد هەر لەلای خۆم بیانهێڵمەوە، مادام دیاردەکە هەموومانی گرتۆتەوە، با هەموومانیش سوود لەو زانیارییانە وەربگرین و، هەڵوێستە لەئاستیاندا، بکەین.

ئەو سەرچاوانەی کە پشتم پێبەستوون، زۆربەی زۆریان ماڵپەڕی ئەلکترۆنین، ئەوەش بۆ هۆکاری دوورە دەستیم لەسەرچاوەی پێویست لە کتێب و، گۆڤار و، رۆژنامە، دەگەڕێتەوە. جگە لەوەش، بە تێپەڕبوونی کات، وردە وردە، کتێبخانەکانیش وا خەریکن دەبنە ئەلکترۆنی. تەمەنی ئەو دیاردەیەش "بەشێوەیەکی کاریگەر و تۆخ" ئەوەندە درێژ نییە و، ئێمەمانانیش لەگەڵیدا ژیاوین و، لەگەڵیشیدا دەژین.

لەدرێژەی ئەو کتێبەدا، زێتر لە (١٧٤) جار، پەنام بۆ سەرچاوە بردووە و، وەك ئەمانەتێکیش ئاماژەم پێکردوون. لەو (١٧٤) جارەشدا، (١٦) ماڵپەڕ و، (٥) کتێب و، (٣) رۆژنامە و، دوو گۆڤار و، دوو ئاژانسی دەنگوباسم بەکارهێناوە و رێژەی بەکارهێنانیشیان بەمشێوەیە کەوتوونەتەوە: (ماڵپەڕ ٥٧,١٤٪، کتێب ١٧,٨٥٪، رۆژنامە ١٠,٧٪، گۆڤار ٧,١٤٪، ئاژانسی دەنگوباس ٧,١٤٪). بەشێوەیەکی سەرەکیش سوودم لە ماڵپەڕەکانی (ئیلاف) و (دۆیتچە فیلە) و (ئیسلام ئۆن لاین) و (ئیسلام تودەی) وەرگرتووە.

بێجگە لەو سەرچاوانەش، کە ئاماژەمان پێکردوون، رۆژانەش سوودمان لە هەواڵ و شرۆڤە و بەدواداچوونی کەناڵە ئاسمانییەکانی (عەرەبی و کوردی و ئەڵمانی) وەرگرتووە و، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە لێکۆڵینەوەکەدا، رەنگیان داوەتەوە.

ئەو ژمارە و، راپرسی و، زانیارییانە، مەرج نین هەموویان فەرمیو راست بن، لەوانەیە بەشێکیان، سەرچاوەکانیان رەسمی بن و، لەلایەن دەوڵەتەوە بڵاوکرابنەوە. بەشەکەی تریشیان، دەزگا تایبەتییەکانی لێکۆڵینەوە و، سەنتەری راپرسییەکان

ئەنجامیان داوە. لە هەموو حاڵەتەکەشدا، زانیاری و ژمارە و ئامارەکان، زێتر بەلای واقیعدا دەشکێنەوە و، دەکرێت پشتیان پێببەستین.

ناوەڕۆکی باسەکە، پەیوەستە بە رەوەندی ئیسلامی لەولاتەکانی وەك: (فەرەنسا، ئەلمانیا، ئینگلتەرا، هۆلەندا، ئیتالیا، نەمسا، ئیسپانیا، یۆنانستان، سویسرا، سوید، دانیمارك، نەرویج، فنلاندە، بەلجیکا، رۆمانیا، لیشتنشتاین). بۆیەش ئەو ولاتانە، چونکە؛ بەشی هەرە زۆری قەبارەی ئەو رەوەندە، لەو ولاتانەدا، گیرساونەتەوە و، ئەو ولاتانەش، لە دابینکردنی ژیان و، جێگا و رێگا و، پاراستنیان بەرپرسیارن.

لەوانەیە لەکاتی شرۆڤە کردن و، هەڵوەستە کردندا، بۆچوونەکانم دڵی هەندێك کەس شاد و، هەندێکی تریشی گوشی بێت. لەوانەیە خەڵکێك لایەنگیریم بکات و، خەڵکێکیش دژم بووەستێتەوە...

هەڵبەتە ئەوەش زۆر ئاساییە، چونکە دیموکراتییەت خۆی لەخۆیدا بەمانای رای جیاواز و، یەکتر قەبووڵکردن دێت. گرنگ ئەوەیە بۆچوونەکانی هەموو لایەکمان، برژێنە یەك سەرچاوە و، ئەو سەرچاوەیەش لە خزمەتی یەکتر قەبووڵکردن و، دیالۆگ و، گفتوگۆی شارستانی و ئاشتیخوازانەوە بێت.

هیوادارم ئەو کتێبە، ببێتە یەکێك لە هەوڵەکان بۆ ناساندن و، شرۆڤە کردنی ژیانی رەوەندی ئیسلامی لەو دەڤەرە و، هۆکارێکیش بێت بۆ بەرچاو روونی ئەو کەسانەی کە بەدوای ئەو زانیارییانەدا وێڵن و، دەیانەوێت شتێك لەبارەیانەوە، بزانن.

**ئیسماعیل تەنیا**
**نیسانی ۲۰۰۷**

# رۆژئاوا و ئایین

هەر لەسەرەتای ژیانەوە، مرۆڤ ئایینی وەك هۆکارێك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەر و، وابەستەبوون بە خوداوە، بەکارهێناوە... هەروەها بۆ پاراستنی خۆی، لە دیاردە سروشتییەکان و، ئەو کار و ڕووداوانەی کە لەسەرووی دەسەڵاتی خۆیەتی، پەنای بۆ بردووە و، داوای یارمەتی لێکردووە.

ئایینیش وەك سیستەم، لەکاتی بەکارهێنان و پیادەکردنی دا، لایەنی چاك و خراپی لێکەوتۆتەوە، پێشەنگەکان و رابەرانی لەگەڵێك چاخ و سەردەمدا، لەپێناو بە ئامانج گەیاندنی خواستەکانی خۆیان، ئەو سیستەمەیان شێواندووە و، بە کەیف و ماشای خۆیان، دەقەکانیان دەستکاری کردووە. سەرەنجامیش، کۆمەڵگایان بە ئاراستەی نەهامەتی و، شەڕ و، ئاژاوە و، جینۆساید و، داڕووخان بردووە. مێژووی هەموو کۆمەڵگاکانیش گەواهی ئەو راستییە دەدەن.

ئایینی مەسیحیش وەك هەموو ئایین و پەیامەکانی تر، سەرەڕای ئارامی و دڵنەواییەك بۆ تاکەکان، لەگەڵێك سەردەمدا، لە پای چەواشەکاری ڕێبەرەکانییەوە، ژیانی بەرەو هەڵدێران بردووە.

ئەورووپای مەسیحی، تا سەدەی پازدەهەم، ئەگەر نەڵێین هەمووی، ئەوا بەشی زۆری کاروباری سیاسەت و، دەسەڵات و، پەیوەندییەکانی دەرەوەی، لەژێر دەسەڵات و، کۆنترۆڵی کەنیسەدا بووە. هەر کار و کردەوەیەك، لەگەڵ ڕێنماییەکانی کەنیسەوە، دژ بووبێت، سەرکوتکراوە و، بەهیچ جۆرێك دەنگی تاکەکەس نەبیستراوە.



پیاوانی کەنیسە، هەموو جۆرە دەسەڵاتێکیان هەبوو. ئەوان مووچەیان دەدایە خەڵك و، هەموو جۆرە چالاکییەکی ئابووری و، کۆمەڵایەتی و، سیاسییان، ئەنجامدەدا. (کەنیسەکان ڕۆڵی گرنگ و گەورەیان هەبوو لە ڕەنگرێژکردنی سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا. لەشەڕ و ئاشتیدا دەنگیان بڵند و خۆیان بە نوێنەری هەموو میللەت دەزانی و، زۆربەی بڕیارەکان لەژێر باڵی ئەوانەوە دەرچووە، لەدنیای پەیڕەوکارانی ئایینی "مەسیح"دا، پیرۆزییەکی یەکجار زۆری هەبوو، بەشێوەیەك کە لە زۆر شوێندا لەسەرووی دەسەڵاتی سیاسییەوە بوو)[1].

لەم سەردەمانەدا، ئایین لە ڕۆژئاوادا، پەیوەندییەکی تۆکمەی بە دەوڵەتەوە هەبوو. بڕیارە سیاسییەکان لەهەمان کاتیشدا بڕیاری ئایینیش بوون. لەنێو ململانێی و شەڕ و ئاژاوەدا، کۆمەڵگاکان، پارچە پارچە و لێکدابڕاو بوون. شەڕی ئایینی و مەزهەبی، باڵی بەسەر وڵاتەکانیاندا کێشابوو. نەخوێندەواری و نەزانین و نەخۆشییە کوشندەکانیش، بەشێوەیەکی بەربڵاو، بڵاوببوونەوە. کەنیسە ئەوەندەی لە خەمی پتەوکردنی پێگەی خۆیدا بوو، نیو ئەوەندە لە خەمی بژێوی و، گوزەران و دروستی خەڵکدا نەبوو.

ئایینی (مەسیح)، هەروەك لە پەیامەکانیدا دەردەکەوێت، زێتر وەك ئایینێکی ئاشتی و تەبایی و، پێکەوە ژیان ناوزەد کراوە... وەلێ لەلایەن ڕێبەرەکان و، چالاکڤانەکانی کەنیسەوە، بەرەو هەڵدێر و چەواشەکاری بردراوە. بە تێپەڕبوونی کات بڕگەی لێ زیاد کراوە، یان قرتێندراوە.

لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی سەرەوەش، تەواوی ئەو ئایینە دوور نییە لە توندوتیژی و، بە زۆر خۆسەپاندن. (کتێبی ئینجیل کە بە میهرەبان و لێکبووردن بەناوبانگە لە هەندێ شوێندا چەند بڕگەیەك هەیە ئاماژە بە توندوتیژی دەکات: "وا تێنەگەن من هاتووم ئاشتی بۆ زەوی بهێنم، من هاتووم چەك، بگرە شمشێر بێنم، هاتووم کوڕ و

١. ئازادی لە سایەی تیرۆردا، شاهۆ تۆفیق، وەرزە گۆڤاری "پێشهات" ژمارە (١٠)، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل١٥١.

باوك، كچ و دايك، بوك و خەسوو لە يەكتر جيابكەمەوە، ئيدى دوژمنى مرۆڤ و خاو و خێزانەكەيەتى" ئينجيلى مەتى)[1].

لەگەڵ بەهێزى و دەسەڵاتى تەواوى كەنيسەشدا، دەنگ و گرووپى بەرهەڵستكار، توانيويانە جێ پەنجەى خۆيان ديارى بكەن و، گۆڕانكارى و نوێ بوونەوەيەك لەو ئايينەدا بێننە ئارا. هەر هەوڵى ئەوانە بوو، كە زۆر جارانيش بە مەرگى خۆيان تەواو دەبوو، وردە وردە دەسەڵاتى كەنيسە كەم بۆوە و، چالاكڤانەكانيشى بە پەراوێز كران.

لەساڵى (١٦٤٨) لەئاشتبوونەوەى (ڤيسڤاليا)، پەيوەندى نێوان ئايين و دەوڵەت دياريكرا و، كۆتايى بەشەڕى ئايينى هێنرا، كە دواتر بووە كۆڵەگەيەك بۆ جياكردنەوەى ئايين لە دەوڵەت.

پاش ئەوە، ئيدى وردە وردە توانرا سيستەمێك بۆ پەيوەندى نێوان دەوڵەت و خەڵك لەلايەك و، خەڵك و ئايين و خوداش، لەلايەكى ترەوە، دابنرێت و، دەسەڵاتى ئايين سنووردار بكرێت. هەر بە هەوڵى زانا و ڕێبەرە كۆمەڵايەتييەكانى ئەورووپا، لەسەدەى هەژدەهەم، توانرا، كۆتايى بەو شەوەزەنگە بهێنرێت، كە ئەورووپاى خەڵتانى خوێن و، دەرياى فرمێسك كردبوو... ئەو سەدەيە كە بەسەردەمى "ڕێنينسانس بەناوبانگە، خاڵێكى پرشنگدارە لەمێژووى ئەورووپادا".

سەدەى حەڤدەش، كە سەدەيەك پێش "ڕێنينسانس" بوو، دەتوانين بەسەدەى توندوتيژى و، كوشتار و، خوێنڕشتن، ناوزەدى بكەين، چونكە (ئەو سەدەيە بوو ڕەوتى دژ بە چاكسازى ئايينى تێدا باڵا دەست بوو. ئەو سەدەيەى دادگايى "گاليلۆ"ى كرد. "ديكارت"ى ناچار كرد لە فەڕەنسادا رابكات. "سپينۆزا"ى تۆقاند. ئەو سەدەيە سەدەى جەنگە مەزهەبى و ناوخۆييەكان بوو كە سەرتاپاى ئەورووپاى گرتبۆوە. ئەو

١. ئايين. فاشيزم. مەرگ، هاشم ساڵح، وەرگێڕانى، هەورامان وريا قانع، لە بڵاوكراوەكانى مەكتەبى بير و هۆشيارى (يەكێتى نيشتمانى كوردستان)، سلێمانى، ٢٠٠٦، ل١٨.



سەدەيە، سەدەى تيرۆرى تيۆلۆژيا بوو كە هيچى لە تيرۆرى تاليبان و پاشماوەى فەندەمينيتاليزمەكانى ديكەى ئێستا كەمتر نەبوو)[1].

فەڕەنسا و ئەڵمانياش، لەڕووى رووبەر و پێكهاتەى دانيشتوانەوە رۆڵێكى بەرچاويان هەبوو لە نەخشەكێش كردنى مێژووى ئەورووپادا، بەتايبەتيش ئەورووپاى رۆژئاوا... ئەو دوو وڵاتەش بەو سەردەمە تاريكانەدا تێپەڕبوونە و، قوربانييەكى زۆريان بەخشيووە و، بەهەوەنتەش بەو ژيانە باڵا دەستە نەگەيشتوون.

لە فەڕەنسا و بەشێوەيەكى فەرمى لە ٩/١٢/١٩٠٥دا، ئايين لەدەوڵەت جياكرايەوە، كە لەمێژوو و، ساڵنامەى فەڕەنسيدا بە ياساى عەلمانييەت ناودێر كراوە كە زانا (جۆن هۆليوك) بەم شێوەيە پێناسەى كردووە؛ عەلمانييەت باوەڕێكى پتەوە بە عەقڵى مرۆڤ بۆ باشتر كردن و بەڕێوەچوونى ژيان و، دژايەتى هيچ ئايينێكيش ناكات.

لە ئەڵمانياش، هەوڵەكان بۆ جياكردنەوەى ئايين لە دەوڵەت لەكۆتاييەكانى سەدەى نۆزدەوە دەستى پێكرد كە ئامانجيان ئەوە بوو سنوورێك بۆ دەسەڵاتى كەنيسە دابنێن. دەستوورى ئەڵمانياش، دەستوورێكى ديموكراتييە و رێز لە هەموو بير و باوەڕێك دەگرێت و، رێزيش بۆ ئايينى مەسيحى دادەنێت، بەڵام رێگە بەوەش نادات ئەو ئايينە دەست لە كاروبارى سياسى وەربدات.. لەگەڵ ئەو واقيعەشدا، هەروەك (ميشائێل باسە)ى پسپۆڕ لەبوارى ئايين دەڵێت؛ (هەردوو كەنيسەى كاسۆليكى و پرۆتستانت چالاكتر بوون و، دژى ئەو بڕيارە راوەستان، تائێستاشى لەگەڵدا بێت، ئايينى مەسيحى وەك بابەت و، وانەيەكى ئيختيارى، لەژێر چاودێرى راستەوخۆى كەنيسەكانەوە، لە قوتابخانەكاندا دەخوێندرێن)[2].

لەمە بەدواوە، ئايين و ئايينداری لەرۆژئاوادا بەرەو كزبوون و پووكانەوە دەچێت. بەگوێرەى ئامار و راپۆرتەكان، كە لە دەزگا جۆربەجۆرەكانى لێكۆڵينەوەى ئايين و

١. هەمان سەرچاوە، ل٤٢.

٢. الدين والدولة في ألمانيا: فصل نسبي وتأثير غير مباشر للكنيسة، ماڵپەڕى "دۆيتچە فيلە" www.dw-world.de، 2/4/2006.

سەنتەرەکانی راپرسییەوە، بڵاو دەکرێتەوە، ئەو راستییە زۆر بەڕوون و ئاشکرایی بەرجەستە دەبێت.

(رۆناڵد. ف. ئینگلهارد)، توێژەر لەزانکۆی (میشیگان) و، بەڕێوەبەری سەنتەری (راپرسییە جیهانییەکان دەربارەی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان)دا دەڵێت؛ (... حاڵی حازر ئایین لەوڵاتە پیشەسازی و پێشکەوتووەکاندا، رۆڵێکی یەکجار کەم دەگێڕێت و بەشێوەیەکی بەرچاو، هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکان، کەنیسە جێ دەهێڵن).

لە نەرویج و دانیمارك لە (٥٪)ی خەڵك رۆژانی یەك شەممە، بۆ خواپەرستی روو لە کەنیسە دەکەن. هەروەها لە (٤٪)ی سویدییەکان و، لە (٢٪)ە رووسەکان، لەهەمان رۆژدا، هاموشۆی کەنیسە دەکەن.

بەگوێرەی راپۆرتەکان، لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤-١٩٩٣، لەئەڵمانیادا، رێژەی ئەو کاسۆلیکانەی کە ناویان تۆمار کراوە و، بەرێکوپێکی هاتووچۆی کەنیسە دەکەن لە (٢٥,٣٪)وە بۆ (١٩٪) دابەزیووە. پرۆتستانتەکانی ئەو وڵاتەش لەساڵی ١٩٩٢ بەرێژەی (٤٪)، بەشێوەیەکی رێك و پێك، بە کەنیسەوە پەیوەست بوونە.

گۆڤاری (کریستیانی ئەمڕۆ) کە بەزمانی ئینگلیزی دەردەچێت، دەڵێت؛ لە ساڵی (١٩٩٩)دا لە (١٠٪)ی ئەڵمانەکان رۆژانی یەك شەممە دەچنە کەنیسە. هەروەها رۆژنامەی (زی گاردیان)ی بەریتانی دەڵێت؛ (هیچ رۆژێك وەك ئەمڕۆ، ئایینی مەسیحی نابووت و بێهێز نەبووە... ساڵانی ١٩٥٠-٢٠٠٠، بەلای چالاکڤانانی کەنیسەوە، خراپترین و نالەبارترین پەنجا ساڵی ئایینی مەسیحییە و، رێژەی بڕوا نەبوون بە خودا و ئایینی مەسیحی، روو لە هەڵکشانە، ئەو هەڵکشانە، هەر ریزی گەنجەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو بەساڵداچووەکانیش، هەرچەندە پیرتر دەبن، زێتر لە خودا و لەئایین یاخیتر دەبن)[1].

١. رۆژئاوا و ئایین، ئیسماعیل تەنیا، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٦٠٩)، ٢٠٠٥/٣/١، ل١٠.



ئایین لەنێو ئەڵمانەکاندا، ئەو پیرۆزی و بەهایەی جارانی نەماوە، ئەوانەی لە دیکۆمێنتە رەسمییەکاندا، لەخانەی (ئایین) بە مەسیحی تۆمار کراون لە (٦٠٪) تێپەڕ ناکەن و، ئەوانەی بڕوایان بە هیچ ئایینێکیش نییە لەسەرووی (٣٠٪)یەوەن.

لە لێکۆڵینەوەیەکی زەوی و خانوو کە بانکی (دریسدن)ی ئەڵمانی ئامادەی کردووە و، رۆژنامەی (بیلد)، بڵاویکردۆتەوە، ئەوە دەردەخات کە ژمارەی هاموشۆکەرانی کەنیسە روو لە کزییە. (ئەوانەی لە ساڵی ١٩٥٠دا هاتووچۆی کەنیسەیان دەکرد دوازدە ملیۆن کەس بوون، کەچی لە ساڵی ٢٠٠٠دا بوونەتە چوار ملیۆن. توێژینەوەکە دەڵێت؛ پێشبینی ئەوە دەکرێت تەنها لە شاری "ئاخن" تا ماوەی پازدە ساڵی تر، ژمارەی کەنیسەکان لە نۆسەد کەنیسەوە بۆ سەد کەنیسە دابەزێت)[1].

حاڵی هۆڵەنداش گەلێك لە ئەڵمانیا باشتر نییە، ئەگەر خراپتر نەبێت. بەگوێرەی ژمارە و راستییەکانی سەنتەری گشتی سەرژمێرییەکانی هۆڵەندا، رۆڵی ئایین وردە وردە لەکورتی دەدات، لەنێوان ساڵانی (١٩٦٠-٢٠٠٥)یشدا، زۆر بەڕوونی ئەو راستییە دەردەکەوێت. (لەساڵی ١٩٦٠دا، ٢٩٪ بێباوەڕ بووینە و لە ٦٨٪یش بڕوایان بە ئایینی مەسیحی بە کاسۆلیك و پرۆتستانتەوە هەبووە، کەچی لەساڵی ٢٠٠٥دا ٦٤٪یان هیچ باوەڕێکی ئایینییان نەبووە و لە ٣٠٪یشیان بڕوایان بە ئایینی مەسیحی هەبووە)[2].

لەسەرژمێرییەکەدا، ساڵانی ١٩٦٠و ١٩٧٠و ١٩٨٠و ١٩٩٠و ١٩٩٥و ١٩٩٩و ٢٠٠٥، دەستنیشان کراوەو، سەرژمێری و راپرسی تێدا ئەنجامدراوە، لەئەنجامی هەموو سەرژمێری و راپرسییەکاندا، دەرکەوتووە کە هیچ کاتێك باوەڕداری بەسەر بێباوەڕی زاڵ نەبووە. لە هەموو جارەکاندا، ئەوانەی بڕوایان بە ئایینی مەسیحی

١. زیادبوونی مزگەوتەکان لەئەڵمانیا بەرامبەر بەکەمبوونەوەی کەنیسە، ماڵپەڕی (دەنگی ئیسلام)، www.dangiislam.org، 26/11/2006.

٢. ئیمارەتی ئیسلامی هۆڵەندا، رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٤٩.

هەبووە، ساڵ بە ساڵ، باوەڕەکەیان کاڵتر بۆتەوە تا حاڵەتی نەمان. لەبەرامبەر ئەوەشدا، بێباوەڕی روو لە هەڵکشان بووە.

هۆکارەکانی بێهێز بوونی ئایینیش بەگشتی لە رۆژئاوادا، بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١- پەی بردنی زانست و زانیاری بە هەموو نهێنییەکان و، تارادەیەکیش باڵادەستی بەسەر کاروبارەکانی ژیاندا، کە دەتوانێ لەشۆڕشی پیشەسازیدا کورتی بکەینەوە.

٢- دەسەڵاتی بەهێزی ئابووری لە رەنگڕێژکردنی گوزەرانی خەڵك و باڵادەستبوونی (مادده) لە کۆمەڵگاکاندا.

٣- بەرقەرار بوونی زەمینەیەکی لەبار بۆ دەربڕینی بیرورای ئازاد و، سەربەستبوونی تاك لەهەڵبژاردن و، دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە ئایینەی کە خۆی بڕوای پێیەتی، یان بڕوا نەبوون بە هیچ ئایینێك و، پابەند نەبوونی پێیانەوە، ئەمەش لەسایەی شۆڕشی فیکری (رێنیسانس)ەوە لە ئەورووپادا، زەمینەی بۆ خۆشکرا.

٤- باری خراپی ئابووری خەڵك و، ئەو جۆرە مەرجەی کە کەنیسە بۆ باوەڕدارانی (مەسیح)ی داناوە، کە لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەورووپادا، کەسی باوەڕدار دەبێت بەشێك لەداهاتی مانگانەی وەك ئابۆنە پێشکەش بە کەنیسە بکات.

٥- رۆڵی خراپی کەنیسە لە رابردوودا، کە هەردەم پشتگیری لە رژێمە دیکتاتۆرەکان کردووە و، بە تەنگ داواکاری خەڵك و، ئازادی رادەربڕینەوە نەبووە. نموونەی پشتگیریکردنی لە دیکتاتۆرەکانی وەك (فرانکۆ) لە ئیسپانیا و، (هیتلەر) لە ئەڵمانیا و، (مۆسۆلینی) لە ئیتالیا، بەم دواییەش لە گەنەراڵ (پینوویشە)ی دیکتاتۆر[1].

١. دەربارەی کۆمەڵگا و وڵاتە موسڵمانەکانیش، رێکخراوە ئایینییەکان کەخۆیان لە مزگەوتدا بەرجەستە دەکەن، هەمان رۆڵی خراپی کەنیسەیان گێڕاوە لە پشتگیریکردن و بێدەنگی هەڵبژاردن، لە ئاست دەسەڵاتدارە ملهوڕەکان و، رۆژێك لە رۆژان، ئەو لایەنانە کە بانگەشە بۆ ئیسلام و، بەرقەرار بوونی دەسەڵاتی ئیسلام لەسەر زەوی دەکەن، کار و کردەوەی ئەو رژێمە دیکتاتۆرانەیان مەحکوم نەکردووە، بەڵکو بوونەتە پاشکۆیەك و، لەهەندێك جارانیشدا وەك بڵندگۆیەك، ریکلامیان بۆ کردوون.



رۆژێك لەرۆژانیش، کەنیسە ئەو رەشەکوژییەی نێوان ئایینزاکانی لەسەدەکانی رابردوو، جینۆسایدکردنی جوولەکەکان لەسەر دەستی هیتلەر، لەشەڕی دووەمی جیهانیدا، مەحکوم و ریسوا، نەکردووە.

٦- پیر بوونی ئایینیش، خۆی لەخۆیدا هۆکارێکە بۆ کاڵبوونەوە و، بەرەو هەڵدێر چوونی.

بەکورتی، بێهێز بوونی ئایین و، رۆڵ و دەسەڵات نەمانی لەئەورووپادا، شتێکی بەرچاوە و، تەواو لە کەنیسەدا گۆشەگیر کراوە... ئایین وەك جاران ئەو هۆکارە نییە کە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان، بەڕێوەببات و، خۆی لە هەموو شتێك هەڵبقورتێنێ، بەڵکو بۆتە تایبەتمەندییەکی کەسی و، ئەو پەیوەندییە گیانییە رێکدەخات، کە لەنێوان تاك و خودادا، هەیە.

# ڕەوەندی ئیسلامی لە ڕۆژئاوادا

## سەرەتایەکی مێژوویی

سەرهەڵگرتن و جێلەق بوونی تاك یان گرووپ، جا بە هەر مەبەستێك و هۆکارێك بووبێت، لەبەرەبەیانی مێژووەوە بوونی هەبووە و، لەپێناوی مانەوە و، دابین کردن و، خۆگونجاندن، ئەو ڕێگەیەیان هەڵبژاردووە، بەهۆی لەسەر یەك بوونی سنوور و، هەڵگیرساندنی ئەو شەڕ و شۆڕە یەك لەدوای یەکانەی کە لەنێوان وڵاتانی ئیسلامی و، جیهانی ئەورووپا و ڕۆژئاوادا، بەهەزاران کەس، جێگا و ڕێگای خۆیان گۆڕیووە و، پەراگەندەی وڵاتانێك بووینە، کە لەڕووی جوگرافی و، مێژوویی و، ئەتنی و، ئایینی و، مورالەوە، بەرێژەیەکی یەکجار زۆر، جیاوازی هەبووە لەگەڵ زێدەکەی خۆیان.

دیاریکردن و دانانی هێڵێکی بەیانی، بۆ مێژووی بوونی ڕەوەندی ئیسلامی لە ئەورووپادا، شتێکی ئەستەم و، ئاڵۆزە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ نزیکبوونەوە و، دەستنیشانکردنی قۆناخێك بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان، دەتوانین شتێك بە شتێك بکەین، ئەگەر زۆر تەواو و، تۆکمەش نەبێت.

دیارە پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەبی، هەر لەوێدا ڕانەوەستا و، بەڕێگای شەڕ و ئاشتییەوە، پەل و پۆی بۆ هەر چوار لای خۆی هاویشت. لەسەردەمە جیاجیاکانی بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینەش، بەشێك لەشەڕەکان کەوتنە کێشوەری ئەورووپا. هەڵبەتە بەردەوامبوون و، درێژەدان بەو پرۆسەیەش سەرەڕای پێویستی بە توانای ماددی و مەعنەوی، پێویستی بەهێزی مرۆڤییەوەش هەبووە، هەر بۆیەش بە هەزاران سەربازی ڕێگای بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە، بەنیازی گەیاندنی پەیامەکەیان، ڕێگای ئەورووپا و ڕۆژئاوایان گرتۆتەبەر.



دەتوانین بڵێین، یەکەم ڕەوەندی ئیسلامی لەساڵی (٨١)ی کۆچی، بەرامبەر بە ساڵی (٧٠٠)ی زایینیدا دروست بووە، واتە بەر لەداگیرکردنی ئەندەلووس کە لەساڵی (٩٣)ی کۆچیدا داگیرکراوە. ئەو دروست بوونەش لەئەنجامی ئەوەوە بووە کە کۆمەڵێك موسڵمانی توونسی، بۆ دوورگەی (قەوسەرە)ی باشووری ئیتالیا کۆچیان کردووە[1].

هەر لەمیانەی فتوحاتی ئیسلامیدا، (تاریق بن زیاد) درێژەی بە جەنگەکانی خۆیدا و، تا لەساڵی (٧١١)ی زایینیدا توانی وڵاتێکی ئەورووپی وەك ئیسپانیا داگیر بکات و، دامودەزگای ئیسلامی لێدابمەزرێنێت... لەگەڵ ئەو داگیرکردنەش، بە هەزاران موسڵمان، چ وەك هێزێکی سەربازی، یان وەك هاونیشتمانییەك، لەو وڵاتەدا مانەوە و، بە تێپەڕبوونی کاتیش، بوونی خۆیان لەوێدا سەلماند. دوای ئەو داگیرکردنەش، بەهۆی نزیکی و، هاوسنووری فەڕەنسا لەگەڵ ئەو وڵاتە، کۆمەڵێك لەو موسڵمانانەی کە لەگەڵ سوپاکەی (تاریق)دا بوون، لەساڵی (٧١٦)ی زایینیدا، توانییان لەچیای (برینییە)ی نێوان فەڕەنسا و ئیسپانیا بپەڕنەوە و، شاری (ناربۆن) داگیربکەن و، کەنیسەی شارەکە بکەنە مزگەوت. پاش ئەوە، ئەو سوپایە لەساڵی (٧٢١)دا، بەسەرکردایەتی (السمح بن مالیك)، توانییان بگەنە دەوروبەری شاری (تۆلۆز)ی فەڕەنسی[2]. هەندێکی تریشیان لەساڵی (٨٢٠)ی زایینیدا، لەشارەکانی (لیۆن، لۆز، ئەلرۆن)ی فەڕەنسیدا، جێگیر بوون و، بوونە بەردێکی تر بۆ داڕێشتنی بناغەی ڕەوەندی ئیسلامی لە ئەورووپادا.

---

١. الأقليات الاسلامية في أوروبا.. تأريخ مشرف، محمود بيومي، ماڵپەڕی ئیسلام تودەی، www.islamtoday.net، 7/6/2006.

٢. التسامح الديني ينعش الاسلام في القارة البيضاء، عدنان أبو زيد، ماڵپەڕی www.elaph.com، 30/11/2006.

پاش ئەوە، کۆچکردنی موسڵمانانی باکووری ئەفەریقیا، بەردەوام بوو و، لەساڵی (٨٣١)ی زایینیشدا، کۆمەڵێکی تر بەرەو یۆنانستان بەرێکەوتن و، لە دورگەکانی (کریت و رۆدس) گیرسانەوە[١].

پاش کۆتایی هاتنی جەنگ و فتوحاتەکانی (تاریق) و، سەرکردەکانی دوای ئەویش، بەهاتن و سەرهەڵدانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، کە خۆیان بەدرێژەپێدەری خەلافەتی ئیسلامی ناسدەکرد، ئەو شەڕ و داگیرکارییە بەردەوامبوو و، بەرەنجامەکەشی، چەندان وڵاتی تری جیهانی (مەسیح)یان، خستە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان...

عوسمانییەکان، بەسەرکردایەتی سوڵتان (محەمەد فاتیح)[٢] ، لەساڵی (١٤٥٣)دا، توانییان شاری (قوستەنتینییە) لەدەست بێزەنتییەکان دەربهێنن و ناوەکەشی بگۆڕن بۆ (ئیستەنبوڵ). هەر بەوەش نەوەستان و توانییان یۆنانستانیش داگیربکەن و، نزیکەی چوارسەد ساڵ حوکمی تێدا بگێڕن. لەسەدەکانی شازدە و

---

١. الأقليات الاسلامية في أوروبا، محمود بيومى، ماڵپەڕی www.islamtoday.net، 7/6/2006.

٢. محەمەد فاتیح یەکێکە لە سوڵتانە بەهێزەکانی عوسمانی و، ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتییەکانی لە شاری (قوسەنتنییە) دەرکرد. خودی خۆی سەرکردایەتی سوپای کردووە لە گەمارۆگان و، داگیرکردنی (بەلگراد)ی پایتەختی سربەکان. هەروەها یۆنانستان و بۆسنیا و هەرسك و ئەلبانیای کردە بەشێك لە ئیمپراتۆرییەتەکەی خۆی. لەساڵی (١٤٢٦)دا رۆمانیای داگیرکرد. لە ساڵی (١٤٧٦)یشدا هەنگاریا و مۆڵداڤیای داگیرکرد. تۆژەری ئەڵمانی (ئۆدۆ ئۆلفکۆتە) لە کتێبەکەی (شەڕ لە شارەکانماندا) دەڵێت: موسڵمانە توندڕەوەکان دەیانەوێت ئەڵمانیا داگیر بکەن. سەرم سوڕماوە لە هەڵسوکەوتی موسڵمانە تورکەکانی سەر بە رێکخراوی (میللی گۆرش).. ئەو تورکانە زۆربەی مزگەوتەکانیان بە ناوی (فاتیح) کردووە.. (ئۆدۆ) لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت، تورکەکان تا ئێستاش مەستی ئەو رۆژگارەن و، هۆی سەرەکی ناونانی مزگەوتەکانیشیان بە ناوی (فاتیح)، بە تایبەتیش لە ئەڵمانیادا، بۆ درێژ بوونەوەی ئیسلام لەو سەردەمەدا، بۆ قولاّیی ئەورووپا دەگەڕێتەوە.



حەڤدەشدا، مەجەرستان ماوەی (١٥٠) ساڵ لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بووە. ئیتر وردە وردە، توانیویانە بەرەو قوڵایی ئەورووپا خشپە بکەن و، دامەزراوەی خۆیانیان تێدا دابمەزرێنن.

پاش رووخان و بێ هێز بوونی عوسمانییەکانیش، هێرشی پێچەوانە دەستی پێکرد، ئەمجارەیان وڵاتانی رۆژئاوا و ئەورووپا، کەوتنە داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامی... لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و، سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئەو وڵاتانە، توانییان بەشی هەرە زۆری وڵاتانی عەرەبی و، ئیسلامی داگیر بکەن. سەرەڕای بوونی بەرگریش، ئەورووپاییەکان توانییان هەست و سۆزی بەشێك لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ لای خۆیان رابکێشن و، بیانکەنە داردەستێك بۆ بە ئاکام گەیاندنی مەرامەکانییان.

پاش کۆتایی هاتنی سەردەمی داگیرکاری و، سەربەخۆ بوونی وڵاتە داگیرکراوەکان و، دواتریش دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەردەمێکی تازە دەستی پێکرد... ئەو خەڵکانەی کە رۆژێك لەڕۆژان، داردەستی داگیرکەرەکان بوون، نەیانتوانی لەسەر زێدی خۆیان، درێژە بە ژیان بدەن و، بە ناچاری بەرەو وڵاتە رۆژئاواییەکان کۆچیانکرد. هەر بۆ نموونە: لەساڵی ١٩٥٤، پاش رزگاربوونی جەزائیر لەژێر دەسەڵاتی فەڕەنسادا، کۆمەڵێکی زۆر لەو جەزائیرییانەی کە هاریکار و جاشی فەڕەنسا بوون، کە بە چوار سەد هەزار کەس مەزەندە دەکران بەرەو فەڕەنسا کۆچیان کرد[١].

هەروەها لەنێوان (١٩١٢-١٩٥٥)دا وڵاتی مەغریب لەژێر دەسەڵاتی فەڕەنسادا بوو، هەر بۆیەش خەڵکێکی زۆری ئەو وڵاتە روویان لە فەڕەنسا کرد و، ئەوێیان کردە وڵاتی خۆیان.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووەم، بە ماوەیەکی کەم، وڵاتانی ئەورووپا، بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکانیان، پێویستییەکی زۆریان بەدەستی کاری هەرزان هەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش فەڕەنسا بە هەزاران مەغریبی و جەزائیریی هێنا و، لە بوارەکانی

---

١. ئیمارەتی ئیسلامی هۆڵەندا، رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم، ل٢٠٤.

ئاوەدانکردنـــەوەدا خـــستنیە کـــار... ئـــەڵمانیاش، بـــە حـــوکمی دۆســـتایەتی و هاوپەیمانییەتی لەگەڵ تورکیادا، لەسەرەتای شەستەکاندا (سەدەی رابردوو) بە گوێرەی گرێبەستێك لەگەڵ ئەو وڵاتە، بە هـەزاران کرێکـاری گوندنـشینی تورکیـای هێنایـە وڵاتەکەی... هۆڵەنداش بە هەمان شێوە.

بەهۆی شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکانیشەوە، لە کۆتـایی پـەنجاکانی سەدەی رابردووەوە، بە هەزاران فەلەستینی لـە رێگـای رێکخراوەکـانی (UN)ەوە، وەك پەنابەر هاتنـە ئـەورووپا. پـاش داگیرکردنـی ئەفغانـستان لەلایـەن (یـەکێتی سۆڤیەتی جاران) لە ساڵی ١٩٧٩دا، ئەفغان گەلێکی زۆر بـەرەو ئـەورووپا هـاتن. هەروەها کاتێك کە ئیسرائیل لە سـاڵی ١٩٨٢دا لوبنـانی داگیرکـرد، کۆمـەڵێکی یەکجار زۆری فەلەستینی و لوبنانی و سـوریایی و ئـوردنی، بـەرەو ئـەورووپا بـە تایبەتیش ئەڵمانیا هاتن و تێیدا گیرسانەوە.. هەندێکی تریشیان بەرەو وڵاتـەکانی ئەسکەندنافیا کۆچیان کرد.

هەڵبەتە ئەو خەڵکانەش، چ ئەوانەی بە سیفەتی دەستی کـار و، چ ئەوانـەی وەك پەنابەر لەوڵاتانی رۆژئاوادا جێگیر ببوون، بە کەڵك وەرگرتن لـە یاسـای کۆکردنـەوەی خێزان، توانییان، خێزانەکانیشیان رابکێشن.

ئـەو رەوەنـدە، وردە وردە، لـەڕووی ژمـارەوە، رۆژ بـەڕۆژ روو لـە زیـاد بـوون گەشەیان کرد و، جێ پێی خۆیان لە ئەورووپادا کردەوە و، توانییـان بـوونی خۆیـان بسەلمێنن. چ ئەوانەی کە بە پاشماوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەکان دەژمێردرێن و، چ ئەوانەی وەك دیلی شەڕ و، دەستی کار و، داردەستی و، پەنابـەر، چارەنووسـیان بەرۆژئاوا گەیشتووە، بەهۆی زۆربوونی رێژەی زاوزێوە، توانیویانـە، دوو سـێ نـەوە لەدوای خۆیان بەجێ بهێڵن، کە بەشێکیان لە شوێنە گرنگەکانی بڕیار و دەسەڵاتدا، جێگای خۆیان کردۆتەوە.

# مزگەوتەکانی رۆژئاوا

## ★ فەرەنسا

رووبەری ئەو وڵاتە (٥٤٧٠٢٦) کیلۆمەتری چوارگۆشە و، ژمارەی دانیشتوانەکەی (٦٢,٤٠٠,٠٠٠) کەسە. سنوورەکانی بە وڵاتانی (ئەندۆرا، مۆناکۆ، بەلجیکا، لۆکسمبۆرك، ئەڵمانیا، سویسرا، ئیتالیا، ئیسپانیا)وە، گرێدراوە، پایتەختەکەی (پاریس)ە و، ژمارەی دانیشتوانی دوو ملیۆن و دوو سەد هەزار کەسە.

لەڕووی رەگەزەوە، رێژەی لە (٩٤,٤)فەرەنسی و، (٠,٨٪)مەغریبی و، (١٪)پورتوگالی و، (٣,٨٪)رەگەزی ترن. لەڕووی ئایینەوەش، لە (٨٣٪)یان کاسۆلیك و، (٢٪)پرۆتستانت و، (٥٪)موسڵمان و، (١٪)جوولەکە و، (٩٪) بیروباوەڕ و ئایینی ترن[1].

ئایینی ئیسلام بە دووەم ئاین دێت و، بەگوێرەی نوێترین سەرچاوە، نزیکەی شەش ملیۆن موسڵمان لەو وڵاتەدا دەژین[2]، کە رێژەی لە (٧٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن. ئەو ژمارەیە، لە (٥٣) دەوڵەتی جیاجیاوە هاتوون و، جگە لەزمانی فەرەنسی بە (٢١) زمانی جیاواز دەدوێن... زێتر لەیەك ملیۆنیشیان رەگەزنامەی فەرەنسییان هەیە. بە سوود وەرگرتن لە یاسای بنەڕەتی وڵات و، ئازادی رادەربڕین و خوداپەرستی، توانیویانە (١٦٠٠) مزگەوت و بنکەی خواپەرستی دروست بکەن، یان بکەنەوە[3].

---

١. ماڵپەڕی www.dw-wold.de، نەخشەی ئەورووپا.

٢. التسامح الدینی ینعش الاسلام في القارة البيضاء، ئیلاف، ٢٠٠٦/١١/٣٠.

٣. مسجد (ينولوك) في (كان) الفرنسية، ماڵپەڕی ئیسلام ئۆن لاین www.islamonline.net، 10/1/2007.



مزگەوتی گەورەی پاریس، کۆنترین و بەناوبانگترین مزگەوتە لەو وڵاتە و، مێژووی دروستکردنەکەی بۆ ساڵی ١٩٢٦ دەگەڕێتەوە. ئەو مزگەوتە، زێتر تایبەتە بە جەزائیرییەکان و، لەلایەن ئەو وڵاتەوەش یارمەتی و کۆمەکی پێدەبەخشرێت. لەڕووی ئایدۆلۆژیاوەش، بە مزگەوتێکی میانڕەو و، ئاراستەی ئیسلامی مۆدێرن، دێتە ژماردن. چاودێران پێیان وایە لەڕۆژانی جەژندا، (٢٥-٣٠) هەزار موسڵمان، بۆ بەجێگەیاندنی رێ و رەسمەکانی جەژن و، نوێژکرن، رووی تێدەکەن. دوای ئەویش، مزگەوتی (دەوحە) لەپاریس، بە دووەم مزگەوت دەژمێردرێت و، لەڕۆژانی هەینیدا زێتر لە (١٥٠٠) کەس، نوێژی تێدا دەکەن، تا سەرەتای ساڵی (٢٠٠٥)یش، نزیکەی هەزار و پێنج سەد پێش نوێژ و وتارخوێن (ئیمام و خەتیب)، بەشێوەیەکی فەرمی لەدەزگا رەسمییەکاندا، تۆمار کراون[1].

ئەو رەوەندە، خاوەنی دەیان کۆمەڵە و رێکخراوی جۆر بە جۆرن، کە گرنگترینیان ئەمانەن[2]:

١- یەکێتی رێکخراوە ئیسلامییەکان لە فەرەنسا: لەساڵی ١٩٨٢دا دامەزراوە و، بریتییە لە سێ سەد کۆمەڵە کە دیارترینیان (لاوە موسڵمانەکانە).

٢- مزگەوتی گەورەی پاریس، سەرپەرشتی حەفتا مزگەوت دەکەن.

٣- فیدراڵییەتی نیشتمانی موسڵمانەکانی فەرەنسا: لە عەرەبەکانی مەغریب پێکهاتوون و، مەغریب هاریکارییان دەکات، سەرپەرشتی چەند مزگەوتێك لە دەوروبەری پاریس و، رۆژهەڵاتی فەرەنسادا دەکەن.

٤- کۆمەڵەی دەعوە و تەبلیغ: چالاکی ئەو رێکخراوە زێتر لەنێو پۆلی یەکەمی پەنابەرەکانی سەرەتای ساڵی (١٩٦٨) دایە.

---

١. العداء (المستتر) لمسلمين أوروبا يتكشف في ٢٠٠٤، محمد جمال عرفة، ماڵپەڕی ئیسلام ئۆن لاین، ٢٠٠٥/١/٢٥.

٢. مسلمو فرنسا الاكثر إندماجا في المجتمع، حسام الدين مصطفى، ماڵپەڕی (ئیسلام تودەی)، ٢٠٠٧/٣/١٠.

٥- لیژنەی تەنسیقی موسڵمانە تورکەکان لە فەڕەنسا: سەر بەڕێکخراوی (میللی گۆرش)ن، سەرپەرشتی ١٥٠ مزگەوت دەکەن.

٦- یەکێتی کۆمەڵە ئیسلامییەکانی ئەفریقی لە فەڕەنسا: ئەوانە زۆر ڕێکخراو نین، سەرپەرشتی هیچ مزگەوتێك ناکەن.

مزگەوتی (عوسمان)یش، مزگەوتێکی تازەیە و، لەڕووی بیناسازییەوە، قوبە و منارەی نییە و، لەسەر شێوەی ئەپارتمانەکانی ئەورووپا لە ساڵی ٢٠٠٦ لەباشووری ڕۆژهەڵاتی فەڕەنسا، لەسەر ڕووبەری (١٢٠٠) مەتری چوارگۆشەدا، دروستکراوە، کە شوێنی هەزار نوێژکەری تێدا دەبێتەوە.

بەهۆی زۆری موسڵمانەکان و، نەبوونی مزگەوت لەهەموو شارەکاندا و، هەبوونی هەست و گیانی تەبایی و، یەکتر قەبووڵکردن، لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، زۆر جاران، کەنیسەکان، دەرگای خۆیان بۆ موسڵمانەکان، دەخستە سەر پشت، تاوەکو بێن نوێژو ڕێ و ڕەسمە ئایینییەکانی خۆیانیان تێدا ئەنجامبدەن. لەساڵی (٢٠٠٤)دا کۆمەڵێك نووسەری فەڕەنسیو موسڵمان، کتێبێکیان لەسەر مێژووی مزگەوتەکانی فەڕەنسا، بەناوی (سەربردەی مزگەوتەکان)، چاپکرد. یەکێك لەموسڵمانەکان لەدوو توێی ئەو کتێبەدا، ژیانی ڕابردووی ئەو ڕەوەندە دەور دەکاتەوە و، لەو بارەیەوە دەڵێت، (... کەنیسەی پرۆتستانتی "سانت ماتی" لەستراسبۆرگ، بواریان پێدەداین، ڕۆژانی هەینی، نوێژ لەو کەنیسەیەدا بکەین. بۆ ئەو مەبەستە، تا تەواوبوونی نوێژەکانمان، بەپارچە قوماشێك خاچەکەمان دادەپۆشی... بۆیە تائێستاکەش، موسڵمانەکان، بەو کەنیسەیە دەڵێن، مزگەوتی "سانت ماتی")[1].

بەهۆی زۆری ئەو ڕەوەندە و، کاریگەرییان لەسەر ژیانی ئەو وڵاتە، خەڵکێك ناچار بووینە، لێکۆڵینەوە و سەرژمێری ئەنجامبدەن و، لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیفەکانی ئەو ڕەوەندە، لەڕووی ئابووری و سیاسی و، دەروونییەوە، شیبکەنەوە.... ئەو بابەتە،

---

١. "حکایات المساجد" یؤرخ لمساجد الألزاس، ماڵپەڕی "ئیسلام ئۆن لاین www.islamonline.net، 28/6/2004".



دەیان سەنتەر و ڕۆژنامە و، ڕۆژنامەنووسی سەرقاڵکردووە و وایلێکردوون، بەشێوەیەکی جددی و بەرفراوان، ئاوڕ لەم ڕەوەندە بدەنەوە و، تیشکێك بخەنە سەر ژیان و کولتووری تایبەتییان.

"ئەکسافیە تەریزیان"ی ڕۆژنامەنووس لە کتێبەکەیدا (فەڕەنسا و مزگەوتەکان)، دەربارەی ژیانی ئایینی لەڕابردوو و، ئێستایان، بەم شێوەیە دەدوێت، (... نەوەی یەکەمی موسڵمانەکان، لەبەر نەبوونی مزگەوت، لەشوێنی کارکردنیان، لەژوورێك، یان لەچاپخانەکان، نوێژیان دەکرد... بەڵام نەوەی دووەم و سێیەم، وردە وردە، هەستیان بەونکردنی ناسنامە لەڕووی نەتەوەیی و ئایینییەوە دەکرد، بەتایبەتیش لەدوای شەڕی دووەمی کەنداو ١٩٩١و، ڕاپەڕینی یەکەم و دووەمی فەلەستینییەکان. هەر ئەم ڕووداوانەش، گیان و خوێنێکی تازەی بە بەر ئەو نەوەیەدا کرد و، هانیدان زێتر خەریکی خۆناسکردن و، خۆ دۆزینەوە بن. ڕووکردنە مزگەوتەکانیشیان، بە باشترین هۆکار زانی بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئەو ناسنامەیە)[1].

بەهۆی پەیوەندییە مێژووییەکان و، نزیکی سنوور و ژێردەستەییەوە، جەزائیرییەکان بە پلەی یەکەم و، مەغریبییەکان بە پلەی دووەم، ڕێژەی پێکهاتەکانی ئەو ڕەوەندە پێکدەهێنن. ئەو دوو وڵاتە ماوەیەکی زۆر، ژێردەستەی فەڕەنسا بووینە و، لەڕووی لێکتێگەیشتنەوە گرفتێکی ئەوتۆیان نییە، چونکە تائێستاکەشی لەگەڵ بێت عەرەبەکانی جەزائیر، ناتوانن بەزمانی دایك (عەرەبی) بنووسن و بخوێننەوە، هەر بەزمانی فەڕەنسیش دەدوێن. بەگوێرەی قسەی جەزائیرییەکانی دەرەوە، دەوڵەت، دوای ساڵی (٢٠٠٠)، واخەریکە وردە وردە، قوتابخانە بەزمانی عەرەبی بکاتەوە.

---

١. مساجد فرنسا خرجت من الأقبیة، ماڵپەڕی www.islamonline.net، 5/6/2004.

## ★ ئەڵمانیا

ئەڵمانیا، لەڕووی رووبەری خاك و، ژمارەی دانیشتوان و پێگەی ئابووری و تەكنۆلۆژییەوە، بە یەكێك لەوڵاتە گرنگ و پڕ بایەخەكانی ئەورووپا دەژمێردرێت. خاكەكەی (٣٥٧٠٢٣) كیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، سنوورەكانی لەگەڵ هەریەك لە (بەلجیكا و دانیمارك و فەرەنسا و لوكسمبۆرگ و هۆڵەندا و نەمسا و پۆڵەندا و سویسرا و كۆماری چیك)ەوە، گرێدراوە. ژمارەی دانیشتوانی هەشتا و دوو ملیۆن و نیوە، كە رێژەی (٩١,٥)یان ئەڵمانی و، (٢,٤٪)یان تورك و، (٦,١٪)یان رەگەزە جۆربەجۆرەكانی ترن.

لە رووی ئایینی دانیشتوانەوەش، لە (٣٣٪)یان كاسۆلیك و، لە (٣٣٪)یان پرۆتستانت و، لە (٣٪)یان موسڵمان و، لە (٠,١٪)یان جوولەكەن. ئەوانەی تریش سەر بە ئایینە جۆربەجۆرەكانی ترن، یان خاوەنی هیچ جۆرە ئایین و، بیر و باوەڕێك نین.

توركەكان، لەڕووی ژمارەوە، گەورەترین رەوەندی ئیسلامی لەو وڵاتە پێكدەهێنن، كە نزیكەی سێ ملیۆن دەبن. دوای ئەوانیش، عەرەبەكان دێن كە لە سەرووی (٣٥٠تا ٤٠٠) هەزارێك دەبن.

لەڕووی مێژووییەوە، بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەكان، دەتوانین بوونی ئەو رەوەندە لەم وڵاتەدا، بۆ ساڵی (١٧٣٩)و، سەردەمی شا (فریدریك فیلهلم)ی یەكەم بگەڕێنینەوە. لە ساڵی (١٧٣١)ی زایینیش، یەكەم مزگەوت لەشاری (پۆتسدام) بۆ سەربازە توركەكان، دروستكراوە[1] نەوەد ساڵێك لەمەوبەریش مزگەوتی دووەم[2] لەڕێكەوتی ١٩١٥/٧/١٣دا، لەكاتی شەڕی یەكەمی جیهانیدا، لەناوچەی (فۆنسدۆرف)ی سەر بەشاری (بەرلین) دروستكراوە.

---

١. زیادبوونی مزگەوتەكان لەئەڵمانیا بەرامبەر كەمبوونەوەی كەنیسە، ماڵپەڕی (دەنگی ئیسلام)، www.dangiislam.org، 26/11/2006.

٢. هەندێك كەس پێیان وایە ئەوە یەكەم مزگەوتە لەئەڵمانیا، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: نظرە علی تأریخ الوجود الاسلامی في ألمانیا، ماڵپەڕی www.dw-wold.de، رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٣. هەروەها



كاتێك كە دیلەكانی شەڕ بەرەو زیاد بوون دەچوون، دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا بیریان لەوە كردەوە كە مزگەوتێك بۆ دیلەكانی شەڕ (موسڵمانەكان) دروست بكەن. موسڵمانەكان لە كەمپێكدا لەنزیك بەرلین بەناوی كەمپی (هیلال)، كۆكرابوونەوە، كە ژمارەیان خۆی لە پازدە هەزار كەسێك دەدا.ئەوانە سەر بەرەگەزەكانی (مەغریبی و جەزائیری و هیندی و سێبیری و سەنگالی و تەتەر) بوون[1].

ئەو دیلانە، لەلایەن لێپرسراوانی كەمپەكەوە، هەموو جۆرە ئازادی و، مافێكیان بۆ دابین كرابوو، بەتایبەتیش دەربارەی بەجێگەیاندنی رێ و رەسمە ئایینییەكانی ئیسلام، وەك نوێژكردن و رۆژووگرتن و، خۆپاراستن لە خواردنی حەرام و، گرێدانی بازنەی رۆشنبیری ئایینی و... تاد. هەر بۆ ئەم مەبەستەش، مزگەوتێكیان بۆ دروستكردن. ئەو مزگەوتە بریتی بوو لەبینایەكی لە تەختە دروستكراو، كە بەرزاییەكەی دوازدە مەتر و، منارەكەشی (٢٣) مەتر بەرز بوو. جێگای چوار هەزار نوێژكەریشی لێ دەبۆوە. لەلایەن سوڵتانە عوسمانییەكانیشەوە، خواردن و خواردنەوە و، گۆشتی حەڵاڵیان بۆ دابین دەكرا. پاش كۆتایی هاتنی شەڕی یەكەمی جیهانیش، دیلەكان ئازاد كران. زۆربەیان گەڕانەوە وڵاتەكانی خۆیان، بەشێكی كەمیشیان بەویستی خۆیان لە ئەڵمانیا مانەوە و ئەو وڵاتەیان كردە دووەم نیشتمانی خۆیان.

موسڵمانەكان، بەتایبەتیش لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن (هیتلەر)ەوە، لەساڵی (١٩٣٣)دا، بازنەی ئازادییەكانیان لێ تەسك كرایەوە و، پاڵەپەستۆیەكی زۆریان خرایە سەر... هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی كە زۆربەیان شاری (بەرلین) بەجێ بهێڵن و، پەرتەوازە بن. دوای تەواو بوونی شەڕی جیهانی دووەم و، شكست هێنانی ئەڵمانەكان و، بەرقەرار بوونی زەمینەی ئازادییەكان، موسڵمانەكان، وردە وردە خۆیان كۆكردەوە و، رێكخراو و كۆمەڵەی تایبەت بە خۆیان، دامەزراند. حاڵی حازر،

---

بابەتی، التسامح الدینی ینعش الاسلام في القارة البیضاء ـ عدنان أبو زید، ماڵپەڕی (ئیلاف) www.elaph.com، 30/11/2006.

١. بڕوانە، هەر دوو سەرچاوەی پێشوو.

نزیکەی سێ ملیۆن و حەوت سەد هەزار موسڵمان، بەشێوەیەکی فەرمی لەو وڵاتەدا دەژین و[1]، دەستووریش ئازادییە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانیان، بۆ دابین کردوون. زێتر لە حەفتا ڕێکخراوی ئیسلامی لەو وڵاتەدا هەن و، سەرپەرشتی (٢٥٠٠) مزگەوت دەکەن. لەناو ئەو ڕێکخراوانەدا چوار ڕێکخراوی گەورەی ئیسلامی بەدیدەکرێن، کە ئەمانەن:-

١- یەکگرتووی تورك بۆ کاروباری ئایینی ئیسلامی (DITIB)[2]: حەوت سەد و پەنجا مزگەوتیان هەیە کە (٢٢٠) هەزار کەس ئەندامن و، هاموشۆی ئەو مزگەوتانە دەکەن. ئەو ڕێکخراوە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە سەرپەرشتی دەکرێت و، ئیمام و وتارخوێنی بۆ دەنێردرێت.

٢- ئەنجوومەنی موسڵمانەکان لەکۆماری ئەڵمانیای فیدراڵدا: خاوەنی حەوت سەد مزگەوتن و، (١٣٦) هەزار ئەندامیان هەیە. ڕاستەوخۆ لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیاوە، سەرپەرشتی دەکرێت.

٣- ئەنجوومەنی باڵای موسڵمانەکانی ئەڵمانیا: دوکتۆر (نەدیم عەتا ئەلیاس)ی بە ڕەگەز سعودی سەرۆکایەتی دەکات و، خاوەنی چوارسەد مزگەوتن و، نزیکەی هەشتا هەزار ئەندامیان هەیە.

٤- میللی گۆرش (MILLI GORUS): ڕێکخراوێکی ئیسلامی پەڕگیرە و، سیاسەتمەدار (نەجمەدین ئەربەکان) دایمەزراندووە و، ئێستاکەش بە ناڕاستەوخۆ سەرپەرشتیان دەکات. زێتر لە (٢٦) هەزار ئەندامیان هەیە و، سەرپەرشتی سەدان مزگەوت دەکەن.

---

١. بناء المساجد في ألمانيا بين الحرية الدينية والصراعات الأجتماعية، ماڵپەڕی www.dw-wold.de، 10/6/2005.

٢. لە تورکیادا، وەزارەتێك بەناوی وەزارەتی ئەوقاف، بوونی نییە. بەڕێوەبەرایەتییەك بەو ناوونیشانە هەیە و، (عەلی پەرداخ ئۆغلو)، سەرپەرشتیی دەکات.



پەیمانگای ئەرشیفی ئیسلامی، لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەڵێت؛ تاساڵی ٢٠٠٤، (١٤١) مزگەوتی ئاسایی (خاوەن قوببە و منارە) لە ئەڵمانیادا هەبووە. تاکۆتایی ساڵی (٢٠٠٦)یش بۆتە (١٥٩) مزگەوت و، چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت، ئەو ژمارەیە زێتر ببێت چونکە (١٢٨) مزگەوتی تر، لە قۆناخی دروستکردندان[1].

هەر بۆ زێتر خستنەڕووی ژمارەی موسڵمانەکان و، دەستنیشانکردنی مزگەوتەکانیان، چەند شارێکی ئەو وڵاتە هەڵدەبژێرین:

**- بەرلین:**

پایتەختی ئەڵمانیایە و، ژمارەی دانیشتوانی (٣,٣٨٨,٤٣٤) کەسە. ڕووبەری خاکەکەی (٨٩١٦٩) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، چڕی دانیشتوان لە هەر کیلۆمەترێکدا (٣٨٠٢) کەسە[2]. زێتر لە دوو سەد نەتەوە و ئەتنی جیاجیای لێ دەژیت و، بێگانەکان (٤٤٠) هەزار کەس زێترن و، ڕێژەی لە (١٠٪)ی دانیشتوانی شارەکە، پێکدەهێنن، تورکەکان، گەورەترین ڕەوەندن لەم شارە و، ژمارەیان (٢٠٠) هەزارە و، دوای ئەوانیش عەرەبەکان دێن کە حەفتا هەزارێك دەبن و، زۆربەیان (فەلەستینی و لوبنانی و مەغریبی و سوری)ن و، خاوەن سێ کۆمەڵەو ڕێکخراوی عەرەبی جۆربەجۆرن[3]. نزیکەی سێ سەد هەزار موسڵمان لەو شارەدا دەژیت و، خاوەنی هەشتا مزگەوتن. لەبەر زۆری بێگانە موسڵمانەکان لەو شارەدا، ئەڵمانەکان بەگەڕەکێکی وەك (کرۆیتسبێرگ) دەڵێن (ئەستەنبۆڵی بچووك). هەروەها لەبەر زۆری عەرەبەکان لەکەناری نیوکۆڵن (Neukoln)ی بەرلینیدا بەو ناوچەیە دەڵێن (ناوچەی

---

١. زیادبوونی مزگەوتەکان لە ئەڵمانیا بەرامبەر کەمبوونەوەی کەنیسە، ماڵپەڕی دەنگی ئیسلام، ٢٠٠٦/١١/٢٦.

2. Jahrbuch 2003, Die welt in Zahlen, Daten, Analsen, DER SPIEGEL, Deutschland,2003.

٣. الجالية العربية في ألمانيا كثيرة العدد قليلة التأثير، إعتدال سلامة، www.elaph.com، 1/4/2006.

عەرەبەکان). ئەوەندە قاوەخانە و چێشتخانە و، شوێنی بازرگانی عەرەبی لێیە، خەڵك وا هەست ناکات لە ئەڵمانیادا دەژیت. زۆربەی ئەو شوێنانە، ناوەکانیشیان عەرەبین، نموونەی: (حبيبي) و (بيروت) و (السلام) و (فلسطين). لەناو ئەو عەرەبانەی بەرلیندا، (٤٥٠) دکتۆر و (٢٠٠) ئەندازیار و، پێنج هەزار قوتابی زانکۆ دەبینرێن. یەکەم گۆڕستانی موسڵمانەکانیش لەو وڵاتە، گۆڕستانی (کۆلۆمبیادام)ە و لەساڵی (١٨٦٦)دا، لەم شارە کراوەتەوە.

**- دۆسبۆرگ:**

ئەم شارە سەر بەویلایەتی (نۆرت راین ڤینستڤالن)ە و، ژمارەی دانیشتوانی (٥١٢,٠٣٠) کەسە. نزیکەی شەست هەزار تورك لەو شارەدا دەژین و، خاوەنی (٤٠) مزگەوتن. بەسەرپەرشتی (یەکگرتووی تورك بۆ کاروباری ئایینی ئیسلامی DITIB)و، بە پارە و هاوکاری رەوەندی ئیسلامی و یەکێتی ئەورووپا، خەریکی دروستکردنی مزگەوتێکی گەورەن لەو شارەدا، کە جێگای هەزار نوێژکەری تێدا دەبێتەوە. نهۆمی سەرەوەشی تایبەت دەبێت بۆ ئافرەتان. رێکخراوە ئیسلامییەکان و، یەکێتی ئەورووپا، سێ ملیۆن و دووسەد هەزار یۆرۆیان، بۆ ئەو مزگەوتە تەرخانکردووە[1].

**- بۆن:**

بیست و هەشت هەزار موسڵمان لەو شارەدا دەژین، کە زۆربەیان تورك‌و عەرەبن. سێ کۆمەڵەی ئیسلامی جیاجیایان هەیە کە ئەمانەن:

- کۆمەڵەی موسڵمانەکانی ئەڵمانیا، کە کۆنترین کۆمەڵەیە و لەساڵی ١٩٥٤دا، دامەزراوە سەرەڕای ئامانجە ئایینییەکە، ئامانجێکی تریشیان ئەوەیە هەوڵی لەیەکتر نزیکبوونەوەی شارستانییەکان و ئاوێتە بوونی موسڵمانەکان لەناو کۆمەڵگای ئەڵمانیادا دەدەن.

دووەم کۆمەڵە، (یەکێتی ئامۆژگا بەرزەکان)ە و، سێیەمیشیان؛ (یەکگرتووی ئیسلامی کۆمەڵایەتی)یە. نۆ مزگەوت لەو شارەدا هەیە کە (٥)یان عەرەبین و، (٣)یان تورکی و، (١)یشیان تایبەتە بە بۆسنییەکان.

١. جامع جديد في المانيا: خطوة على طريق الأندماج، www.elaph.com،، 14/9/2006.



**★ بەریتانیا**

رووبەری خاکەکەی (٢٤٣,٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، لەگەڵ وڵاتی ئیرلەندا، هاوسنوورە. ژمارەی دانیشتوانی شەست ملیۆن و نیوە. لەڕووی رەگەزەوە بەم شێوەیە دابەش دەبن؛ لە (٨١,٥٪) ئینگلیز و (٩,٦٪) ئۆسکۆتلەندی و، (٢,٤٪) ئیرلەندی و، (١,٩٪) ویلزی و، (٤,٦٪) رەگەزە جۆربەجۆرەکانی ترن. لەڕووی ئایینەوە، رێژەی (٥٩,٥٪)یان ئینگلیکان و، (١٣٪)یان رۆمی کاسۆلیك و، (٢,٧٪)یان موسڵمان و، (١,٧٪)یان هندۆس و سیخ و، (٢٣,٣٪)یان، باوەڕی ترن.

"لەندەن" پایتەختەکەیەتی و، ژمارەی دانیشتوانی حەوت ملیۆن و نیوە. موسڵمانەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە، هاتوونەتە ئەو وڵاتە، کە بەشی زۆریان پاکستانی و بەنگلادێشی و هیندی بووینە. بەهۆی پەیوەندی پتەوی بەریتانیا لەگەڵ وڵاتە ئیسلامییەکاندا، جا چ بەهۆی دۆستایەتی، یان داگیرکارییەوە، بووبێت، وایکردووە موسڵمانەکان وەك ئەلتەرناتیفێك ئەو وڵاتە بکەنە وڵاتی خۆیان و لەوێدا درێژە بە ژیان بدەن...

بە بەردەوامی، تاك و تەرای ئەو رەوەندە، چ لەترسان یان لە برسان بووبێت، روویان لەو وڵاتە کردووە. دەتوانین ساڵی (١٩٠٦) بە دروستبوونی رەوەندی ئیسلامی لەبەریتانیا ناوزەد بکەین، کاتێك کە ژمارەیەکی زۆری عەرەبە یەمەنییەکان، بەرەو شاری (کاردیف)، سەریان هەڵگرت‌و، لەو شارەدا گیرسانەوە و، درێژەیان بە چالاکییە کۆمەڵایەتی و، ئایینییەکانیاندا[1].

ئێستاکەش، پاش کۆچی بەردەوامی موسڵمانەکان، بەتایبەتیش دوای هەردوو شەڕی کەنداو و، داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن رووسیا لەساڵی ١٩٧٩و، شەڕی ئیسرائیل‌و لوبنان (١٩٨٢) و، ململانێی بەردەوامی فەلەستینی و ئیسرائیلییەکان و، شەڕی ناوخۆی جەزائیر و، رووداوەکانی بۆسنیا و کۆسۆڤۆ و... تاد، ژمارەی ئەو

١. الأقليات الاسلامية في أوروبا... تأريخ مشرف، www.islamtoday.net، 7/6/2006.

رەوەندە رۆژ بەرۆژ لەزیاد بووندایە. بەگوێرەی سەرچاوە نارەسمییەکان، ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار موسڵمان لەو وڵاتەدا دەژین و، رێژەی لە (٢,٧٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن[١]، کە بەلای هەندێك نووسەر و سەنتەری ئەو رەوەندە، ژمارەکە زۆر لەوە زیاترە و، خۆی لەدوو تا دوو ملیۆن و نیو دەدات[٢].

چالاکییەکانی ئەو رەوەندە، زێتر خۆی لە دروستکردنی مزگەوت و، بەشداریکردن و یادکردنەوەی بۆنە ئایینییەکان و، وەرگێڕانی کتێبی ئیسلامی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی دەبینێتەوە. ژمارەی مزگەوتەکانیان خۆی لە (١٥٠٠) دەدات[٣]، کە کۆنترینیان مزگەوتی (قورئان)ە و، نیو سەدە لەمەوپێش لەلایەن پاکستانییەکانەوە، دروستکراوە[٤].

ئەو رەوەندە زۆرە، سەرەڕای جیاوازییە رەگەزی و فیکرییەکانیان، توانیویانە (٤٠٠) کۆمەڵەو، رێکخراوی ئیسلامی دروستبکەن[٥]. تەنها لە شاری (لەندەن)دا، زێتر لە (٦٢) مزگەوت هەیە و، هی تریش بەرێوەیە. (جەماعەتی تەبلیغ)ی سەر بە پاکستانییەکان، هەوڵ دەدەن مزگەوتێك لەو شارەدا دروستبکەن، کە شوێنی حەفتا هەزار نوێژکەری تێدا دەبێتەوە و، گەر دروست بکرێت، ئەوا دەبێتە گەورەترین

١. ماڵپەڕی www.islamonline.net، 30/9/2006.

٢. الشباب المسلم التسامح الديني ينعش الاسلام في القارة البيضاء، د.عدنان أبو زيد، www.elaph.com، 30/11/2006.في بريطانيا: بين التطرف وثقافة الآخر، ماڵپەڕی www.dw-world.de، 3/10/2006.

٣. برمنغهام... روائح العرب تطفو الى السطح! سلطان قحطاني، www.elaph.com، 2/10/2006.

٤. آراء في صحف غربية عن الاسلام السياسي في الغرب، عزيز الحاج، www.elaph.com، 22/2/2006.

٥. آراء في صحف غربية عن الاسلام السياسي في الغرب، عزيز الحاج، www.elaph.com، 22/2/2006.



مزگەوت لە ئەورووپا و، بیست و سێ جار بەقەدەر کەنیسەی (لیڤەرپول) گەورەترە. ئەو جەماعەتە تا ئێستاکە نەیانتوانیوە رەزامەندی دەوڵەت بەدەست بهێنن، چونکە ئەنجوومەنی شارەوانی (نیوهام)ی لەندەن، رازی نین ئەو مزگەوتە گەورەیە دروست بکرێت. کۆمەڵەیەکی تری ئیسلامیش هاوڕای شارەوانین و، پێیان وایە؛ دروستکردنی زێتر دەبێتە هۆی لێکترازانی موسڵمانەکان و، هاندانی بیروباوەڕی توندڕەوی[١].

شاری لەندەن، بەگەورەترین بنکەی چالاکی ئەو رەوەندە دێتە ژماردن، سەرەڕای زۆری بارەگای کۆمەڵە و رێکخراو و مزگەوتەکان، یەکەم کۆلیژی ئیسلامیش بەهاوکاری زانکۆی ئەم شارە دروستکراوە، کە هەوڵدەدەن زانستە ئیسلامییەکان، لەنێو نەوەی نوێی کەمینە موسڵمانەکاندا بڵاو بکەنەوە[٢].

بەگوێرەی قسەکانی (کین لیڤنگسیۆن)ی سەرۆکی شارەوانی بێت، کە لەرۆژی ٢٤/١٠/٢٠٠٦دا گوتی؛ لە هەر دوازدە لەندەنی نشینێك، یەکیان موسڵمانە و، دەبێت رۆڵی باشیان لەشارەکەدا هەبێت، کە بەداخەوە بەهۆی دەرهاویشتەکانی تیرۆرەوە، بەشێوەیەکی ترسناك دەچەوسێنرێنەوە[٣].

شایانی باسە، لەسەرژمێری ساڵی ٢٠٠١دا هاتووە؛ کە ژمارەی دانیشتوانی لەندەن حەوت ملیۆن و (١٧٢) هەزار کەسە، لەوانە ئینگلیزەکان چوار ملیۆن و بیست و هەشت هەزارن و رێژەی (٥٩,٨٪) پێکدەهێنن. ئایینی ئیسلام، دوای ئایینی مەسیحی بەپلەی دووەم دێت، زێتر لە (٦٠٧) هەزار موسڵمان لە لەندەندا دەژین، کە رێژەی (٤,١٪)ی پێکهاتەی شارەکە پێکدەهێنن. یەهودییەکان (١٥٠) هەزار کەس و رێژەیان (٢,١٪)ە. هەروەها یەك ملیۆن و (١٣٠) هەزار کەس هیچ

١. ماڵپەڕی www.daralhayat.com، 28/11/2006.

٢. الأقليات الاسلامية في أوروبا... تأريخ مشرف، www.islamtoday.net، 7/6/2006.

٣. رئيس بلدية لندن: مسلمو لندن يعانون من "تمييز خطير"، www.dw-world.de، 24/10/2006.

ئایینێکیان نییه. زێتر له (١٠٠) کەمایەتی نەتەوەیی جیاجیای تێدایە، کە بووەتە پایتەختی کولتووره جیاوازەکان[1].

شاری (بەرمنکهام)، که لەڕووی ڕووبەرەوە بەدووەم شاری ئەو وڵاتە دێت و، بەگەورەترین شاری ئەورووپاش دەژمێردرێت لەڕووی زۆری ڕەوەندی ئیسلامییەوە. زۆربەی موسڵمانەکانی ئەو شاره سەر بە (پارتی ڕزگاریخوازی ئیسلامی)ن. دوای ئەو شارەش، شارەکانی (یورکشیرن) ٣٧ مزگەوت و، شاری (کاردیف) دێت.

### ★ ئیتالیا

ڕووبەری خاکەکەی (٣٠١٢٧٧) کیلۆمەتری چوارگۆشەیه و، ژمارەی دانیشتوانی (٥٧) ملیۆن و (٩٠٠) هەزار کەسە. سنوورەکانی لەگەڵ (فەرەنسا و سویسرا و نەمسا و سلۆڤینیا) گرێدراوە. شاری (ڕۆما) پایتەختەکەیەتی و، ژمارەی دانیشتوانی دوو ملیۆن و (٥٥٠) هەزار کەسە. ڕێژەی (٩٠٪)یان کاسۆلیك و، ئەوانی تریش ئایینەکانی ترن.

ژمارەی موسڵمانەکان لەو وڵاتە ملیۆنێك و (٣٧٥) هەزار کەسە، کە ڕێژەی (٢,٤٪)ی دانیشتوانی پێکدەهێنن[2]. بەدەیان ڕێکخراو و کۆمەڵە و مزگەوتیان دروستکردووە و، ساڵانە بۆنە ئایینییەکان بە بەرزی ڕادەگرن.

### ★ هۆڵەندا

ڕووبەری خاکەکەی (٤١٥٢٨) کیلۆمەتری چوارگۆشەیه و، ژمارەی دانیشتوانی شازده ملیۆن و نیوە. سنوورەکانی لەگەڵ (ئەڵمانیا و بەلجیکا) وە گرێدراوە. لە (٨٣٪)یان هۆڵەندین و، لە (١٧٪)یش ڕەگەزە جۆربەجۆرەکانی ترن. لە (٣١٪)

١. العالم... لندن، ترکی الدخیل، www.alarabiya.net، 23/8/2005.

٢. ئیمارەتی ئیسلامی هۆڵەندا، ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم، ل٥٤.



کاسۆلیك و، (٢١٪) پرۆتستانت و، (٤٠٪) بێ ئایین و، (٦٪) موسڵمان و، (٢٪) بیروباوەڕی ترن.

ژمارەی ڕەوەندی ئیسلامی لە ملیۆنێك زێترە و، تاساڵی ٢٠٠٤، (٦١٦) ڕێکخراویان هەبووە، کە لەوانە (٣٥٦) دانەیان تورکی و، (١٧١) دانەشیان مەغریبی بووینە، تورکەکان گەورەترین ڕەوەندن... دوای ئەوانیش مەغریبییەکان بە پلەی دووەم دێن، زیاتر لە (٥٠٠) مزگەوتیان هەیە، کە (٥١) دانەیان لەشاری (ئەمستەردام)ی پایتەختدایە. (٤٨) قوتابخانەی ئیسلامی و، دوو زانکۆ بۆ ئامادەکردن و پێگەیاندنی ئیمام و وتارخوێن و، سێ قوتابخانەی دواناوەندی ئیسلامی و، دە ڕێکخراوی خێرخوازی و، هەشت بانکی ئیسلامی و، چەندان بنکەی ڕۆشنبیری و، کۆمەڵایەتییان هەیە.

لەقوتابخانە ئیسلامییەکاندا، زێتر لە (٣٥) هەزار قوتابی درێژە بە خوێندن دەدەن. لەسەر ئاستی سەنتەری بڕیاریشدا، لە کۆی (١٥٠) پەرلەمانتار هەشتیان موسڵمانن. (٥٢) نوێنەریشیان لە ئەنجوومەنی شارە گەورەکاندا هەیە. حکومەتی هۆڵەندی، ساڵانە زێتر لە نیو ملیار یۆرو لەو دامودەزگایانەدا، سەرف دەکات.

تەنها لە (ڕۆتردام)دا، هەشت سەد هەزار موسڵمان دەژین، کە دەکاتە ڕێژەی لە (١٣٪)، کریستیانەکانیش ڕێژەی (٣٢٪)ی ئەم شارە پێکدەهێنن و، پەنجا کەنیسەیان هەیە. ژمارەی مزگەوتەکان، بەگوێرەی چڕی دانیشتوانی موسڵمانەکان دابەشبوون. پاش (ئەمستەردام)، (٣٤) مزگەوت لەشاری (دەنهاخ) و، (٤١) مزگەوت لە (ڕۆتردام)دا هەیە. چەندان ڕێکخراو و پارتی سیاسییان هەیە، کە هەندێکیان لەوڵاتەکانی خۆیان یاساغن و، ڕێگای کارکردنیان پێنەدراون، کەچی لەو وڵاتە، ئازادانە چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن.

هەندێك لەو پارت و کۆمەڵانە، بە ڕاشکاوی هانی تیرۆر دەدەن و، بانگەشە بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام دەکەن و، کۆمەك و یارمەتی بۆ باندە بەرگیرەکان، کۆدەکەنەوە. زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە سەر بە تورکەکانن، لەوانە؛ (ڕێکخراوی میللی

گۆرش و بزووتنەوەی تەبلیغ و حزبوڵڵای تورکی و بەرەی مەزنی ئیسلامی و... تاد).

هەروەها چەندان ڕێکخراو و پارتی ئیسلامی عەرەبیش هەن، نموونەی؛ (پارتی دەعوەی ئیسلامی سەر بە لیبیا، حیزبی تەحریر سەر بە ئوردون، حیزبوڵڵای لوبنان، بزووتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستین، کۆمەڵەی برایانی موسڵمانی سەر بە میسر، بەرەی ئیسلامی تونس، سوپای ئیسلامی جەزائیر، بزووتنەوەی ئیسلامی مەغریبی و... تاد). موسڵمانەکانی تری وەك؛ (پاکستانی و سۆماڵی و سودانی و ئەفغانی و مەغریبی و ئەندەونووسی و تونسی و بۆسنی و جەزائیری و بەکوردیشەوە)، مزگەوتی تایبەت بەخۆیان هەیە[1].

## ★ ئیسپانیا

ڕووبەری خاکەکەی (٥٠٥٩٩٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، ژمارەی دانیشتوانی (٤١) ملیۆن و سەد هەزار کەسە. سنوورەکانی لەگەڵ (فەرەنسا و پورتوگال و ئینگلتەرە)دا گرێدراوە. شاری "مەدرید" پایتەختەکەیەتی و، ژمارەی دانیشتوانی سێ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەسە. لەڕووی ئایینەوە (٩٤٪)یان کاسۆلیك و، (٦٪)یش ئایینەکانی ترن.

بە گوێرەی داخۆیانی (بنکەی ڕۆشنبیری ئیسلامی لەئیسپانیا)، ٧٠٠-٨٠٠ هەزار موسڵمان بە شێوەی فەرمی لەو وڵاتەدا دەژین، کە نیوەی زێتریان مەغریبین. ئەگەر

١. زانیارییەکانی تایبەت بەهۆڵەندا، لەم سەرچاوانەوە وەرگیراون:
- ئیمارەتی ئیسلامی هۆڵەندا.
- هۆڵندا: إغتيال الأقلية المسلمة، د.خالد شوكات، ماڵپەڕی www.islamonline.net، 20/11/2004.
- اول مستشفى "الاسلامي" بأوروبا... في روتردام، رضوه حسن، ماڵپەڕی www.islamonline.net، 27/11/2006.
- ماڵپەڕی www.dw-world.de، بەشی نەخشەی ئەورووپا.



هاتوو ئەو موسڵمانانەی کە بەشێوەی قاچاخ لەو وڵاتەدا دەژین، خستە سەر ئەو ژمارەیەی سەرەوە، بەدڵنیاییەوە دەبنە ملیۆنێك. لەتەموزی (١٩٦٧)ەوە، دەوڵەت دانی بە ئایینی ئیسلامەوە ناوە و، پاش کاسۆلیك بەدووەم ئایینی ئەو وڵاتە دەژمێردرێت.

بەپێی سەرچاوە جۆربەجۆرەکان، نزیکەی (٦٠٠) مزگەوت لەشێوەی (مزگەوتی ئاسایی و خانوو و شوێنی کارکردن) لە ئیسپانیادا هەیە، کە هەندێکیان ئەوەندە بچووکن، هەر تەنها شوێنی (٢٠) نوێژکەری لێدەبێتەوە.

تەنها لەشاری (مەدرید)دا، زێتر لە سەد هەزار و، لەشاری (بەرشلۆنە) ١٥٠هەزار موسڵمان دەژین.

مزگەوتی (قورتوبە) لەساڵی (٧٨٦)ی زایینیدا، دروست کراوە و، ناوە ناوەش نۆژەن کراوەتەوە[1]، تاوەکو بووەتە گەورەترین مزگەوت لە ئیسپانیادا، کە ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە گواستنەوە و ناساندنی ئایینی ئیسلام بە جیهانی ڕۆژئاوا، ساڵی (١٢٣٦) زایینی، شاری قورتوبە دووبارە کەوتەوە دەست ئیسپانییەکان و، ئەو مزگەوتە مێژووییەش کرایە کەنیسە. لە مێژووی هاوچەرخیشدا، چەند مزگەوتێکی گەورە و بەناوبانگ لەو وڵاتەدا دروست کراون، لەوانە؛ مزگەوتی (ئەبوبەکری سەدیق)، لەساڵی ١٩٧٢ لەشاری (مەدرید) دروستکراوە، کە بە یەکەم مزگەوت دەژمێردرێت، دوای ئەویش، مزگەوتی (ماربیا) لەساڵی ١٩٨٢ دروستکراوە. ئەو دوو مزگەوتە لەلایەن عەرەبستانی سعودییەوە هاریکاری دەکرێن.

دەربارەی دروستبوون و چالاکی کۆمەڵە و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان، پرۆفیسۆر (گۆردی مۆرایس) لە کتێبی (موسڵمانەکانی بەرشلۆنە... فەزا و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان)دا، دەڵێت؛ (لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧١ کۆمەڵە ئیسلامییەکان زۆر بەهێواشی دەرکەوتن و، لەساڵی ١٩٧١دا، کۆمەڵەی ئیسلامی ئیسپانیایان دامەزراند و، مزگەوتی ئەبوبەکر سەدیقیان، دروستکرد)[2].

١. ماڵپەڕی www.asharqalawsat.com.
٢. ماڵپەڕی www.islamonline.net، 5/7/2007.

## ★ یۆنانستان

ڕووبەری خاکەکەی (١٣١٩٩٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، ژمارەی دانیشتوانی یازدە ملیۆن کەسە. سنوورەکانی لەگەڵ (ئەلبانیا و مەکەدۆنیا و بولگاریا و تورکیا)، گرێدراوە. (ئەسینا)، پایتەختەکەیەتی و، ژمارەی دانیشتوانی سێ ملیۆن و دووسەد هەزار کەسە. لەڕووی ئایینەوە (٩٨٪)یان ئەرتۆدۆکس و (١,٣٪) موسڵمان و، (٠,٧٪) ئایینەکانی ترن. ئایینی ئیسلام بە پلەی دووەم دێت.

بەپێی هەندێك سەرچاوە، لەساڵی (١٩١٣)دا، موسڵمانەکان، ڕێژەی (٦٠٪)ی دانیشتوانیان پێکهێناوە، بەڵام بەهۆی کۆچکردنی بەردەوام، ئەو ژمارەیە وردە وردە لەکورتی داوە و، حاڵی حازر ژمارەیان (٤٠٠) هەزار کەسێك دەبێت[1]، لەو ژمارەیەدا، (١٥٠) هەزاریان لە پایتەختدا دەژین، کە یەك مزگەوتیان بەناوی مزگەوت نییە، کەمایەتییەکی موسڵمانی تورکیش لەناوچەی (ئەکزەنتی)دا دەژین، کە تەنها مزگەوتێکیان هەیە.

(ئەسینا)، تاکە پایتەختی ئەورووپایە، کە مزگەوتی لێنەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕەوەندە توانیویانە (١٣٠) شوێنی جۆربەجۆر لە (خانوو و شوێنی کار و چایخانە و کۆگا و چێشتخانە)، لەجیاتی مزگەوت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینییەکان دابین بکەن. ئەو شوێنانە بەهۆی بچووکی و پیسی و، نەبوونی پەنجەرە و، هەندێك جاریش دڵۆپە کردنەوە، هی ئەوە نین بکرێنە شوێنی نوێژکردن، بەڵام لە ناچارییەوە پەنایان بۆ بردوون[2].

ئەو ڕەوەندە، بەردەوام داوای کردنەوەی مزگەوت دەکەن، بەڵام دەسەڵاتداران بەهۆی فشاری زۆری کەنیسەی ئەرتۆدۆکسەکان و خەڵکەوە، نایێنە ژێر ئەم بارە و، داواکانیان پشتگوێ دەخەن. یۆنانییەکان (٤٠٠) ساڵ ژێردەستەیی عوسمانییەکان وەك

١. الأقليات الاسلامية في أوروبا، www.islamtoday.net، 6/7/2006.

٢. التسامح الديني ينعش الاسلام في القارة البيضاء، عدنان أبو زيد. هەروەها، مسلمو أثينا بأنتظار أول مسجد في اليونان www.elaph.com، 3/3/2006.



پاساو دەهێننەوە و، دەڵێن؛ ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ موسڵمانەکان، بەتایبەتیش (تورکەکان)ەوە هەیە، کە بەدرێژایی مێژوو کێشە و گرفتی زۆریان بۆ دروست کردووین، کە هەندێکیان، تائێستاکەشی لەگەڵدا بێت، بەبێ چارەسەری و، بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

ئەوان کردنەوەی مزگەوت بەشتێکی هەستیار دەزانن و، بەترسەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

## ★ نەمسا

ڕووبەری خاکەکەی (٨٣٨٧١) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ژمارەی دانیشتوانی هەشت ملیۆن و (٢٠٠) هەزار کەسە. سنوورەکانی لەگەڵ (ئەڵمانیا و چیك و سلۆڤاکیا و هەنگاریا و سلۆڤینیا و ئیتالیا و سویسرا و لیشتنشتاین)ەوە گرێدراوە. پایتەختەکەی (ڤییەننا)یە و، ژمارەی دانیشتوانی ملیۆنێك و شەش سەد هەزار کەسە، لەڕووی ئایینەوە، (٧٣,٦٪)یان کاسۆلیك و (٤,٧٪) پرۆتستانت و، (٤,٢٪) موسڵمان و، (٢,٢٪) ئەرتۆدۆکس و، (١٥,٣٪)یان سەر بە ئایینەکانی ترن.

بەپێی سەرژمێری ساڵی (٢٠٠١) ژمارەی ڕەوەندی ئیسلامی لەو وڵاتەدا (٤٠٠) هەزار کەس دەبێت، کە خاوەنی (٢٥٠) مزگەوتن[1]، کە شەست دانەیان[2] لەناو پایتەختە و زۆربەیان لەلایەن تورکەکانی ئەو شارە بەڕێوە دەبرێن. (١٢١) هەزار و (١٥٠) موسڵمان لە ناو پایتەختدا دەژین، کە ڕێژەی (٧,٨٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن. لەساڵی (١٩١٢) و لە سەردەمی ئیمپراتۆر (فرانس یوسف) یاسایەك

١. التسامح الديني ينعش الاسلام في القارة البيضاء... هەروەها، مؤتمر الأئمة في فيينا: الحوار هو الطريقة المثلى لتفادى النزاعات، www.elaph.com، 7/4/2006.

٢. تەقینەوەی بۆمبێك لەمزگەوتێکی شاری ڤییەنا، دانا سەعدی، ماڵپەڕی www.pukmedia.com، 19/11/2005.

دەرچوو کە دواتر بە (یاسای ئیسلام) ناسرا, بەگوێرەی ئەو یاسایە، ئایینی ئیسلام لەدەستووردا دانی پیانراوە. هەر ئەو قەیسەرە، پاش هاتنە پاڵی هەرێمەکانی بۆسنە و هەرزەگۆڤینیا بۆ سەر ئەو ئیمپراتۆرییەتە، دروستکردنی مزگەوتێکی بە پێویست زانی و، فەرمانی دەرکرد مزگەوتێك بۆ موسڵمانەکان دروستبکرێت. ئەوەبوو لەساڵی (١٩١٤) لە مێژووی نوێی نەمسادا، یەکەم مزگەوت لەشاری (ڤییەننا)دا دروستکرا[١].

ئەو رەوەندە، بۆ تۆکمە کردنی پەیوەندییەکان و، ون نەکردنی ناسنامە، دەیان رێکخراوی کۆمەڵایەتی و، کولتووری و، سیاسییان دامەزراندووە. ساڵانە بۆنە ئایینییەکان یاد دەکەنەوە و، ناوە ناوەش کۆنگرە و کۆنفرانسی هەمە چەشنە دەبەستن. بەم دواییەش، بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو هێرشە بەردەوامەی کە دەکرێتە سەر موسڵمانەکان و، زێتر ناساندنی ئیسلام وەك ئایینێکی ئاسمانی، رۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٧ رۆژنامەیەکی ئیسلامییان بەزمانی ئەڵمانی دەرکرد، ئامانج لە دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە، وەك (د.ئەمیر زێدان)ی سەرنووسەر دەڵێت: (تاوەکو دەنگێکی ئازاد و راستەقینە بۆ موسڵمانانی رۆژئاوانشین، دروست ببێت و، لەو رێگایەوە، راستەوخۆ دەنگیان بگاتە ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵات لەو وڵاتە، هەروەها برەودان بە بڵاوکردنەوەی بابەتی ئایینی ئیسلامی جۆربەجۆر تاوەکو خەڵکی ئەو وڵاتە لە کرۆك و مەبەستی راستەقینەی ئیسلام بگەن)[٢].

### ★ سویسرا

رووبەری (٤١٢٨٥) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، سنوورەکانی لەگەڵ (فەرەنسا و لیشتنشتاین و نەمسا و ئەڵمانیا و ئیتالیا) گرێدراوە. ژمارەی دانیشتوانی حەوت ملیۆن و چوارسەد هەزار کەسە. لەڕووی رەگەزەوە لە (٦٣,٦٪)یان ئەڵمانی و،

١. الأقليات الاسلامية في أوروبا، محمود بيومي، www.islamtoday.net، 7/6/2006.

٢. صدور أول صحيفة الاسلامية باللغة الألمانية، ئاژانسی دەنگ و باسی ئیتاڵیا (ئاکی)، www.adnki.com، 27/10/2006.



(١٩,٤٪) فەرەنسی و، (٧,٦٪) ئیتالی و، (٠,٦٪) رۆمان و، (٨,٩٪) رەگەزەکانی ترن. لەڕووی ئایینییەوەش لە (٥٦,٣٪) رۆمی کاسۆلیك و، (٤٠٪) پرۆتستانت و، (١٣,٧٪) سەر بە بیروباوەڕی ترن. شاری (بێرن) پایەختەکەیەتی و، دانیشتوانەکەی (١٣٠) هەزار کەس دەبێت[١].

(٣٨٠) هەزار موسڵمان لەو وڵاتەدا دەژین کە رێژەی لە (٤,٣٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن و، (٦٨) دامەزراوە و بنکەی ئیسلامییان هەیە. رێژەی لە (٤٣٪)ی ئەو رەوەندە تورکن. ئایینی ئیسلام بە سێیەم ئایین دەژمێردرێت. لە هیچ سەرچاوە و وتارێکدا، ژمارەی تەواوی مزگەوتەکانی ئەو وڵاتەمان دەست نەکەوت، بەڵام تائێستاکە چوار مزگەوتی گەورەی بە قوبە و منارە لەو وڵاتەدا، دروستکراون، کە بەم شێوەیەن:

١- لەشاری (زیوریخ) لە ساڵی ١٩٦٣دا، یەکەم مزگەوت لەلایەن تایفەی (ئەحمەد)ییەکانەوە دروستکراوە.

٢- مزگەوتی (جنێڤ)، گەورەترین مزگەوتە و، رۆژی (هەینی)یان، بەتایبەتیش لەمانگی رەمەزاندا (٢٥٠٠-٣٠٠٠) کەس نوێژی تێدا دەکەن. ئەو مزگەوتە لەساڵی ١٩٧٨ لە گەڕەکی (بۆتی ساکسۆنیکس)دا دروستکراوە. (حفیظ ئەواردێری) بەڕەگەز جەزائیری، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی و، لەساڵی (١٩٦٨)ەوە، لەو وڵاتەدا دەژیت و، خۆی بە غەریب نازانێت. ناوبراو دەڵێت؛ (لەسایەی بەرقەرار بوونی ئەو سیستەمە کە رێگا بە ئازادی رادەربڕین و، ئایینی جۆربەجۆر دەدات، ئێمە بە خۆشی و بەختەوەری دەژین و، سەربەستییەکی تەواویان هەیە)[٢].

٣- رۆژی ٢٠٠٥/٥/٣١، لە شاری (فینتەرتور)، مزگەوتی سێیەم دروستکراوە.

٤- رۆژی ٢٠٠٦/١١/٢٤، لەشاری (فنگن)، چوارەم مزگەوت دروستکراوە، کە بەرزی منارەکەی شەش مەترە[٣].

١. ماڵپەڕی www.dw-world.de، بەشی (نەخشەی ئەورووپا).

٢. مسلمو سويسرا يرون أنهم نموذج للأندماج في أوروبا، www.elaph.com، 26/10/2003.

٣. مئذنة رابعة في سويسرا بحكم المحكمة، محمد حامد، www.islamonline.net، 25/11/2006.

بەگوێرەی داخۆیانی رۆژی ٢٧/١٠/٢٠٠٥ی دەسەڵاتدارانی سویسرا، ژمارەی ئەو رەوەندە بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی ١٩٧٠دا، دووقات زیادیکردووە و، (٣٠) هەزار کەسیان رەگەزنامەی سویسرییان وەرگرتووە، نیوەی زێتری ئەو رەوەندە تەمەنیان لە (٢٥) ساڵ بەرەو ژێرەوەیە و، زۆربەشیان لایەنگیری ئەوەن کە ئاین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە. لەدوای تورکەکان، موسڵمانەکانی (بەلکان) بەپلەی دووەم و، عەرەبەکان بەپلەی سێیەم دێن[1](٥٣).

ئەو زیادبوونە بەرچاوە، بەشێوەیەکی ئاشکرا لەویلایەتی (زوریخ)دا دەردەکەوێت، کە لەساڵی ١٩٧٠دا، ژمارەی ئەو رەوەندە چوار هەزار کەس بووە، لەساڵی ١٩٨٠ بۆتە دوازدە هەزار و، لەساڵی ١٩٩٠ بۆتە ٣١ هەزار و، ساڵی (٢٠٠٠)یش بۆتە ٦٧ هەزار موسڵمان[2](٥٤).

## ★ سوێد

رووبەری خاکەکەی (٤٤٩٩٦٤) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، ژمارەی دانیشتوانی نۆ ملیۆن و (٢٠٠) هەزار کەسە. لە (٨٦٪)یان کریستیان و، (١٤٪)شیان، سەر بە ئاینییەکانی ترن.

ژمارەی رەوەندی ئیسلامی (٣٥٠) هەزار کەس دەبێت، کە رێژەی (٣٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن[3]، کە زۆربەیان عەرەب و ئێرانی و کوردی باشووری کوردستانن. بەدەیان مزگەوت و، رێکخراو و کۆمەڵەی کولتووری و ئاینییان هەیە. ئاینی ئیسلام بە دووەم ئاین دەژمێردرێت و، یەکەم مزگەوت لەساڵی (١٩٧٦) لەشاری (یۆتۆبۆری)دا دروستکراوە، کە لەرووی دانیشتوانەوە دوای ستۆکهۆڵم، بەدووەم شار دەژمێردرێت، لەسەرژمێرییەکی ئامۆژگای ئاینی کۆمەڵایەتیدا هاتووە؛ (ساڵی ١٩٦٦ تەنها هەزار موسڵمان لەو وڵاتەدا هەبوونە، کەچی بەگوێرەی دوا سەرژمێری، ژمارەیان گەیشتۆتە ٣٥٠ هەزار کەس)[1].

ئەوانە بەهاریکاری دەوڵەت، توانیویانە چەندان قوتابخانە بکەنەوە، تاوەکو نەوەکانیان لەزمان و کولتووری رەسەنی خۆیان دانەبڕێن. گرنگترینیان ئەمانەن:

- ستۆکهۆڵم: دوو قوتابخانەی ئیسلامی لێیە کەیەکیان سەر بەشیعەکان و، ئەوی تریان هی سونییەکانە.
- ئۆپسالا: دوو قوتابخانەی بەناوەکانی (ئیمان) و (مەنار ئەلهودا)، لێکراوەتەوە، کە سەر بەکۆمەڵەیەکی خێرخوازی لوبنانییەوەن.
- مالمۆ: زێتر لە چوار قوتابخانەی عەرەبی و ئیسلامی لێیە، کە تێدا، (مێژووی ئیسلام و، زمانی عەرەبی و، فقه و قورئان)ی لێدەخوێندرێت[2].

## ★ دانیمارك

یەکێکە لەوڵاتەکانی ئەسکەندنافیا و، خاکەکەی (٤٣٠٩٤) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ژمارەی دانیشتوانی پێنج ملیۆن و نیوە. سنوورەکانی لەگەڵ (ئەڵمانیا و سوید) گرێدراوە. شاری (کۆپنهاگن) پایتەختەکەیەتی و، دانیشتوانەکەی نیو ملیۆن دەبێت. لە (٩٧٪)یان بە رەگەز دانیمارکین.

١. غالبية المسلمين في سويسرا تؤيد العلمانية، علي أوحيدة، ماڵپەڕی www.elaph.com، 27/10/2005.

٢. العداء "المستتر" لمسلمي أوروبا يتكشف في ٢٠٠٤، محمد جمال عرفة، www.islamonline.net، 25/1/2005.

٣. مسلمات بالسويد والنرويج تتعرضن لانتهاكات بسبب إرتداء الحجاب، www.alarabiya.net، 19/5/2006.



١. الاسلام في سويد، يحيى أبو زكريا، www.islamtoday.net، 6/10/2004.

٢. العرب والمسلمون في السويد، الحلقة الأخيرة، يحيى أبو زكريا، www.alarabiya.net، 17/3/2007.

ژمارەی ڕەوەندی ئیسلامی (٢١٠) هەزار کەس دەبێت کە ڕێژەی (٣/٨٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن. لەوانە (٦٠) هەزاریان تورك و (٣٠) هەزاریان پاکستانی و، (١٧) هەزاریان عەرەبن[1] دوازدە ئایین لەو ولاتەدا، بەڕەسمی ناسراون، کەئایینی ئیسلامیش یەکێکە لەو ئایینانە. دەیان مزگەوت و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵەی کولتووریيان دامەزراندووە. یەکەم مزگەوتیش لەو ولاتە لەشاری (کۆپنهاگن)، لەساڵی (١٩٥٦)دا دامەزراوە. مزگەوتەکانی تریش، لەڕووی پێکهاتەوە، زێتر لەخانوو ئەپەرتمان دەچن و، زۆربەشیان وەك کۆمەڵەی کولتووری و ئیسلامی، مۆڵەتی یاساییان پێدراوە. لەلایەن دەسەلاتیشەوە، بەشێوەیەکی بەرفراوان، زەمینەیان بۆ خۆش نەکراوە، تاوەکو بتوانن مزگەوتی گەورە و منارەدار دروستبکەن.

### ★ بەلجیکا

ڕووبەری خاکەکەی (٣٠٥٢٨) کیلۆمەتری چوار گۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانی (١٠) ملیۆن و چوارسەد هەزار کەسە. شاری (برۆکسل) پایتەختەکەیەتی و، دانیشتوانەکەی یەك ملیۆن کەس دەبێت. سنوورەکانی لەگەڵ (فەڕەنسا و هۆڵەندا و لۆکسمبۆرگ و ئەڵمانیا)وە گرێدراوە. لە (٨٠٪)یان کریستیانی کاسۆلیك و، (٢٠٪)یش سەر بەئایینەکانی ترن.

لە بارەی ژمارەی ڕەوەندی ئیسلامی لەم ولاتە، سەرچاوە و ژمارەی جۆر بەجۆر هەن، کە هەندێك پێیانوایە (١٨٠) هەزار کەس و هەندێکی تر بەسەد هەزاری مەزەندە دەکەن.. بەلام بەگوێرەی ڕاپۆرتە هەواڵەکان، زێتر لەدووسەد هەزار دەبن و، ڕێژەی لە (٢٪)ی دانیشتوان، پێکدەهێنن. خاوەنی (٣٨٣) مزگەوت و شوێنی خواپەرستین. ئایینی ئیسلام لەساڵی (١٩٧٤)ەوە، بەڕەسمی دانپیانراوە و، بەدووەم

١. مسلمو الدانمارك... في مواجهة الحقد الصليبي، عبدالرحمن أبو عوف، www.islamtoday.net، 8/3/2006.



ئایینی ئەو ولاتە دەژمێردرێت. لەساڵی (١٩٧٥)ەوەش، ئایینی ئیسلام بەڕەسمی لەپرۆگرامەکانی خویندنی سەرەتاییدا، دەخوێندرێت و، نزیکەی (٧٠٠) مامۆستا بەکاری وتنەوەی وانەکان هەڵدەستن. لەساڵی (١٩٩٨)ەوەش ئەنجوومەنی ئیسلامی لەو ولاتە هەڵبژێردراوە و، لەلایەن دەوڵەتەوە وەك نوێنەری ڕەوەندەکە ناسکراون.

لەپاش شەڕی جیهانی دووەمەوە بەشی زۆریان وەك دەستی کار ڕوویان لەو ولاتە کردووە و، بەشدارییەکی بەرچاویان لەدووبارە ئاوەدانکردنەوەدا کردووە. مەغریبییەکان، گەورەترین ڕەوەندن، کە لەدوای ساڵی (١٩٦٠)ەوە، ڕوویان لەم ولاتە کردووە. دوای ئەوانیش، تورکەکان بەپلەی دووەم دێن. تەنها لەشاری (برۆکسل)دا، نزیکەی (١٢٠) هەزار مەغریبی دەژین و، خاوەنی گەڕەکی تایبەت بەخۆیانن[1].

### ★ نەرویج

ڕووبەری خاکەکەی (٣٨٥١٥٥) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، سنوورەکانی لەگەڵ (فنلەندە و سویسرا و ڕووسیا)وە گرێدراوە. ژمارەی دانیشتوانی چوار ملیۆن و (٦٠٠) هەزار کەسە، کە (٥٣٠) هەزاریان لەشاری (ئۆسلۆ)ی پایتەختدا دەژین.

بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی (٢٠٠٤)، نزیکەی (١٥٠)[2] هەزار موسڵمان لەو ولاتەدا دەژین، کەڕێژەی لە (٣/٢٦٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن. زۆربەیان تورك و

١. سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
- ئیمارەتی ئیسلامی هۆڵەندا، ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم، ل٥٤.
- التسامح الديني ينعش الاسلام...، www.elaph.com، 30/11/2006.
- المغاربة في بلجيكا بين إرادة الاندماج ونزعات التطرف، علي أوحيده، www.elaph.com، 20/12/2005.

٢. الشعب النرويجي يعتنق الاسلام، عبدالرحمن أبو عوف، ماڵپەڕی www.islamtoday.net، 30/11/2005.

پاکستانی و عەرەبی (فەلەستین و لوبنان و عێراق و مەغریب و جەزائیر) و، ئەلبانی و بۆسنین لەساڵی (١٩٦٩)وە، ئایینی ئیسلام بەفەرمی ناسراوە و، ڕێگەدراوە لەقوتابخانەکاندا بخوێندرێ. دەوڵەت یارمەتی مزگەوت و بنکە ئیسلامییەکان دەدات.

### ★ فنلاندە

یەکێکە لەولاتە بچووکەکانی ئەسکەندنافیا و، ڕووبەری خاکەکەی (٣٣٨١٤٥) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، سنوورەکانی لەگەڵ (ڕووسیا و سوێد و نەرویج) گرێدراوە. ژمارەی دانیشتوانی پێنج ملیۆن و دووسەد هەزار کەسە، کە (٥٦٠) هەزاریان لە (هلسنکی) پایتەختدا دەژین.

یەکەم پۆلی موسڵمانان، (تەتەرەکان)ی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوون، لەبەر زوڵم و زۆری "ستالین" ولاتیان جێهێشتووە و، روویان لەفنلاندە کردووە. بەپێی سەرچاوەکان ژمارەی ئەو پۆلە پەنابەرە (٨٠٠-١٠٠٠) کەس دەبوون، کەدواتر بوونەتە ناوکی دامەزراندنی رەوەندی ئیسلامی لەو ولاتە. ئەوانە، بەشی زۆریان بەبازرگانی کردنی کوتاڵ و پێستە خۆشکردن، خەریکبوونە. پاش ئەو پۆلە پەنابەرە، تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو تاك و تەرا عەرەبەکان هاتوون، بەلاّم لەسەرەتای نەوەدەکان شەپۆلێکی تر کەبریتیبوون لەموسڵمانەکانی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا و لەبەر ئاگری شەڕ پەنایان بۆ ئەو ولاتە بردووە... دواتریش، شەپۆلی عێراقی و سۆماڵی و مەغریبییەکانی بەدواوە هاتووە. ئەوانە، بەزۆری لەشارەکانی (هلسنکی) و (تۆرکۆ) و (تامیر)، نیشتەجێ بوونە. لەساڵی (١٩٢٥) دەوڵەت بەرەسمی ئایینی ئیسلامی ناسکردووە کەبۆتە رێ خۆشکەرێك بۆ دروستکردنی یەکەم کۆمەڵەی ئیسلامی لە (هلسنکی) و دواتریش چەند دامەزراوەیەکی تر لەشاری (تامیر) راگەیاندرا، کەرۆڵیان هەبوو لەکردنەوەی مزگەوت و گۆڕستانی تایبەتی.



بە زۆربوونی ژمارەی ئەو رەوەندە، رێکخراوێکی تر بە ناوی (پەیوەندی ئیسلامی)یان دامەزراند، کەرۆڵی هەبوو لە دروستکردنی مزگەوتی گەورەی (هلسنکی) لە ساڵی ١٩٩٩دا. کتێبخانەیەك و ژووری تایبەت بە فێرکردنی قورئان و، دوکانێك بۆ فرۆشتنی گۆشتی حەلاڵ، لەو مزگەوتەدا هەیە.. ئێستاکە ژمارەی موسڵمانەکان زێتر لە (١١٠) هەزار کەس دەبن و، رێژەی (٢/١١٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن و، چەند مزگەوت و کۆمەڵە و رێکخراوێکی ئایینی و کولتوورییان هەیە[١].

### ★ رۆمانیا

ڕووبەری خاکەکەی (٢٣٨٣٩١) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، ژمارەی دانیشتوانی (٢١) ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەسە. سنوورەکانی لەگەڵ (هەنگاریا و ئۆکرانیا و مۆلداڤیا و بۆلگاریا و سربیا) گرێدراوە. شاری "بوخارست" پایتەختەکەیەتی.

حەفتا هەزار موسڵمان لەو ولاتەدا دەژین، کەزۆربەیان بەرەگەز (تاتار و تورك و ئەلبانی)ن و، رێژەی (٢٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن. جگە لەچەند رێکخراو و کۆمەڵەیەکی کولتووری، خاوەنی (٨٠) مزگەوتیشن[٢].

### ★ لیشتنشتاین

ڕووبەری خاکەکەی (١٦٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٤، ژمارەی دانیشتوانی (٣٤٦٠٠) کەسە. شاری (فادۆز) پایتەختەکەیەتی و، سنوورەکانی لەگەڵ (ئەڵمانیا و فەرەنسا و سویسرا)وە،

١. فنلاندا... تواجد اسلامي عارم، عبدالرحمن أبو عوف، ماڵپەڕی www.islamtoday.net، 5/3/2007.

٢. مسلمو رومانيا الجدد يولون وجوههم شطر الكعبة، هاني صلاح، www.islamonline.net، 14/12/2006.

گرێدراوە. لەڕووی ئایینەوە (٢٦١٢٢) کەسیان کریستیانی کاسۆلیك و، (٢٧٦٠) کەسیشیان پرۆتستانتن.

(١٦٠٠) موسڵمان لەو وڵاتە بچووکەدا دەژین کەرێژەی (٤/٨٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن. (٦٦) کەسیان ڕەگەزنامەی ئەو میرنشینەیان هەیە. زۆربەیان (تورك و بۆسنی و ئەلبانی و عەرەب)ن.

"هانز ئادەمی دووەم" میری ئەو وڵاتە بەتەنگ داواکاری موسڵمانەکان هاتووە و بەڕاسپاردەی ئەو لیژنەیەك پێکهاتووە تاوەکو بابەتی ئایینی ئیسلام بخەنە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنی سەرەتایی.. هەوڵیش دەدەن مزگەوتێکی منارەدار دروست بکەن و پارچە زەوییەکیش وەك گۆڕستان، بۆیان تەرخان بکرێت. هەڵوێستی میر، زۆر پۆزەتیفە و پێیوایە (ئەوانەی دژ بەکردنەوەی مزگەوت و گۆڕستانن، دەبێت ئەو ڕاستییە باش بزانن، کە لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بەهەزاران کەنیسە و گۆڕستانی تایبەت بەکریستیانەکان هەن و، ئیسلامەکان ڕێزی تەواویان دەگرن).

هەروەها داوای لەوڵاتانی ڕۆژئاوا کرد، کەمادام بانگەشە بۆ دیموکراسی و، ئازادی رادەربڕین و، پەرستن دەکەن، (دەبێت ئازادییەکی تەواو بەرەوەندی ئیسلامی لەوڵاتەکانیان بدەن)[1].

---

١. حلم المئذنة يدنو في مسلمي ليشتنشتاين، أحمد المتبولي، www.islamonline.net، 4/3/2007.

## پەرەسەندنی هزری رەگەزپەرستی لە رۆژئاوادا

پاش رووخانی جەمسەری رۆژهەلاّت، کە خۆی لەیەکێتی سۆڤیەتی جاراندا، دەبینیەوە، دواتریش شەڕی دووەمی کەنداو و سەربەخۆ بوونی ولاّتەکانی بەلکان و هێرشی هاوپەیمانەکان بۆ سەر بنکەی (تالیبان و قاعیدە)، لە ئەفغانستان، خەلّکێکی زۆری ئەو دەڤەرانە، لەپێناو درێژەدان بەژیان و، دۆزینەوەی پەناگەیەك، روویان لەولاّتانی رۆژئاوا کرد.. ئەوانە لەگەلّ خۆیان، کۆمەلّێك کولتووری جۆر بەجۆریان، بۆ ئەو ولاّتانە هێنا، کەنامۆبوون بەو کۆمەلّگایانە. سەرەڕای ئەوەش، نەبوونی کولتووری یەکتر قەبوولّکردن و، بێدەنگ بوون لەئاست ئازادییەکانی تاك، لەلای کەسی کۆچکردوو، رووبەڕووی کۆمەلّێك کێشەی کردنەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، پابەند بوون بەئایین و بەگشتی کردنی و، نەزانینی زمان و، کارنەکردن و، زۆر هۆکاری تریش، رووبەڕوو بوونەوەکەی فراوانتر کردووە.

هەر چەندە دیاردەی رەگەزپەرستی لەسەر ئاستی دەسەلاّت و پارت و رێکخراوە دیموکراتی و مەدەنییەکان بەمانای وشە بوونی نییە.. بەلاّم بلّێین و نەلّێین، رەگی ئەو دیاردە مەودایەکی لەمێژینەی هەیە، بەهۆی ئەم شەپۆلە زۆرەی پەنابەران و، دروستکردنی سەدان کێشە، کە بەشێکیان پەنابەرەکان خۆیان لێیی بەرپرسیارن. ئەو هەستی رق لێبوونەوەیە، لە پاش سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، زێتر زەق بوونەتەوە. کۆمەلّێك رێکخراو و پارتی بچووك بچووکی راستڕەویش، سوودیان لەو بۆشاییانە وەرگرتووە و، توانیویانە، وردە وردە خەلّك لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و، بە کولتووری خۆ بە گەورە زانین و، رق بوونەوە لە بێگانەکان، زێتر دەولّەمەندیان بکەن.



ئەنجامی رووبەڕوو بوونەوە و بەرکەوتنی کولتوورەکان، زۆرجاران کاری توند و تیژیشی لێکەوتۆتەوە و، بەمەرگی ئاوارەکان، کۆتایی پێهاتووە. لێرەدا، بەکورتی هەولّ دەدەین، چەند وێستگەیەکی ئەو راستڕەوانە بەسەر بکەینەوە و، هۆکارەکانی گەشەکردنیشیان، دەستنیشان بکەین.

### ⋆ ئەلّمانیا

نموونەی هەرە دیاری ئەو هەستی راستڕەوییە لە پارتە بچووکەکانی وەك (پارتی کۆمارییەکان RED و، پارتی گەلی ئەلّمانیا DVU و، پارتی دیموکراتی نەتەوەیی (NPD)، بەرجەستە دەبن. لەناو ئەو سێ رێکخراوەشدا، پارتی دیموکراتی نەتەوەیی، لەهەمموویان زێتر، ئەندام و لایەنگیریان هەیە و، توانیویانە، لەماوەیەکی کەمدا، بنکەکانیان فراوان بکەن و، جەماوەرەکەیان بەرۆشنبیری رەگەزپەرستییەوە، پەروەردە بکەن. ئەم پارتە لەسالّی ١٩٦٤دا، لەکۆبوونەوەی (بزووتنەوەی راستڕەوەکان)دا، دامەزراوە. داوای سەرەکییان، گەڕانەوەی سنوورە میللییە کۆنەکانی ئەلّمانیا و، پاك و بێگەردی خوێنی ئەلّمانە.

(NPD)، لە سالاّنی ١٩٦١-١٩٦٨دا، توانی لە پەرلەمانی حەوت هەرێمدا بەشدار بێت. لە سالّی ١٩٦٨دا زێتر لەسی هەزار ئەندامیان هەبووە[1]. لەمە بەدواوە، وردە وردە لەکورتییان داوە، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، کەنەیانتوانیووە لەپەرلەمانی هیچ هەرێمێکدا تاکە ئەندامێکیان هەبێت... کەچی دوای نەوەدەکان، بە تایبەتیش سالّی (١٩٩٥)، رۆژ بە رۆژ، ژمارەیان لە زیاد بووندایە.

ئەو پارتە و، رێکخراو و کۆمەلّە هاوبیرەکانی، چالاکی و دروشمەکانیان خۆی لەم کارانەدا دەنوێنێت:

- شکاندن و تێکدانی گۆڕستانی جوولەکەکان.

---

١. سەفەری رەش، ئیسماعیل تەنیا، ل٩٤.

- ئاگر تێبەردانی کەمپی پەنابەران.
- ئاگر تێبەردانی ماڵی بێگانەکان.
- لێدان و کوشتنی بێگانەکان.
- نامەی هەڕەشە ئامێز فڕێدانە سندووقی پۆستی بێگانە موسڵمانەکان.
- نووسینی دروشم و، جوێن دان و، سوکایەتیکردن بە ئایینی ئیسلام، لەسەر دەرگا و دیواری مزگەوتەکاندا.
- پیسکردنی مزگەوتەکان و ئۆتۆمبێلی بێگانەکان، بە پیسایی.
- ئاگر تێبەردانی مزگەوت و بارەگای کۆمەڵە کولتوورییەکان... تاد.

سەرەڕای ئەنجامدانی ئەم کارانە بە نهێنی و، دوور لە چاوی خەڵك، زۆر جارانیش بە ئاشکرا و لەسەر شەقامەکان خۆپیشاندان ساز دەکەن و، دروشم گەلێکی دژ بە بێگانە موسوڵمانەکان دەڵێنەوە و، لە هەندێك حاڵەتیشدا، پەلاماریان دەدەن و، دەکەونە گیانیان. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩١دا، (٢٤٢٦) تاوانی دژ بە بێگانەکان ئەنجامدراوە. لەوانە (١٠) هەوڵی کوشتن بووە. (٣٨٦) کەس بریندار بوونە. (٢٩) ئاگرتێبەردان و، تەقاندنەوەی کەمپەکان.

بەپێی داخۆیانی وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیای فیدراڵ، لە ساڵی (١٩٩٦)دا، ژمارەی بریندارە بێگانەکان (٣٠٧) کەس بووە، کەچی لە ساڵی (١٩٩٧)دا، ڕێژەکە بەرزتر بووە و بۆتە (٤٠٦) بریندار.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن پۆلیسەوە تۆمارکراون، ژمارەی راستڕەوەکان لەساڵی ١٩٩٧دا بوونەتە (٤٨٤٠٠) کەس، کە (٧٦٠٠) کەسیان ئەوەندە پەڕگیرن و ئامادەی دەست وەشاندن. بنکەی سەرەکی و فراوانبوونیان، زێتر رۆژهەلاتی ئەڵمانیایە. ژمارەی ئەندامەکانی ئەو پارتە نازییانە، بەگوێرەی سەرچاوەکانی پاراستنی دەستوور، بەم شێوەیە:

١- پارتی کۆمارییەکان لەساڵی ١٩٩٨دا، (١٥) هەزار ئەندامیان هەبووە.



٢- پارتی گەلی ئەڵمانی DVU لەساڵی ١٩٩٨دا، (١٨) هەزار ئەندامیان هەبووە.

٣- پارتی دیموکراتی نەتەوەیی NPD لە ساڵی ١٩٩٩دا (٦) هەزار ئەندامییان هەبووە[1].

(NPD) لەساڵی ٢٠٠٥دا، لە ویلایەتی (ڤێشڤێرن)ی رۆژهەلاتدا، توانییان لە (١٠٪)ی دەنگەکان مسۆگەر بکەن و، دوازدە کورسی پەرلەمان وەدەست بێنن. هەروەها لەویلایەتی (میکلنبۆرگ)یش توانییان لە (٧/٣٪)ی دەنگەکان وەدەست بێنن و، ببنە خاوەنی شەش کورسی. لە کۆی شازدە ویلایەت، لە سێ ویلایەتدا پەرلەمانتاریان هەیە. ئەوانەی دەنگیشیان بەو پارتە داوە، تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢٤) ساڵیدا بووە و، زۆربەشیان بێکار و، ئاستی خوێندەوارییان نزم بووە[2].

بە گوێرەی ئەو ئەنجامەی کە نووسینگەی تاوانەکانی ئەڵمانیای فیدراڵ، بلاۆیکردۆتەوە، کە ساڵی (٢٠٠٤) (٥١٢٧) تاوان و، ساڵی (٢٠٠٥)، (٥٦٠٠) تاوان و، لە نێوان کانوونی دووەم و ئابی (٢٠٠٦)یشدا، هەشت هەزار تاوان دراوەتە پاڵ ئەو پارتە، کە زۆربەیان دژی بێگانەکان ئەنجامدراوە و[3] (١٤٠٠) تاوان لە ساڵی (٢٠٠٥) زێترە.

لە راپۆرتێکدا کە رۆژنامەی (دی تسایت)ی ئەڵمانی بلاۆیکردۆتەوە، لەسەرجەم ئەڵمانیاشدا لەساڵی (٢٠٠٥)دا، (١٠٢٧١) تاوان تۆمارکراوە، کەهەستی رەگەزپەرستی لەپشت ئەو تاوانانە بووە. (٥٨٨)یان کاری توندوتیژی بووە. لەساڵی (٢٠٠٦)یش، ژمارەکە بۆ (١٢٢٣٨) تاوان بەرز بۆتەوە و، (٧٢٦)یان تاوانی

١. هەمان سەرچاوە، ل٩٦.

٢. نتائج إنتخابات مكلنبورغ وبرلين: تحذير أولي لحكومة ميركل، www.dw-world.de، 18/10/2006.

٣. اليمين المتطرف ينمو بشكل مقلق في ألمانيا، إعتدال سلامة، www.elaph.com، 17/10/2006.

توندوتیژی و، (٨٧٣٨)یان پڕوپاگەندە و چالاکی بووە بۆ پاڵپشتی کردن و، بلاوکردنەوەی هەستی رەگەزپەرستی[1].

بە گوێرەی داخۆیانی داواکاری گشتی فیدراڵ، تەنها لەشاری (دریسدن)ی سەر بەویلایەتی (زاکست)، چل کۆمەڵەی راستڕەو هەیە، کەژمارەی ئەندامەکانیان خۆی لە (١٨٠٠) کەس دەدات[2].

لەخوێندنەوەی ئەو ژمارانەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە رۆژ بەرۆژ، چالاکییەکانی ئەو پارتە و هاوبیرەکانیان، بەرفراوانتر دەبێت، ئەگەر جاران دەگوترا، تەنها خەڵکی رۆژهەلاتی ئەڵمانیا دژی بێگانەن، ئەوە لێکۆڵینەوەکەی دامەزراوی (فریدریش ئێبەرت)، ئەو بۆچوونەی پێچەوانە کردۆتەوە. ئەو دامەزراوە، نزیکی (پارتی سۆسیالیستی دیموکرات)ە و، دەریخستووە کە لە (٩,١٪)ی خەڵکی رۆژئاوا و، لە (٦,٦٪)ی رۆژهەلات دژی بێگانەکانن. لە وەلامی چەند پرسیارێکی ئەو دامەزراوەشدا لە (٢٦٪)ی خەڵکە راوەرگیراوەکان، پێیان وایە یەك پارت حوکمی ئەڵمانیا بکات و، لە (٧٪)یشیان نەتەوەی ئەڵمان بە نەتەوەیەکی پاك و سەردەستە دەزانن. لە (١٥٪)یشیان دەخوازن پێشەوایەکی دیکتاتۆر حوکمی ولات بکات[3]. بەگوێرەی راپۆرتی (دامەزراوەی سیستەم و دژایەتیکردنی توندوتیژیی سەر بەزانکۆی بیلیفلد) کە راپرسییەکیان لەنێوان دە هەزار کەسدا ئەنجامداوە، لە (٦٠٪)ی رۆژهەلاتییەکان و، لە (٤٦٪)ی رۆژئاواییەکان دژایەتی بێگانە دەکەن، زۆرترین دژایەتی کردنەکەش کەدەگاتە رێژەی لە (٦٣/٧٪)، لەویلایەتی (میکلنبۆرگ- فۆربۆمرن)ە[4].

١. العنف ضد الأجانب في ألمانيا يسجل أعلى مستوياته، ماڵپەڕی www.dw-world.de، 7/2/2007.

٢. ماڵپەڕی www.elaph.com، 5/1/2007.

٣. دراسة: الفكر اليميني المتطرف ينتقل من هامش المجتمع الألماني إلى وسطه، www.elaph.com، 10/11/2006.

٤. كره الأجانب في الريف الألماني أكثر من المدن، إعتدال سلامة، www.elaph.com، 15/12/2006.



یازدەی سێپتێمبەری ٢٠٠١، کاریگەرییەکی نێگەتیفی لەسەر بۆچوونی رۆژئاواییەکان دەربارەی ئیسلام، دروستکردووە و، ئەنجامەکەشی بەخراپ بەسەر رەوەندی ئیسلامییەوە شکاوەتەوە. بەگوێرەی راپرسییەك کە (ئامۆژگای ئەلینسباخ) بۆ لێکۆڵینەوە، کە لەسەر داوای رۆژنامەی (فرانکفۆرتەر ئەلگیماینە تسایتونگ) ئەنجامیداوە و، رۆژنامەکەش ئەنجامی راپرسییەکەی لە ٢٠٠٥/٥/١٧دا، بلاوکردۆتەوە. بەپێی ئەنجامەکان:

- لە (٦٠٪)ی ئەڵمانەکان پێیانوایە رۆژێك دادێت (درەنگ یان زوو)، کێشەو رووبەڕوو بوونەوە لەنێوان ئەڵمانەکان و رەوەندی ئیسلامی روودەدات.
- لە (٥٦٪)یان پێیانوایە، ململانێ لەنێوان کولتوورە جیاوازەکاندا هەیە. هەر لەپاش رووداوی سێپتێمبەردا، لەئەنجامی راپرسییەکی تردا، دەرکەوتووە، کە:
- لە (٨٣٪)ی خەڵکەکە پێیانوایە، ئایینی ئیسلام، ئایینێکی پڕ لەتوندوتیژی و رەگەزپەرستییە. کەچی دوو ساڵ پێشتر لە (٧٣٪)ی خەڵکەکە ئەو رایەیان هەبووە.
- لە (٤٩٪) پێیانوایە، ئیسلام ئایینێکی کۆنە پەرستییە.
- لە (٧١٪) پێیانوایە، ئیسلام ئایینی لێبوردەیی نییە، کەچی دوو ساڵ لەمەوبەر، لە (٦٦٪)ی خەڵك ئەو رایەیان هەبووە.
- لە (٩١٪)یان هەرکە گوێیان لە وشەی (ئیسلام) دەبێت، یەکسەر نایەکسانی و جیاوازی نێوان ژن و پیاویان دەکەوێتەوە بیر.
- لە (٦١٪)یان دەڵێن، رۆژێك دادێت توندوتیژی لەنێوان ئەڵمانەکان و، رەوەندی ئیسلامی روودەدات.
- لە (٦٠٪)یان دەڵێن، ئیسلام ئایینێکی دیموکرات نییە.
- لە (٨٪)یان، پێیانوایە ئیسلام ئایینێکی ئاشتیخوازە.
- لە (٥٦٪)یان دەڵێن، گەر ولاتە ئیسلامییەکان رێگا نادەن کەنیسە لەولاتەکانیان بکرێتەوە، دەبێت ئێمەش رێگا نەدەین مزگەوت لەولاتەکانمان بکرێتەوە[1].

١. الالمان ينظرون بعين الشك والريبه إلى الاسلام والمسلمين، www.elaph.com، 26/5/2006.

## ★ هۆڵەندا:

لەو وڵاتەشدا هەستی رەگەزپەرستی هاوشانی وڵاتە رۆژئاواییەکانی تر، لەهەڵکشاندایە، بەتایبەتیش دوای کوژرانی دەرهێنەری هۆڵەندی (تیوڤان کۆخ)، لەرێکەوتی ٢٠٠٤/١١/٢ لەسەر دەستی (محەمەد بوێری) بەرەگەز مەغریبی تەمەن (٢٧) ساڵە. پاش ئەو رووداوە، ململانێیەکان بەئاراستەی توندوتیژی رۆیشت و، هەردوولا (رەگەز پەرستە هۆڵەندییەکان و موسڵمانە پەڕگیرەکان)، هێرشەکانیان دژی یەکتر خەستتر کردەوە. لەو سەروبەندەدا، لەرۆژی ٢٠٠٤/١١/٦، لەشاری (ئۆترێخت)دا، هێرش کرایە سەر کۆمەڵەی مەغریبی و عەرەبی و ئیسلامییەکان. رۆژی (٢٠٠٤/١١/٧)یش، هێرش کرایە سەر مزگەوتی (نەسر) لەشاری (هۆتسین). لەهەمان رۆژیش هێرش کرایە سەر مزگەوتی شارەکانی (ئێندهۆڤن و رۆتردام و بەریدا). لەژێر فشاری ئەو راستڕەو و، کارە تیرۆریستییەکانی موسڵمانە پەڕگیرەکان، پەرلەمانی هۆڵەندا پرۆژە پێشنیارێکی پێشکەش بەحکومەت کردووە، کەتیایدا داوا دەکات ئەو مەلایانەی کەهانی توندوتیژی دەدەن، تا ساڵی (٢٠٠٨)، دەبێت لە هۆڵەندا دەربکرێن.

گرووپ و کۆمەڵە راستڕەوەکان تادێت فراوانتر دەبن و، وردە وردەش توانیویانە بگەنە دەسەڵات.. رێکخراوی گەلی هۆڵەندا، کە لەبڵاوکراوەکانیدا زۆر بەئاشکرا دژایەتی موسڵمانەکان دەکات و، لەیەکێك لەبڕگەکانی بەرنامەکانیدا زۆر راشکاوانە داوای داخستنی مزگەوتەکان دەکات[١].

پەیڕەوکارانی (فۆرتاین)[٢]، هێدی هێدی زۆر دەبن و، لیست و پارتی جۆر بەجۆری راستڕەوی لێدەکەوێتەوە. ئەو لیستەی کە بەناوی (لیستی فۆرتاین)، بۆ

---

١. ئیمارەتی هۆڵەندا، ل١١٠.

٢. فۆرتاین ١٩٤٨-٢٠٠٢، مامۆستایەکی زانکۆ بوو، چەندین پارتی سۆسیالیستی تاقیکردبۆوە، سەرەنجام ببووە سیاسەتمەدارێکی راستڕەو و، جەماوەرێکی زۆری لەدەوری خۆی کۆکردبۆوە، تا



هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ ئامادە کرابوو، توانییان (٢٦) کورسی لەکۆی (١٥٠) کورسی، مسۆگەر بکەن[١].

بەهۆی هەوڵی ئەو راستڕەوانە و، ئەو ترس و تۆقاندنەی کەموسڵمانە پەڕگیرەکان ئەنجامی دەدەن، توانراوە کۆمەڵگای هۆڵەندی بەرەو ئاقارێك ئاڕاستە بکرێت، کەهیچ مرۆڤێکی ئازادیخواز و دیموکرات، خوازیاری ئەو ئاڕاستەیە نییە.

ئەنجامی ئەو راپرسییەی کە بنکەی (ئارئێم ماتریکس) لەنێوان (٧٥٠) کەس کە سەرجەم چین و توێژەکانی هۆڵەندی گرتۆتەوە، ئەنجامیداوە و، لەرۆژی ٢٠٠٦/٢/١٨دا بلاوکراوەتەوە، دەرکەوتووە کەزۆربەی هۆڵەندییەکان لە ئیسلام وەك ئایینێك، دەترسێن. لە (٤٠٪)یان پێیانوایە ئیسلام و دیموکراتییەت دوو هێڵی تەریبن[٢].

## ★ دانیمارك:

پاش بلاوکردنەوەی ئەو (١٢) کاریکاتێرەی کە لەرۆژی ٢٠٠٥/٩/٣٠ لەرۆژنامەی (یولاندس پۆستن)دا بلاوکرایەوە، کە بەگەورەترین و بەربلاوترین رۆژنامە دەژمێردرێت، پەچەکرداری پڕ لەهێرشی راگەیاندن و، یەکتر تاوانبارکردنی، لەنێوان موسڵمانەکان و دانیمارکییە راستڕەوەکان، لێکەوتەوە. (پارتی گەلی دانیمارك) راستڕەو، ئەو هەلەی قۆستەوە و، هەوڵیدا زێتر بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری بهێنێت و، هەوادارەکانی لەمەترسی رەوەندی ئیسلامی وریا بکاتەوە. ئەو پارتە رادیکاڵە، سێیەم فراکسیۆنە لەناو پەرلەمانیدا و، دوای ئەو کاردانەوە پڕ لە

---

لەرۆژی ٢٠٠٢/٥/٦، لەلایەن کەسێکی چەپڕەوەوە کوژرا، بڕوانە کتێبی، ئیمارەتی هۆڵەندا، ل١١٠-١١٣.

١. ئیمارەتی هۆڵەندا، ل١١٣.

٢. الهولنديون خائفون من الاسلام، عبدالرحمن الماجدي، ماڵپەڕی www.elaph.com، 18/2/2006.

توندوتیژییەی ولاّتان و شەقامی ئیسلامی، توانیویانە خەڵکێکی زۆرتر لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە و، قەناعەت بەو کەسانەش بهێنن کە تادوێنێ دژایەتییان دەکردن. لەهەڵبژاردنەکانی شوباتی ٢٠٠٥دا توانییان (٢٤) کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکەن.

بە گوێرەی ئەو راپرسییەی کەدوای ئەو تەنگژەیە ئەنجامدراوە، ئەگەر بێت و هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری پەرلەمان بکرێتەوە، ئەوا (پارتی گەل) یەکەم سوودمەند دەبێت لەو قەیرانە و، دەتوانێت رێژەی (٨,١٣٪) دەنگەکان بەدەست بهێنێت و سی و دوو کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکات، لەو کاتەشدا هیچی وایان نامێنێت ببنە دووەم فراکسیۆنی بەرهەڵستکار لەناو پەرلەماندا[1].

هەندێك رۆژنامەی بەربڵاوی ئەورووپایی تریش کەنوێنەرایەتی ئەو پەڕگیرانە دەکەن و، بەبیانووی بیروبۆچوونی ئازادەوە، زێتر بەنزینیان بەئاگرەکەدا کردووە. بۆ نموونە، رۆژنامەیەکی فەرەنسی، پاش دووبارە چاپکردنەوەی کاریکاتێرەکان، حەوت قات تیراژی زێتر فرۆشراوە. هەروەها کۆمپانیایەکی ئەمریکاییش بەنیازی قازانج و زێتر کەلەبەر خستنە نێوان ئەو دوو جەمسەرە، هەمان کاریکاتێرەکانی لەسەر "تیشێرت" چاپکردۆتەوە. پاش زێتر لەساڵێك تێپەڕبوون بەسەر ئەو قەیرانە، رۆژی ٦/١٠/٢٠٠٦، چەند گەنجێکی سەر بەهەمان پارتی ناوبراو، لە کاتی گەشتکردنیان دا سوکایەتی بەپێغەمبەر (د.خ) دەکەن و، وێنەی دیمەنەکەش تۆمار دەکەن، کەدواتر لەکەناڵی (TV.٢)ی دانیمارکی بلاّوکرایەوە.

هەروەها یەکێك لەکەسایەتییە سیاسەتمەدارە دیارەکانی دانیمارکی کەسەر بە (پارتی گەل)ە، بەناوی (مۆنیس گلسترۆب) دەڵێت، پێویستە موسڵمانەکان لەدانیمارکدا دەربکرێن و، لەکەمپێکدا کۆبکرێنەوە، ژن و کچەکانیشیان لە بازاڕدا هەرزان فرۆش بکرێن... هەروەها دەڵێت، بەمانەوەی ئەوانە لە دانیمارك، زیانێکی

١. قضية الرسوم تعزز موقع اليمين المتطرف في الدانمارك، www.elaph.com، 12/2/2006.



زۆر بە ئابووری ولاّت دەگات، ئەو موسڵمانانە بەناوی نوێژکردنەوە، رۆژانە، چوار جار کارەکانیان بەجێدەهێڵن[1].

### ★ نەمسا:

(پارتی ئازادیخوازی نەمسا)، کە پارتێکی توندڕەوی رەگەزپەرستە، لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٩دا، توانییان لە (٣٠٪)ی دەنگەکانی پەرلەمان بەدەست بهێنن[2].

ئەو پارتە، (د.یۆرگ هایدەر) رێبەرایەتیی دەکات و دۆستێکی نزیکی رژێمە دیکتاتۆرەکانە. سەرەڕای گۆشەگیر کردنی رژێمی لەناوچووی سەدام لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و، کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە. (هایدەر) لەشوباتی (٢٠٠٢)دا، سەردانی عێراقی کرد و، چاوی بەسەدام کەوت و، پشتیوانی خۆی بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە، بۆ دیکتاتۆر دووپاتکردەوە.

نازییەکان، لەتەواوی دونیادا وێنەی سەدام و هیتلەر پێکەوە هەڵدەواسن. بۆ نموونە، پۆلیسی (باڤاریا)ی ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٩٣دا، بنکەیەکی نازییەکانی دۆزییەوە، کەوێنەی هیتلەر و سەدامیان پێکەوە هەڵواسیبوو. لە چەندین پایتەختی دونیادا، باشترین پەیوەندییان لەگەڵ باڵوێزخانەی عێراق، دروستکردبوو. تەنانەت لە زۆر رۆژنامە و راگەیاندنیشدا، قسە لەسەر ئەوە دەکرا کە چەندین رێکخراوی نازی لە پشت ناردنی چەکەوە بوون بۆ سەدام حوسێن[3].

پارتی ناوبراو لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦دا، توانییان لەکۆی (١٨٣) کورسی، (٢١) کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکەن، بەوەش لەدوای (پارتی

١. مسلمو الدانمارك... في مواجهة الحقد الصليبي، عبدالرحمن أبو عوف، www.islamtoday.net، 8/3/2006.

٢. سەفەری رەش، ل٩٨.

٣. ئیمارەتی هۆڵەندا، ل١٠٩ و ٢٠٧.

سۆسیالیست) و (پارتی گەل) و (سەوزەکان)، بەچوارەم پارت لەقەڵەم دەدرێن[1]. ئەو پارتە زۆر دژی بێگانەیە، بەتایبەتیش موسڵمانەکان. هەوڵدەدەن سیستەمی وەرگرتنی پەنابەران، توندتر بکرێت، چونکە پێیانوایە بێگانەکان سەرچاوەی زۆربەی تاوانەکانن کە لە وڵاتدا ئەنجامدەدرێن.

لە هەمان هەڵبژاردندا، دروشمی پارتە پەڕگیرەکان، دژی بێگانەکان بوو. رێکخراوی (یەکگرتووی دوارۆژی نەمسا)، بەڵێنی ئەوەی دەدا، ئەگەر بێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەوا (٣٠٠) هەزار بێگانە لەوڵات دەردەکەن. هەروەها (پارتی ئازادیخوازی نەمسا)ش، دروشمی (نیشتمان لەجیاتی ئیسلام)ی بەرز کردبۆوە و، لە (١١,٢٪) دەنگەکانی بەدەست هێنا، کەرێژەی لە (١,٢٪)ی لەساڵی ٢٠٠٢دا زێتر بوو. (رێکخراوی دوارۆژی نەمسا)ش، توانی لە (٤,٢٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت[2].

بێجگە لەو پارت و رێکخراوە پەڕگیرە ناو هاتوانەش، چەندان گرووپی تر، نموونەی (کۆمەڵەی گەنجە ئازادیخوازەکان) و (یەکێتی لاوانی ئازادیخوازی نەمسا) و.... تاد، لەگەشە سەندندان و، دروشمی (قوربانیدان لەپێناوی نیشتمان)یان، بەرزکردۆتەوە.

## ★ فەڕەنسا

فەڕەنسا، سەنتەرێکی تری بزووتنەوەی راستڕەوەکانە، (جان ماری لۆپین)ی سەرۆکی (بەرەی نیشتمانی فەڕەنسی) راستڕەو، لەخولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا، رکابەرایەتی (جاك شیراك) و (جۆسپان)ی دەکرد، ئەوەی دواییانی بەزاند. (پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی تەوا شکستی هێنا و، توانییان لە (٣٪)ی دەنگەکان

١. ئاژانسی دەنگوباسی ئیتاڵی (ئاکی) www.adnki.com، 28/12/2006.

٢. أوروبا نحو مزيد من التشدد والعداء تجاه الأجانب المهاجرين، www.dw-world.de، 7/10/2006.



وەدەست بهێنن. (جۆسپان) لەبەردەم میدیاکاندا، دانی بەشکستەکەیدا هێنا و، بڕیاریدا دەست لەکاری سیاسەت بکێشێتەوە. لەم هەڵبژاردنەدا، چەپڕەوی پەڕگیر و راستڕەوی پەڕگیر کەوتنە رکابەرایەتییەوە. چەپڕەوەکان لە (١١٪)ی دەنگەکانیان هێنا، کەچی راستڕەوەکان لە (١٩٪)ی دەنگەکانیان هێنا. بەواتایەکی تر، هەستی راستڕەوی، زاڵ بوو بەسەر چەپڕەویدا.

(جان ماری لۆپین) چۆن لەهەشتاکاندا بانگەوازی دژایەتیکردنی پەنابەران و، دەرکردنیانی دەکرد و بەسەرچاوەی بێکاری و تاوانی دەزانین، ئەوهاش لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢/٥/٥دا، بانگەوازەکانی بریتی بوون لە:

- پەشیمان بوونەوە لەپارەی یەکگرتووی ئەورووپایی (یۆرۆ) و، خستنەوەکاری (فرەنك)ی فەڕەنسی.
- دانانی رادەیەك بۆ بێگانەکان و، بەپەناهەندە وەرگرتنیان.
- بەتاڵکردنەوەی جووت رەگەزنامە بۆ بێگانەکان، وەك (فەڕەنسی و جەزائیری) و (فەڕەنسی و مەغریبی) و، (فەڕەنسی و تورکی) و..... تاد.
- سنوور دانانێك بۆ بنیاتنان و، کردنەوەی مزگەوتەکان و، کەمکردنەوەیان.

ئەو پارتەی (لۆپین)، لەخولی دووەمی هەڵبژاردندا رێژەی (١٧/٩٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا[1].

بۆ زانینی پێگەی (بەرەی نیشتمانی) لەناو جەماوەردا، ئامۆژگای (CSA)ی فەڕەنسی بۆ راپرسی، راپرسییەکی لەنێوان (١٠٠٢) کەسدا کردووە و، رۆژنامەی (لۆمۆند)یش لەرۆژی ٢٠٠٦/١١/٢٤دا، ئەنجامەکەی بڵاوکردۆتەوە، کە لە (١٧٪)ی خەڵکەکە دەنگ بە (لۆپین) دەدەن[2].

١. سەفەری رەش، ل١٠٠-١٠١.

٢. ئاژانسی دەنگوباسی ئیتاڵی (ئاکی)، www.adnki.com، 24/11/2006.

جگە لەو بەرەیەش، دەیان گرووپ و کۆمەڵەی راستڕەوی تر هەن کەدژایەتی بێگانەکان دەکەن و، سوود لەو تەنگژە جیهانییە وەردەگرن، کە موسڵمانەکان، تێیکەوتوون. (بزووتنەوەی لەپێناوی فەرەنسادا)، کەسەرۆکەکەی (فلیپ دۆفلییە)یە و، دژی دروستکردنی مزگەوتە لەوڵاتدا.

ئەو رێکخراوانە، سەرەڕای پڕوپاگەندەی راگەیاندن، کار و چالاکی توندوتیژیش، دەرهەق بەموسڵمانان ئەنجامدەدەن و، پیرۆزییەکانیان پێشێل دەکەن. لەسەرەتای نیسانی ٢٠٠٤دا، چەند راستڕەوێکی پەڕگیر، گۆڕستانی موسوڵمانەکانیان لە (ستراسبۆرگ)، پیسکرد و، چەند وێنە و دروشمی نازییەکانیان لەسەر ڕەسم کرد. هەروەها لەڕۆژی ٢٠٠٤/٤/١٩دا، لەناوچەی (میلانۆ)ی شاری (ستراسبۆرگ)دا، چەند دروشمێکی دژ بەموسڵمانەکانیان لەسەر مزگەوتی (ئەبو ئەیوب ئەلئەنساری)، نووسیبوو. رۆژێك دواتریش، هەمان گرووپ، لەسەر دەرگای مزگەوتەکەیان نووسیبوو: (مردن بۆ عەرەبەکان).

رۆژی ٢٠٠٤/٤/٢١یش لە هەمان شاری ناوبراو، هەوڵی سووتاندنی مزگەوتێکیاندا[1].

## ★ ئیسپانیا

بەهۆی لەیەکتر نزیکبوونی سنوورەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان و، هەبوونی مێژوویەکی پڕ لەشەڕ و داگیرکاری، هەستی راستڕەوی لەوێش لە پەرەسەندندایە، بەتایبەتیش دوای تەقینەوەکەی (مەدرید)ی پایتەخت، لە ٢٠٠٤/٣/١١، کە (١٩٢) کوژراو و، (١٤٠٠) برینداری لێکەوتەوە. پاش ئەو رووداوە، (پارتی گەلی ئیسپانی)، هەوڵەکانی چڕتر کردووە لەپێناوی کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوری بەرنامەکەی، کەدژی بێگانەکانە. ئەو پارتە لە رۆژنامەکاندا، ئەوەی

١. مسلمو ستراسبورغ يطالبون بوقف الاعتداءات، www.islamonline.net، 24/4/2004.



بڵاوکردەوە کەزیندانی کراوە موسڵمانەکان، لەناو زیندانەکانیشدا، چالاکی پەڕگیری ئەنجامدەدەن و، (کۆماری تالیبان)ەکانیان، دروست کردۆتەوە.

بەپێی ئەو زانیارییە راگەیاندراوانە، پاش تەقینەوەکەی (مەدرید)، ژمارەی زیندانییەکانی ئیسپانیا گەیشتۆتە (٦٠) هەزار کەس کە لە (٧٠٪)یان موسڵمانەکانن. لەزۆربەی زیندانەکاندا، موسڵمانە بەندکراوەکان، مەلا و وتارخوێن، سەرپەرشتیان دەکەن و، بوونی ئامێرەکانی وەك (تەلەفزیۆن و رادیۆ) یاساغە و، لێشناگەڕێن گۆڤار و رۆژنامە بگاتە دەستی زیندانییەکان.. تەنها رێ بەخوێندنی قورئان دەدەن[1].

هەروەها راپۆرتی رێکخراو و دامەزراوە مەدەنییە ناحکومییەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە لەساڵی ٢٠٠٦دا، بەشێوەیەکی سەرنج راکێش، چالاکی نازییە تازەکان لەزیاد بووندایە و، پێیانوایە زێتر لە سەد کۆمەڵە و رێکخراویان لەسەرجەم وڵاتدا هەیە، ساڵانەش زێتر لەچوار هەزار دەست درێژی دەکەنە سەر بێگانەکان.

جگە لەو وڵاتانەی کە باسمان کردن، لەزۆر وڵاتی تری ئەوروپاشدا ئەو هەستە لەپەرەسەندندایە و، رۆژ بەڕۆژ خەڵك لەدەوری بەرنامەکانیان کۆدەبنەوە. ئەوەتا لە (سویسرا)ش خەڵکەکە داوای توندکردنی وەرگرتنی پەناهەندەکان دەکەن و، لەڕاپرسییەکدا، لە (٦٨٪)ی خەڵکەکە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بوون.

هەروەها لە (نەرویج)یش، لەڕاپرسییەکی (ئەنجوومەنی ئاوێتە بوون)دا، دەرکەوتووە کە لە (٤٠٪)ی نەرویجییەکان، نایانەوێت مزگەوت لەگەڕەکەکانیاندا، بکرێتەوە.

١. حملة يمينية على المسلمين بسجون إسبانيا، www.islamonline.net، 31/10/2004.

# ترسان لە زۆربوون

بەهۆی سەقامگیر بوونی کولتووری جیاواز و، گیانی لێبوردەیی، ئەمڕۆکە ڕۆژئاوا بۆتە مەڵبەندی کولتوور و نەتەوە و ئایین و، ئایینزا جیا جیاکان. هیچ دووریش نییە لەداهاتوویەکی نزیکدا، ئەو بێگانانەی ئەمڕۆکە لەو مەڵبەندەدا میوانن، ببنە خاوەن ماڵ و، ڕێژەکەشیان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خاوەن ماڵە ڕەسەنەکان، نەبێت.

ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی پەڕگیرن، لەو ساڵانەی دواییدا بەهۆی زۆربوونی بێگانە و لەکورتی دانی دانیشتوانە ڕەسەنەکە، زۆر لەونبوونی ناسنامەکەیان دەترسن.

بەگوێرەی هەموو ڕاپۆرتەکان، چ ئەوانەی فەرمین و لەسەنتەرەکانی دەسەڵاتەوە دەردەچن، چ ئەوانەی لێکۆڵەر و ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەریدەکەن، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەڕێژەی زۆربوون لەنێو ڕەوەندی موسڵمانەکاندا لەچاو ڕۆژئاواییەکان زۆر زۆرترە.

ئەگەر بەراوردێك لەنێوان وڵاتی ڕەسەنی موسڵمانەکان و وڵاتە خانەخۆییەکان بکەین، جیاوازییەکان ڕوونتر دەبێتەوە. زۆرترین ڕێژەی زاوزێ لەوڵاتەکانی ڕۆژئاوا (کە موسڵمانەکان وەك پەنابەر لێیدەژین)، لەوڵاتی نەرویجدایە و ڕێژەکە (١,٩٪)ە. کەمترین ڕێژەش لەوڵاتی ئیسپانیادایە کە (١,٢٪)ە. ڕێژەی زۆر بوونیش لەو وڵاتانەی کە بەسەرچاوەی سەرەکی موسڵمانەکانی ڕۆژئاوا دەژمێردرێت، زۆرترین ڕێژە لەوڵاتی ئەفغانستانە کە (٦,٧٪)ەو، کەمترینیشیان لەتورکیایە کەڕێژەی (٢,٤٪)ە.

زۆربەی هەرەزۆری وڵاتی ڕەسەنی ڕەوەندەکە (تورکیا و مەغریب و جەزائیر و لوبنان و پاکستان و فەلەستین و عێراق و ئێران و میسر و ئەفغانستان و سوریا)یە،



ڕێژەی تێکڕایی زاوزێش لەو وڵاتانەدا، (٣,٩٪)یە. ئەو شوێنانەی کە ئەو ڕەوەندەش لێیگرساونەتەوە، وڵاتەکانی (ئەڵمانیا و فەڕەنسا و بەریتانیا و هۆڵەندا و سویسرا و نەمسا و ئیتاڵیا و یۆنان و ڕۆمانیا و سوێد و نەرویج و دانیمارك و بەلجیکا و ئیسپانیا)یە، کەڕێژەی تێکڕا (معدل)ی زۆربوون لەو وڵاتانەدا (١,٥٪)ە.

بەبەراورد کردن و لێدەرکردنی ئەو دوو ڕێژەیە، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کەڕێژەی زاوزێکردن لەنێو ئەو ڕەوەندەدا بەقەدەر (٢/٤)، لەچاو ڕۆژئاواییەکان، زێترە. هەر ئەو بەرەنجامەشە، ترسێکی گەورەی لەلای ڕۆژئاواییەکان، دروستکردووە.

بۆ دڵنیابوون و، زێتر گەیشتنە ڕاستی، خۆم هاوکێشەیەکی ترم دروستکرد، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیم لەسەر (١٥٢) خانەوادەی ڕەوەندی ئیسلامی لەوڵاتەکانی (ئەڵمانیا و هۆڵەندا و بەریتانیا و دانیمارك و سویسرا و سوێد) کرد، کەسەر بەنەتەوەکانی (تورك و عەرەب و کورد و ئەفغانی و ئەلبانی و بۆسنی)ن. ئەو خێزانانەش لەدوور و نزیکەوە دەناسم و، ژمارەی منداڵەکانیان دەزانم. لەئەنجامی کۆکردنەوە و دابەشکردندا، ڕێژەی تێکڕایی زاوزێکردن لەنێو ئەو خێزانە موسڵمانە ڕۆژئاوانیشنانەدا لە (٢,٩٪) بوو. دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کەهەندێك لەو خێزانانە، تەمەنێکی درێژیشە خێزانیان پێکەوەناوە، کەچی منداڵیان نەبووە. خێزانی واشی تێدایە حەوت منداڵیان هەیە.

ئەگەر بێت و زێتر لەو کێشەیە بکۆڵینەوە و، چەند وڵاتێك بەنموونە بهێنینەوە، جیاوازی ڕێژەکان (زۆربوونی موسڵمانەکان و کەمبوونەوەی ڕۆژئاواییەکان)، ئاشکراتر دەبێت و ترسەکەش لەواقیعەوە نزیکتر دەبێتەوە.

لەوڵاتێکی وەکو سویسرادا، ڕێژەی موسڵمانەکان لەویلایەتی (زیوریخ) لەساڵی ١٩٧٠دا، تەنها چوار هەزار کەس بووە، کەچی لەساڵی ٢٠٠٠دا بۆتە (٦٧) هەزار کەس. بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی کە (ئولریش شلۆیر)ی ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی (پارتی گەلی سویسری) ڕاستڕەو، ئامادەیکردووە و، لەڕۆژی ٢٠٠٤/٩/٦ لەڕۆژنامەی (تسایتونگ میونیتن)دا، بڵاوکراوەتەوە، گەر بەم شێوەیە بڕوات، بە هاتنی ساڵی

(٢٠٤٠)، ڕێژەی موسڵمانەکان لەو ویلایەتە دەبێتە (٧٢٪)[1] و سویسرییەکان دەبنە کەمینەیەکی کەم.

لەوڵاتێکی بچووکی ئەسکەندەناڤی وەك دانیمارکیشدا، پسپۆڕەکانی بواری کۆمەڵناسی وای بۆ دەچن گەر ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ دیاردەی وەرگرتنی پەناهەندە و، دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ ڕێژەی زۆربوونی زاوزێ لەنێو خێزانە دانیمارکییەکاندا، نەدۆزرێتەوە، ئەوە بێگانە موسڵمانەکان زۆر زوو گەشە دەکەن و، ناسنامەی وڵات لەوڵاتێکی دیموکرات و عەلمانی دەکەنە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی بە ناسنامەی ئیسلامی.

لەو بارەیەوە، (پرۆفیسۆر "پاوڵ کریستیەن مەتیسن"ی ئەندام لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لەبواری گەشەی خەڵك لەزانکۆی کۆپنهاگن پێیوایە، ڕەوتی هەنووکەیی کۆچکردن بەرەو ئەورووپا، ئەگەر بێت و بەم حاڵەتە بەردەوام بێت، لەئایندەیەکی نزیکدا دەکارێ بونیادی کۆمەڵگە ئەورووپییەکان، لەوانە لەدانیمارك بشێوێنێ، بێ ئەوەی سیاسەتمەدارانی ئەورووپی لێیی بەئاگابن.. هەروەها ڕاپۆرتی ساڵانەی نووسینگەی ئاماری سەر بەوەزارەتی ناوخۆی دانیمارك پێیوایە، بەهاتنی ساڵی ٢٠٢٠ ژمارەی خەڵکی بێگانە لەدانیمارك خۆی لەهەشت سەد هەزار کەس دەدات، کەڕێژەیەکی خەیاڵی و سەرسوڕهێنەرە)[2].

لە ساڵی (١٩٦٠)ش لە ئەڵمانیادا، (٦٨٦,٢٠٠) بێگانە هەبووە، کەچی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩دا گەیشتۆتە حەوت ملیۆن و (٣٤٤) هەزار کەس[3]. کەچی ئێستاکە ژمارەی بێگانەکان، بەهۆی زۆربوونی زاوزێ لە ناویاندا و، هاتنی بەردەوام، گەیشتۆتە پازدە ملیۆن و ٣٠٠ هەزار کەس، کە ڕێژەی (٢٠٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن. واتە

١. العداء (المستتر) لمسلمي أوروبا يتكشف في ٢٠٠٤، محمد جمال، www.islamonline.net، 25/1/2005.

٢. سەفەری ڕەش، ل٩٣.

٣. هەمان سەرچاوە، ل٩٣.



لەهەر پێنج کەس، یەکێك بێگانەیە، یان بەڕەگەز لەدایکێك یان باوکێکی بێگانەیە[1]. لێکۆڵینەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و، سەنتەرە ئەڵمانییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کەدانیشتوانی ئەڵمانیا (کەئێستاکە نزیکەی ٨٣ ملیۆنە)، بەهاتنی ساڵی (٢٠٥٠) بۆ حەفتا و دوو ملیۆن کەمدەبێتەوە، بەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاسایی زاوزێکردنەوە. لەساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، هەر خێزانێك زێتر لەدوو منداڵی دەبوو، کەچی ئەمڕۆکە هەر ژنێك (١,٣) منداڵی دەبێت[2].

بە تێپەڕبوونی کات و، مردنی بەساڵداچووەکانیش، ڕێژەی دانیشتوان لەنێوان دانیشتوانە ڕەسەنەکەدا، وردە وردە کەم دەبێتەوە.

هەر لەو پەراوێزەدا، ئەو ڕاپۆرتەی کە لە ٢٠٠٦/٣/١٧دا، بڵاوکراوەتەوە، ئەوە دەردەخات کە لەساڵی (٢٠٠٥)دا، (٦٨٠-٦٩٠) هەزار منداڵ لەئەڵمانیا لەدایکبوونە کەدەکاتە ڕێژەی (١,٣٪) بۆ هەر ژنێك. ئەوەش ئەوەندە کەمە، ئەڵمانیا لەپاش شەڕی جیهانی دووەمەوە، شتی وای بەخۆیەوە نەبینیووە.

بۆ ئەوەی پێکهاتەی دانیشتوانی ئەڵمانیا بپارێزرێت، لەسەر هەر ژنێك پێویستە (٢,١) منداڵی ببێت[3].

لە هۆڵەنداش، بارەکە لە ئەڵمانیا گەلێك باشتر نییە. (ڕێژەی گەشەسەندنی زاوزێ لە نێو ڕەوەندی ئیسلامی ٢/٥٪، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەنێو خودی هۆڵەندییەکان لە باشترین حاڵەتدا ١,٥٪ تێپەڕ ناکات)[4]. کۆی گشتی هۆڵەندی نارەسەن (بێگانە) لە

١. ألمانيا تغلق ابوابها أمام المهاجرين رغم حاجتها الماسة اليهم، www.dw-world.de، 11/11/2006.

٢. تحديات البشرية في القرن الحادي والعشرين في منظورين مختلفين، www.dw-world.de، 31/3/2006.

٣. معدل المواليد في المانيا يتراجع الأدنى مستوى له منذ الحرب العالمية الثانية، www.dw-world.de، 18/3/2006.

٤. ئیمارەتی هۆڵەندا، ل٥١.

هۆڵەندا ٣,٠٨٨,١٥٢ ملیۆن دەبێت واتە ڕێژەی ١٩٪ی دانیشتوان... چاوەڕوان دەکرێت ئەم ژمارەیە لەساڵی ٢٠١٥ خۆی لەچوار ملیۆن کەس بدات[١].

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی حکوومەتی هۆڵەندی کە لەساڵی ٢٠٠٦دا بڵاوبۆتەوە، بەهاتنی ساڵی (٢٠٢٠) ڕێژەی موسڵمانەکان لەو وڵاتە لە (٦٪)ەوە بۆ (٨٪) بەرز دەبێتەوە[٢].

نووسەری سویدی (یان سامۆیلسۆن)یش لەکتێبەکەیدا کە بەناوی (سوید و ئیسلام)دا دەڵێت، بەهاتنی ساڵی (٢٠٢٠)، عەرەب و موسڵمانەکان لەڕووی سیاسی و دانیشتوانەوە، دەبنە ژمارەیەکی گرنگ، ئەگەر هاتوو کار بکەن و، واز لەمادده بێهۆشکەرەکان بهێنن[٣].

وێڕای کەمی زاوزێش، دیاردەی کۆچی پێچەوانە دەستیپێکردووە، ئەویش لەوە سەرچاوە دەگرێت، کەرۆژئاواییەکان لەژیانی خۆیان ناڕازین، بەتایبەتیش لەڕووی ماددییەوە.. ئەوان پێیانوایە لەچاو ئەو کارە زۆر و قورسەی کەدەیکەن، پارەکەیان کەمە، خراپی باری گوزەرانیش بەهاندەری یەکەمی کۆچکردن دەزانن. جگە لەخراپی باری ئابووریش، خەڵکانێك هەن بۆ گۆڕینی کەش و هەوا، وڵات جێدەهێڵن و، بێزارن لەسەرما و بەستەڵەکی ئەورووپا.

بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتەش کە لە ڕۆژنامەی (دی فۆلکس کرانت)دا، بڵاوکراوەتەوە، لەساڵی ٢٠٠٦دا، زێتر لە (١٢٠) هەزار هۆڵەندی وڵاتی خۆیان جێهێشتووە و،

١. هەمان سەرچاوە، ل٥١.

٢. محكمة هولندية تمنع إماما في دخول المسجد "تطاوله" على الشواذ، www.alarabiya.net، 7/1/2007.

٣. العرب والمسلمون في السويد الواقع والتحديات (١)، يحي أبو زكريا، www.alarabiya.net، 8/3/2007.



لەبەرامبەریش دا (٧٦) هەزار بێگانە هاتوون[١]. لەبەر هەمان هۆکاریش، لەئەڵمانیاش کۆچی پێچەوانە دەستیپێکردووە.

هەر چەندە خەڵکانێك هەن لەپێناوی گەیشتن بە ئەورووپا بە گشتی و، ئەڵمانیا بەتایبەتی، ئامادەن خۆ بەئاو و ئاگردا بدەن، لەو کاتەشدا خەڵکێکی ئەڵمانی هەن وڵاتەکەی خۆیان جێدەهێڵن و، ڕوو لەوڵاتانی ئەمریکا و کەنەدا و ئیسپانیا و نەرویج و وڵاتانی کەنداو دەکەن. تەنها لەساڵی ٢٠٠٥دا، (١٤٥) هەزار کەس وڵاتیان جێهێشتووە، کەزۆربەیان خاوەنی بڕوانامەی (دکتۆرا)ن[٢].

کەمبوونی ڕێژەی زاوزێش لە نێو خانەوادە ڕۆژئاواییەکاندا، زێتر بۆ گرانی مەسرەف و، بڵاوبوونەوەی کولتووری (بۆ خود ژیان) و، تێکچوونی شیرازەی خێزان و، زۆربوونی ڕێژەی جودابوونەوە و.... تاد، دەگەڕێتەوە... ئەوان، ئەوەندە پابەند نین بە پەیامە ئایینییەکان، کە پیرۆزییەك بە زاوزێ دەدات و، منداڵ بە هەند هەڵدەگرێت.

بەگوێرەی ڕاپرسییەك کە لەئەڵمانیادا بڵاوبۆتەوە و لەنێوان چوار ملیۆن و ٨٠٠هەزار ئافرەت ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە لەهەر سێ منداڵ، منداڵێك لەدەرەوەی پەیوەندی خێزانی (بەشێوەی فەرمی) لەدایك دەبێت. لە ٤٠٪ی ئەو خێزانە ئەڵمانیانەی منداڵیان نییە، بەقەناعەتەوە منداڵیان ناوێت، چونکە پێیان وایە پەروەردە کردن و، گەورەکردنی منداڵ ئەرکێکی قورسە، منداڵ تا گەورە دەبێت، پێویستی بە (٤٠٠) هەزار یۆرۆ هەیە.. هەر بۆیەش ئێستاکە ڕێژەی تەمەنی ناوەندی (٣٠-٤٥) ساڵ زۆر زێترە لە تەمەنی منداڵی.

١. نظرة على الصحافة الهولندية، ماڵپەری ڕادیۆی هۆڵەندا- بەشی عەرەبی، www.arabic.rnw.nl، 25/1/2007.

٢. ألمانيا تغلق أبوابها أمام المهاجرين رغم حاجتها الماسه اليهم، www.dw-world.de، 11/11/2006.

دەزگای ئاماری ئەڵمانیای فیدراڵ، لەساڵی ١٩٩٩دا، ئاشکرایکرد کە لە ٢٠٪ی منداڵان بەناشەرعی لەدایکبوونە. لە کۆی (٧٨٥) هەزار منداڵ کە لەساڵی ١٩٩٨دا لەدایکبوونە، ١٥٧ هەزاریان لەو دایك و باوکانەن کەپێکەوە ناژین و، ژن و مێردی یەکتر نین. ئەو ژمارەیە بە بەراورد لەگەڵ بیست ساڵ لەمەوبەر، دوو قات زیادیکردووە[1].

بەگوێرەی ئەو راپۆرتەی کەنووسینگەی سەرژمێری نیشتمانی بەریتانیاش، ئەنجامیداوە و لەسێپتێمبەری ٢٠٠٥دا بلاوبۆتەوە، هاتووە، ساڵی ٢٠٠٣ رێژەی ئەو پیاوانەی کە بەفەرمی گرێبەندی هاوسەرێتییان مۆرکردووە لە ٥٣٪ بووە... پێشبینی ئەوەش دەکرێت لەساڵی ٢٠٣١دا ببێتە ٤٢٪. هەروەها ئەو ژنانەی کە لەهەمان ساڵدا گرێبەندی هاوسەرێتییان مۆرکردووە ٥٠٪ بووە و، پێشبینی ئەوەش دەکرێت لەساڵی ٢٠٣١دا ببێتە ٤٠٪. نووسینگەکە پێشبینی ئەوەش دەکات کە رێژەی تەڵاق دراوەکان بە هاتنی ساڵی ٢٠٣١ بۆ ٣٥٪ بەرز ببێتەوە... ئەوە لەکاتێکدایە کە لەساڵی ٢٠٠٣دا لە ٢٨٪ بووە[2].

سەرەڕای ئەو ترسەش (ترسی زۆربوون)، رۆژئاوا کە بەکیشوەرە پیرەکە بەناوبانگە، بەهۆی لەکورتیدانی دانیشتوانە رەسەنەکەی، بۆ راگرتنی بالانسی دانیشتوان لەحاڵەتی ئاساییدا، ساڵانە پێویستی بەدەستی کار و خەڵکی شارەزا هەیە، تاوەکو لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا رۆڵ ببینن و، ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە. بەگوێرەی راپۆرتی (ریتا زوسمۆس)ی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی ئەڵمانیا، ئەو وڵاتە هەموو ساڵێك پێویستی بە (٢٥) هەزار دەستی کاری ئاسایی بێگانە و، پازدە هەزار ئەندازیار هەیە[3].

---

١. سەفەری رەش، ل١٠٤-١٠٥.

٢. الزواج في خطر في بريطانيا، www.elaph.com، 30/9/2005.

٣. المانيا تغلق أبوابها أمام المهاجرين رغم حاجتها الماة إليهم، www.dw-world.de، 11/11/2006.



لە بەرامبەر ئەو کولتوورە بەرقەرارەی رۆژئاوادا، کولتووری سەرجەم رەوەندی ئیسلامی، منداڵ بەدیارییەکی خۆشەویستی خودا دەزانن و، لەزۆر حاڵەتی کەمدا نەبێت ئامادەنین زاوزێ سنووردار بکەن. تائێستاکەش بەهۆی تارمایی ئەو کولتوورە باوە، زۆری منداڵ بەهێزێکی کاریگەر لەپێناو مانەوە و، پاراستنی عەشیرەت و خێڵ دەزانن و، بەیەکێك لەشانازییە گەورەکانیش ناوزەدی دەکەن.

گەر خێزانێك منداڵیان نەبێت، سەردانی سەدان دکتۆر و، مەزاری پیاوچاکان دەکەن، تاوەکو خودا ئاوڕێکیان لێبداتەوە و، لەدوا رۆژدا، ئاگردانیان کوێر نەبێتەوە. پێچەوانەی ئەوە، لای رۆژئاواییەکان، ئەو کێشەیە ئەوەندە بەهەند هەڵناگرن و، گرنگی پێنادەن.

لە هەموو حاڵەتەکاندا، ترسی زۆر بوونی موسڵمانەکان، ترسێکی بەرقەرار و لەجێگای خۆیدایە. بەهەڵکشانی ئەو رێژەی زۆربوونەش، پێشبینی هەموو گۆڕانکارییەك لەژیان و گوزەرانی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا، دەکرێت.

## لە پەراوێزی کاریکاتێرەکانەوە:

### بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

دانیمارك یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیر کراوە، خەڵکەکەی ژیانی ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی زۆریان بینیوە و پاش ڕزگاربوونیشیان، توانیویانە وڵاتەکەیان ئاوەدانبکەنەوە و، ژێرخانێکی باشیش دروستبکەن.

ئێستاکەش بەهۆی ئەو سیستەمە بەرقەرارەی کەوڵات بەڕێوە دەبات، بۆتە پەناگەی هەزاران دەربەدەر و ڕاکردوو لەسیستەمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارییەکان. ڕەوەندی ئیسلامی لەو وڵاتەدا، ڕێژەی (٣,٨٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن و، دەیان ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و ئایینی و کولتوورییان هەیە. دەستووری بنچینەیی ئەو وڵاتە، لەسەر بنچینەی یەکسانی و، ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و، ڕای جیاوازو، ڕۆژنامەگەریی ئازاد، بنیات نراوە. لەو دەستوورەدا، دوازدە ئایین بەڕەسمی ناسراون، کەئایینی ئیسلام یەکێکە لەو ئایینانە.

ڕۆژنامەی "یولاندس پۆستن Jyllands- Posten" کە بە بەرفراوانترین ڕۆژنامەی دانیمارك دەژمێردرێت، لەڕێکەوتی ٢٠٠٥/٩/٣٠دا، دوازدە کاریکاتێری لەسەر کەسایەتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بڵاوکردۆتەوە. ئەو کاتە، دوو ڕای جیاواز هاتە ئاراوە، یەکێکیان پێیوابوو ئەوە دەچێتە خانەی بڵاوکردنەوەی بیروڕای ئازاد و، ئەوەی تریشیان کەموسڵمانە پەڕگیرەکان نوێنەرایەتییان دەکەن، پێیانوابوو، ئەوە هێرش کردنە بۆ سەر بەها پیرۆزییەکانی ئیسلام و، سوکایەتیکردنیشە بە پەیڕەوکارانی.



زێتر لە چوار مانگ بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەو کاریکاتێرانە تێپەڕی کەچی زۆر بە درەنگەوە، شەقامی ئیسلامی وروژان و، ناڕەزاییان دەربڕی. بێگومان، پەڕگیرەکان لە هەردوو لاوە ئەم هەلەیان قۆستەوە و، توانییان مانۆڕێکی گەورە بکەن و، تێشیدا (ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بوویێت)، سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

ئیسلامییەکان لەسەرتاسەری جیهاندا، ڕژانە سەر شەقامەکان، هەر بەڕێپێوان و بەیاننامە دەرکردن نەوەستان، بەڵکو هەردوو باڵوێزخانەی دانیمارك و نەرویجیان لەدیمەشق ئاگر تێبەردا و، بۆ جیهانی ڕۆژئاوایان سەلماند، کە ئەو توێژەی ئەوان ڕێبەرایەتییان دەکەن، توێژێکن جگە لەتوندوتیژی و خۆسەپاندن، بڕوایان بەدیالۆگ و لێبووردن و، لەیەکتر تێگەیشتن نییە. ئەوان، هەر ڕۆژئاواییەکی قژ زەرد و چاوشینیان لێ بۆتە کاریکاتێریستەکەی دانیمارك و، هەموویان بەیەك چاو سەیر دەکەن.. بۆ بەدبەختیش، مانۆڕەکە بەدرەنگەوە، -ئەگەرچی زۆر کەمیش بوو- کوردستانی چەوساوەی دەستی داگیرکەرە موسڵمانەکانیشی گرتەوە و، مانۆڕا گێڕانیش، توانییان گۆڵێکی تر لەو خەڵکە ستەمدیدەیە بکەن.

لە هەمبەر ئەو کاردانەوەیەشدا، پەڕگیرە داخراوەکانی ڕۆژئاواش قسەیان هات و، ڕێزیان سوار بوو. ئەمڕۆکە، ئەوە بەچاوی خەڵکە شارستانی و ئاساییەکەی خۆیان، دادەدەنەوە و، پێیان دەڵێن، ئا ئەوەیە جیهانی ئیسلامی، جگە لەزمانی هەڕەشە و خۆتەقاندنەوە، هیچ شتێکی تر شك نابەن... دەیان ساڵە هاوار دەکەین، چیتر دەرگاکان بۆ ئەو خەڵکە ڕۆژهەڵاتییانە ئاوەڵا مەکەن و، داڵدەیان مەدەن.

چۆن پەڕگیرە موسڵمانەکان توانییان شەقام بورووژێنن و، پرۆڤەیەکی سەرکەوتوو -بەلای خۆیانەوە- بۆ پرۆژەکانی داهاتوویان بکەن، پەڕگیرە ڕۆژئاواییەکانیش بەهەمان شێوە، ئەو سەرکەوتنە ناشارستانییەیان بەدەست هێنا.

ئەو دوو لایەنە دژ بەیەکە، ئەوە نازانن کە ئەمڕۆ لە سایەی سیستەمی جیهانگیری و، بەرژەوەندییە تێکچڕژاوەکان، هیچ وڵات و نەتەوە و ئایین و جەمسەرێك، ناتوانن بەبێ یەکتری بژین و، ژیانێکی کامەران و ئاسوودە، بۆ

خەڵكەكەیان دابین بكەن. ئەوانە، تەنها لە روانگەیەكی تەسكی (نەتەوەیی یان ئایینی)یەوە، سەیری مەسەلەكان دەكەن و، جگە لەیەكتر رەتكردنەوە، هیچ كەناڵێكی تر بەڕەوا نازانن و، هەموو رەهەندەكانی تر دەخەنە ژێر پێیەوە.

ئابوورییەكی باش و، ژێرخانێكی تۆكمە، یەكێكە لەڕەهەند و كۆڵەكە سەرەكییەكانی كۆمەڵگای پێشكەوتوو و شارستانییەكانی جیهان، بەبێ دەستەبەركردنی ئەو ژێرخانەش، مەحاڵە خەڵكێك بتوانن بەكەیف و ماشای خۆیان لە ژێر چەترێكی ئارامدا، هەموو رێورەسمە سیاسی و كۆمەلایەتییەكان (بەئاینییەوەش) پیادە بكەن. لە سایەی ئەو هەڕەشە لەیەكتركردن و، چەقۆ لە یەكتر تیژكردنە، بەرژەوەندییە بالاكانی هەردوو جەمسەرەكەش، دەكەوێتە مەترسییەوە.

ولاتێكی بچووكی وەك دانیمارك، لە سایەی رۆژنامەی ئازاد و، چاپكردنی ئەو كاریكاتێرانەوە، باجێكی زۆریدا. لەزۆربەی ولاتە ئیسلامییەكانەوە كەرەستە و خواردن و كالاكانیان، بایكۆت كرا. بەگوێرەی پێشبینیی ئابووریناسەكان، لەئەنجامی ئەو بایكۆت كردنەدا گەر بەردەوام بێت، دانیمارك (سالانە یەك ملیار و شەش سەد ملیۆن دۆلار زیانی لێدەكەوێت[1].

ئەگەر ئەو بایكۆت كردنەش تەشەنەی بكردابوایە و، ولاتانی ئەورووپایی تریشی بگرتابوایەوە، ئەوا ئەڵمانیاش زیانێكی گەورەی ئابووریی بەردەكەوت، چونكە ئەو ولاتە پەیوەندییەكی ئابووری پتەوی لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا هەیە. هەر بۆ نموونە، لەساڵی (٢٠٠٣)دا، بایی چواردە ملیار و شەش سەد ملیۆن دۆلار، خواردن و ئامێری ئەلكترۆنی و ئۆتۆمبێل و كالای جۆر بەجۆری بەولاتانی عەرەبی فرۆشتووە. لەساڵی (٢٠٠٤)یشدا، بایی شازدە ملیار و سەد ملیۆن دۆلار، كالای بەهەمان شوێن فرۆشتووە. بەپێچەوانەش لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بایی حەوت ملیار و سێ سەد ملیۆن و، لە ساڵی (٢٠٠٤)یشدا بایی هەشت ملیار دۆلار كالای لەو ولاتانەوە كڕیووە[2].

١. تداعيات إقتصادية محتملة للأزمه الرسوم الكاريكاتوريه، www.elaph.com، 8/2/2006.

٢. العرب والمانيا: تجارة مزدهرة وإستثمارات متواضعة، www.elaph.com، 8/2/2006.



لەو كڕین و فرۆشتنەدا، تەنها لەساڵی ٢٠٠٥دا، ئەڵمانیا بایی چوار ملیار و نیو دۆلاری كەرەستە و خواردەمەنی بۆ ولاتێكی رادیكاڵی وەك ئێران، ناردووە[1]. بەواتایەكی تر، ئێران یەكەمین بازاڕ بووە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ ساغكردنەوەی كالاكانی.

لەو ئاڵوگۆڕكردنەدا، توركیاش وەك ولاتێكی ئیسلامی و نیمچە ئەورووپایی، پەیوەندییەكی پتەوی ئابووریی لەگەڵ جیهانی رۆژئاوادا هەیە، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەڵمانیادا. تەنها لەساڵی ٢٠٠٥دا، بایی هەشت ملیار و سەد و بیست ملیۆن یۆرۆ، كالای بەتوركیا فرۆشتووە و، بایی سێ ملیار و هەشت سەد ملیۆنیشی كالا لێكڕیووە، كەزۆربەیان میوە و خواردەمەنی بووە[2].

جگە لەو زیانانەی بەر ولاتانی رۆژئاوا دەكەوێت، زیانێكی زۆرتریش بەر ئابووری ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەكەوێت. ئەوانیش، بەرژەوەندییەكی هاوبەشیان هەیە، جگە لەوەی كەرەوەندێكی زۆری موسڵمانەكان لەرۆژئاوادا دەژین و، كاریگەرییەكی باشیان لەسەر ئابووری ولاتەكانیان هەیە. ولاتانێكی وەك، میسر و تونس و مەغریب و توركیا، داهاتی سەرەكییان بەندە بەشوێنەوارە مێژوویی و گەشت و گوزارییەكانیان. سالانە بەدەیان ملیۆن گەشتیاری رۆژئاوایی روو لەو ولاتانە دەكەن و، گیرفانەكانیان لەو بازاڕانەدا بەتاڵ دەكەن. بۆ نموونە، لەساڵی ٢٠٠٤دا شەش ملیۆن و نیو گەشتیار روویان لەمیسر كردووە و، پێنج ملیار و سەد ملیۆن دۆلاریان سەرفكردووە كە رێژەی لە ٤٠٪ی داهاتی میسر پێكدەهێنن[3].

سەرەڕای كاری تیرۆر و خۆتەقاندنەوە، كە دەبوایە خەڵك كەمتر روو لەو شوێنانە بكەن، ئەوجا (تەنها لەرۆژی ٢٦/٧/٢٠٠٥دا، لەماوەی شەو و رۆژێكدا، چوار هەزار گەشتیار روویان لەهاوینەهەواری "شەرم ئەلشێخ" كردووە)[4].

١. تداعيات إقتصادية محتملة للأزمه الرسوم الكاريكاتورية، www.elaph.com، 8/2/2006.

٢. ميركل الى أنقره لبحث عوائق إنضمام تركيا الى الاتحاد الأوروبي، www.dw-world.de، 5/10/2006.

٣. علماء والاسلام يدافعون عن السياحة، www.elaph.com، 26/7/2005.

4. www.elaph.com، 26/7/2005.

وێڕای گەشتیاریش، زۆر داهات و بەروبوومی کشتوکاڵی ئەو وڵاتە ئیسلامییانەش لەبازاڕەکانی ڕۆژئاوادا، ساغ دەبنەوە. (هەناردەی میسر بۆ ئیتاڵیا، لەسەرەتای کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ تا مانگی هەشتی ئەو ساڵە گەیشتۆتە دوو ملیار و چل و دوو ملیۆن دۆلار)[1].

جگە لەو پەیوەندییە ڕەسمییەی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، ئەوا جەمسەرگەلێکی تری ئاڵۆز هەن کە بەهیچ شێوەیەك لەم ڕۆژگارەدا، ناتوانرێت دەستبەرداریان ببین، بەملیۆنان موسڵمان لەوڵاتانی ڕۆژئاوا گیرساونەتەوە، کەهەزارانیان خاوەن کۆمپانیای گەورە و، سوپەرمارکێت و، پڕۆژەی خزمەتگوزارین. بەپێچەوانەش، بەهەزاران کۆمپانیای ڕۆژئاوایی بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل و، ڕێگاوبان و گەیاندن و... تاد، لەوڵاتانی ئیسلامیدا بڵاوبوونەتەوە. لەوڵاتێکی وەکو ئەڵمانیادا، زێتر لەدوو ملیۆن و نیو تورك لەو وڵاتەدا دەژین کەزێتر لەهەشت سەد هەزاریان ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان هەیە و، شەست و چوار هەزاریشیان خاوەن پڕۆژەی تایبەتی خۆیانن لەخاوەن کۆمپانیای بچووك و، سوپەرمارکێت و دوکان، کەبواری کارکردنیان بۆ سێ سەد هەزار کەس ڕەخساندووە و، ساڵانە حەوت ملیۆن یۆرۆ بەرهەم دێنن[2].

ئەگەر جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، بەبڕینی نەوت هەڕەشە لە ڕۆژئاوا بکەن، ئەوە دەبێت چیتر ئەو ئامێر و هۆکارانەی کە داهێنانی ڕۆژئاوایین نموونەی (فڕۆکە، شەمەندەفەر، ئۆتۆمبێل، سەتەلایت، مۆبایل،.... تاد) بەکار نەهێنن و، لە جیاتی ئەوە، گەشتەکانیان بەحوشتر و، پەیوەندییەکانیشیان بەکۆتری نامەبەر جێبەجێ بکەن.

خۆ ئەگەر هێزێکی گەورەی سەربازی پڕ چەکی وەك ڕۆژئاوا نەبێت، ئەوا زۆر لەمێژبوو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، لەناو یەکتردا، زێتر خەریکی خۆ خواردن دەبوون. کەواتە، بەرژەوەندییەکان و، ڕەهەندەکان، تێکچڕژاو و هەمەلایەنن. هیچ

١. فائض الميزان التجاري وصل الى ٥٠٠ مليون يورو، www.elaph.com، 29/11/2006.

٢. "اللوبي" التركي والأنتخابات الالمانية، د.محمد نوالدين، www.elaph.com، 18/9/2005.



یەکێك ناتوانێت دەستبەرداری ئەوەی تریان بێت و، درێژەدان بەسیاسەتی ڕەتکردن و هەڕەشە و، چەقۆ لەیەکتر سووین، جگە لەکوێرەوەری و گەڕانەوە بۆ سەردەمە تاریکەکان، هیچ شتێکی تری لێ سەوز نابێت.

هەر لەو سەروبەندەدا، هەڵێکی باش بۆ لایەنە پەڕگیرەکان ڕەخسا، بۆ هاندانی لایەنگرانیان و، پڕ چەك کردنیان بەهەستی ڕق لێبوونەوە و دوژمنایەتی کردنی یەکتری. ئەگەر ئاگرەکە لەکاتی خۆیدا دانەمرکابوایەوە، لەوانەبوو تەڕ و وشك بەیەکەوە بسووتێنێت.... بۆ نموونە، مەلا و سەرمایەدارێکی گەورەی پاکستانی، لەو سەروبەندەدا، یەك ملیۆن دۆلاری کردۆتە دیاری بۆ هەر کەسێك کە ئەو کاریکاتێریستە بکوژێت[1].

ئەگەر ئەو مەلا بەڕێز و، سەرمایەدارە دڵسۆزە، ئەو پارەیەی لەپڕۆژەکانی خێرخوازی و، دروستکردنی کارگە و، قوتابخانە و نەخۆشخانە، لەوڵاتە موسڵمانەکان، بەکار بهێنابوایە، زۆر باشتر نەدەبوو، لەکوشتنی تاکە کەسێك؟! کە بەدڵنیاییەوە، بەکوشتنی، جگە لەکارەساتی گەورەتر، هیچ ئەنجامێکی باشی لێنەدەکەوتەوە... یان بۆچی زانا و بیرمەندە ئیسلامییەکانمان، بۆ وەڵامدانەوەی نەیارەکان، هەر چەکی چاو سوورکردنەوە و هەڕەشە بەکاردەهێنن؟! بۆچی لەجیاتی ئەو چەکە وێرانکەرە، زمانی گفتوگۆ بەکارناهێنن و، لەڕێگای کتێب چاپکردن بەزمانە ڕۆژئاواییەکان، وەڵامێکی زانستی ناخەنە بەردەست شەقامی ئەو وڵاتانە بە گشتی و، گرووپە پەڕگیرەکانیش بە تایبەتی.

مادام ئەو کاریکاتێرانە گوزارشت لەبیروبۆچوونی سەرجەم کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا ناکەن و، تەنها گوزارشت لە بیروبۆچوونی خاوەنەکەی دەکات، دواتریش بەرپرسی ڕۆژنامەکە و لەسەر ئاستی حکومەتیش، بەفەرمی داوای لێبووردنییان لەگەلانی ئیسلامی کردووە، هەق نەبوو، مەسەلەکە ئەوەندە تۆخ بکرێت... جگە لەوەش، بڵێین و نەڵێین، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان بیرکردنەوەی تاکێکی ڕۆژهەڵاتی و، ڕۆژئاوایی

١. أراء في صحف غربية عن الاسلام السياسي في الغرب، www.elaph.com، 22/2/2006.

هەیە، چونکە ئەوانە، لەدوو کولتووری جیاوازەوە پەروەردەیان وەرگرتووە... لە ڕۆژئاوادا، ڕاگەیاندن دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە و، هیچ پەیوەندییەکی بەدەسەڵاتەوە نییە... ئەوەش دەق پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتە، کە ڕاگەیاندن، جگە لە زوڕنای دەسەڵات، هیچ بوونێکی تری نییە. خۆ زۆر کردەوە و ئاکاری لەوە خراپتر و سووکتر، لەسەر دەستی موسڵمانەکان خۆیانەوە، بەئایین و سومبوڵە ئیسلامییەکانەوە کراوە.... کەچی یان لەترسان، یان لەبرسان، دیزە بەدەرخۆنە کراون[1].

---

١. ڕۆژنامەی "حوڕییەت"ی تورکی، کە یەکێکە لەڕۆژنامە کۆن و بەرفراوانەکانی تورکیا، لەیەکێك لەژمارەکانی نیسانی ٢٠٠٦دا، کاریکاتێرێکی بلاوکردۆتەوە کەئافرەتە موسڵمانە حیجاب پۆشەکان، بە بەراز دەچووێنێ، بڕوانە، تورکیا: رسم يشبه المحجبات بـ(الخنازير) يثير غضبا شديدا، www.alqanat.com، 25/4/2006.

هەروەها لە بەهاری ساڵی (٢٠٠٠)دا، دەسەڵات ڕێنماییەکی دەرکرد، بەگوێرەی ئەو ڕێنماییە (سەگ و ژنی بەحیجاب بۆیان نییە بچنە سەر کەنارەکانی دەریا) چونکە بوونی سەگ و ژنی حیجاب پۆش، ئاکاری تورکیا وەك وڵاتێکی موسڵمان نیشان دەدات و، گەشتیارەکان، تورکیا بەوڵاتێکی دواکەوتوو لەقەڵەم دەدەن. بڕوانە: ئیسماعیل تەنیا، سەفەری ڕەش، ل١٤٩.

## میوانە سەر بەگۆبەنەکان

ئەورووپاییەکان بەگشتی ڕێز لەهەموو داب و نەریت و ڕێبازێکی ئایینی دەگرن، تاك سەربەستە لەوەی پەیوەندی ڕۆحی لەسەر چ بنەمایەك لەگەڵ خودای خۆیدا دەبەستێت.. لەهیچ لایەنێکەوە، گوشار و زۆری بۆ ناهێنرێت و، ئازادیشە لەوەی بیر و بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ ئایینەکانی تردا، دەرببڕێت.

بەهۆی نالەباری ژیان، لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە، تاکەکانی سەر بەوڵاتانی سۆسیالیستی جاران و، وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئیسلامی، بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لەو وڵاتانە کرد، کەپێشتر بەوڵاتی داگیرکەر و ئیلحاد و سەرمایەدار، ناسیان دەکرد. ئەو وڵاتانەش، بەشێوەیەکی شایستە، باوەشیان بۆ کردنەوە و، پێویستییەکانی ژیانیان بۆ دەستەبەر کردن، کە بەچەند هەندە لەژیانی مەملەکەتی خۆیان، خۆشتر و، ئارامتر بێت. وێڕای ئەوەش، دەلیڤەی ئەوەیان بۆ ڕەخساندن کەکار بکەن و، پاش ماوەیەکیش ئەو هەقەیان هەبێت کەببن بەهاونیشتمانی پلەیەکی ئەو وڵاتانە و، ڕەگەزنامە وەربگرن. هەر لەبەر ئەوەشە، دەبینین کەڕێژەیەکی بەرچاو لەو خەڵکە کەوڵاتەکانیشیان ئارام بۆتەوە، ئامادەنین بگەڕێنەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی (بنکەی چاودێری ڕەگەزپەرستی و دژایەتیکردنی بێگانە)، کەسەر بەیەکێتی ئەورووپایە و، بارەگاکەیان لەشاری (ڤییەننا)یە، لەهەموو ئەورووپادا سێزدە ملیۆن موسڵمان (وەك پەناهەندە و دەستی کار) دەژین، کەڕێژەی لە (٣٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن و بەدووەم ئایینیش دەژمێردرێت[١].

١. المسلمون اكثر الفئات تعرضا للأضطهاد في أوروبا، www.elaph.com، 20/12/2006.



لە سەرجەم جیهانیشدا، نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن کەس هەن، بەجیاوازی ڕەگەز و ئایینەوە، کە لەوڵاتەکانی خۆیان ناژین و، لەوڵاتانی تر پەناهەندەن، لەو ژمارەیەدا، (٦٠) ملیۆنیان لەئەورووپادا دەژین[١].

هەڵبەتە ژیان لەوڵاتە ئیسلامییەکان بەتایبەتیش عەرەبییەکان، ئەوەندە بەکۆت و پێوەند دەورە دراوە، هەتا دێش پانتایی ژیانێکی ئازادانە، بەرتەسکتر دەبێتەوە... سەلماندنی ئەو ڕاستییەش، پێویستی بەهیچ بەڵگە و پاساو هێنانەوەیەك نییە. ئەو واقیعە وای لە (فرانسیس فۆکۆیاما)ی پسپۆڕی ئابووری نێونەتەوەیی لەزانکۆی (جانز هایکینتر) و، نووسەری کتێبی (کۆتایی مێژوو و، دوایین مرۆڤ)ی بەڕەگەز ژاپۆنی کردووە کەبڵێت (وڵاتە عەرەبییەکان ژیانێکی خۆش گوزەرانییان بۆ هاووڵاتییانی خۆیان دروست نەکردووە، هەموویان دیکتاتۆرن. وڵاتە ئیسلامییەکان بارودۆخیان باش نییە، سەیرکەن چۆن خەڵکی وڵاتە ئیسلامییەکان بەقاچەکانیان ڕای دەدەن.

سەیری ئەو کۆچە بەربڵاوەی خەڵکی وڵاتە ئیسلامییەکان بکەن بۆ ئەمریکا و ئەورووپا. نابینیت کەس لەئەورووپاوە بەرەو وڵاتە ئیسلامییەکان کۆچ بکات[٢]. ئەو وڵاتانە لە جیاتی ئەوەی داهاتەکان لەپرۆژەی خزمەتگوزاری و، دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ خەڵکەکانیان، بخەنە کار، دەچن ڕێژەیەکی یەکجار زۆری ئەو داهاتە لەپتەوکردنی کورسییەکانی حوکم و، بەهێزکردنی دەزگاکانی هەواڵگری و، سەرکوتکردنی هاووڵاتییان، سەرف دەکەن. ئەوەندەی بەتەنگ خۆیانەوەن، چارەکی ئەوەندە بەتەنگ ژیانی هاووڵاتییەکانیان نین... هەر بۆیەش، دیاردەی نەخوێندەواری و هەست نەکردن بەلێپرسراویەتی تاك بەرامبەر بەوڵات، بە شێوەیەکی بەربڵاو، بڵاوبۆتەوە.

١. المانيا: الأئتلاف الحاكم يسعى الى فرض مزيد من القيود على عملية الهجزة، www.dw-world.de، 23/10/2006.

٢. ليبراليزم لەبەرامبەر ئیسلامی ڕادیکاڵ، وەرگێڕانی لەفارسییەوە، مەجید ساڵح، ماڵپەڕی (دەنگەکان)، www.dengekan.com، 23/2/2006.

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕێکخراوی عەرەبی تایبەت بەپەروەردە و فێرکردن و زانست- ئەلکسۆ) لەساڵی ٢٠٠٥، زێتر لەحەفتا ملیۆن نەخوێندەوار لەوڵاتانی عەرەبیدا هەبووە، کەدەکاتە ڕێژەی (٢٠٪)[1].

لەبارەی خوێندنی باڵاش، دیسانەوە لەریزی ولاتە دواکەوتووەکان، دەژمێردرێن. ئەو راستییەش لەو راپۆرتەدا دەردەکەوێت کە ئامۆژگایەکی پسپۆڕ لەم بوارە لەوڵاتی (چین) ئامادەیکردووە و، هیچ پەیوەندییەکی بەئەمریکا و ئیسرائیلەوە نییە، کەعەرەب و موسڵمانەکان، بەدوژمنی خۆیانیان دەزانن.. لەراپۆرتەکەدا، ناوی (٥٠٠) زانکۆی جیهانی هاتووە کە بەزانکۆ باشەکان ناسراون. لەو (٥٠٠) زانکۆیە ناوی یەك زانکۆی عەرەبی تێدا نییە. لەو ژمارەیەدا، زێتر لە (١٩٠)یان لەئەمریکان و کۆمەڵێکی زۆریشی ئەوروپایی و ئاسیایین. هەندێکی تریشیان سەر بەو وڵاتانەن کە بەجیهانی پێشکەوتوو ناژمێردرێن، وەك (تورکیا ٢ زانکۆ، هیند ٣ زانکۆ، بەرازیل ٢ زانکۆ، ئیسرائیل ٥ زانکۆ)[2].

گەر ئەوە واقیعی نەتەوەیەك بێت کە ژمارەی دانیشتوانەکەی (٥٨/٣) جار لە وڵاتێکی وەك ئیسرائیل گەورەترە، دەبێت تراژیدیاکەش بەقەد باڵای ئەو ژمارەیە لەو جیهانەدا بەرقەرار بێت.

ئەنجامی ئەو بارە خراپەش وای لەتاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە کردووە، کە بڕوای بەخۆی نەمێنێت، لەژیان نائومێد بێت... لەو حاڵەتەشدا، بۆ تۆڵەکردنەوە لەو ناگزوورییە، دەیان ڕێگا دەگرێتە بەر کەهیچیان ڕێگاچارە نین و، ڕەوشەکە زێتر ئاڵۆز دەکەن. بازنەی توندوتیژی هەتا دێت بەرفراوانتر دەبێت.. هەستی ڕەگەزپەرستی و رادیکاڵییەتی ئایین تا دێت بەرەو هەڵکشان دەچێت.. بۆیە هیچ سەیر نییە کە لە (٩٦٪)ی ئەو خەڵکە، رفاندن و بەبارمتە گرتن و، سەربڕینی هەر کەسێك کە لەگەڵ

١. ئاژانسی دەنگوباسی ئیتاڵی (ئاکی) www.adnki.com، 5/1/2007.

٢. الواقع الأكاديمي العربي... السوس ينخر المقاعد، آمال موسى، www.ashrqalawsat.com، 19/9/2005.



هاوپەیمانان لەعێراق و ئەفغانستاندا، هاریکاری بکات، بەمقاوەمە و کارێکی شەرعیی ڕێگا پێدراو لەئایینی ئیسلام، بزانێت[1].

رەگی رق لێبوونەوە و دژە رۆژئاواییش، زێتر بۆ دوای دابەشکردنی فەلەستین و، بەدەوڵەت بوونی ئیسرائیل، دەگەڕێتەوە... ئەو هەستە وردە وردە لەپەرەسەندندا بوو، لەگەڵ شەڕەکانی کەنداو و ئەفغانستانیشدا، گەیشتە ترۆپکە.

جیهانی رۆژئاوا و دەسەلاتدارەکانیان، دابەشکردنی ئەو خاکە بەسەر دوو دەوڵەتی (ئیسرائیل و فەلەستین)، بەڕەوا دەزانن و، پێیانوایە، جوولەکەکانیش لەدێر زەمانەوە لەو شوێنەدا ژیاون و، بەشێك لەو دەڤەرە بەخاکی خۆیان دەزانن. لەبەرامبەر ئەوەشدا، عەرەب و موسڵمانەکان پێیانوایە بەم دابەشبوونە غەدرێکی گەورە لەعەرەب و موسڵمانەکان کراوە و، نابێت ئەو پرۆژەیە جێ بەجێ بکرێت.. لەگەڵ ئەو دوو بۆچوونە جیاوازەش، بۆشاییەکی گەورە لەنێوان دیموکراتی بەرفراوانی ئەوروپا و لەبەرامبەریشدا نەبوونی ئەو ئازادی و زەمینەیە لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دا هەیە. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا بەرقەراربوونی ئەو کەش و هەوایەی ئەوروپا باشە بۆ جیهانی عەرەب و ئیسلامی؟! یان هاتنەسەر کاری ئەو پەڕگیرە نەتەوەیی و ئایینییانە؟!

هەڵبەتە گەر خەڵکە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان سەرپشك بکەیت، زەمینەی یەکەم هەڵدەبژێرن، چونکە بەچاوی خۆمان، میرنشینی (تالیبان)ی ئەفغانستانمان بینی و، کردەوە و هەڵسوکەوت و، تێڕوانینەکانیان بۆ ژیان، راستییەکانیان، رۆشنتر کردۆتەوە.. مێژووەکەش ئەوەندە کۆن نەبووە، تا پەنا بۆ

١. بەرنامەی (الأتجاه المعاكس)ی کەناڵی ئاسمانی (ئەلجەزیرە)ی قەتەری، لەرۆژی ٢٠٠٤/٩/٢١دا، ئەنجامی راپرسییەکی لەسەر ئەنتەرنێت بلاوکردەوە کە لە (٩٦٪)ی دەنگدەرانی پێیانوابوو ئەوە کارێکی رەوایە و، ئایینی ئیسلامیش ڕێگای پێداوە... دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو کەسانەی دەنگیان داوە، خوێندەوار و شارەزاییەکی باشیشیان لەکۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتدا هەیە... جا ئەوە حاڵی خوێندەوارەکان بێت، دەبێت نەخوێندەوارەکان چۆن بیر بکەنەوە؟!

ئەرشیفەکان ببەین... فیلمەکان، تائێستاش بە بەرچاومانەوەن و، هاوکارەکانی (تالیبان)یش بەردەوامن لە داهێنان!!

## پەنجەکانی دەست وەك یەك نین

لەزووەکەوە گوتراوە، پەنجەکانی دەست لەڕووی درێژی و ئەستووری و، زبری و ناسکییەوە، وەك یەك نین، تا گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کەوەك پەند و ئیدیۆمێك لەنێو زۆربەی کۆمەڵگا جۆر بەجۆرەکانی دونیادا، بلاّوبۆتەوە.

لەم رووەوە دەتوانین رەوەندی ئیسلامی لەولاّتانی رۆژئاوادا، بکەین بەسێ بەشەوە:

یەکەم: بەشێك لەو خەڵکانە، لەولاّتی خۆیان، ئەوەندە پابەند نەبوونە بەمەسەلەی نەتەوە و ئایینەوە، خەمی هەرە گەورەیان، ژیانی خودی خۆیان بووە.. تاکە دروشمیان، بۆ خود ژیان و، دەست نەخستنە ناو کاروباری خەڵکانی تر، بووە.. تارادەیەك هەستی ئایین و نەتەوە، ئەوەندە لایان کاڵە، بەتەنگ (حەلاڵ و حەرام)، لەڕووی خواردن و خواردنەوەوە، نایەن. ئەوانە هیچ مەترسییەکیان بۆ سەر کۆمەڵگا خانە خۆێکان نییە.

دووەم: بەشی دووەم، ئەو خەڵکانەن کەئایینیان بەپەیوەندییەکی رۆحی نێوان خودا و تاك، وەرگرتووە و، گەر پێیان بکرێ، پێنج فەرزە نوێژەکان دەکەن و هەوڵ دەدەن داب و نەریتی خۆیان بپارێزن و، لەڕەمەزاناندا رۆژوو دەگرن و، حەجیش دەکەن... ئەوانە، دەست ناخەنە ناو کاروباری خەڵکانی ترەوە... بەهێمنی ئەو ریورەسمانە ئەنجامدەدەن، کە لەو دەڤەرەدا دەتوانرێت بەئەنجامی بگەیەنن...

لە نێو ئەو بەشە خەڵکەدا، ئافرەتی سفور و حیجاب پۆشیش، دەبینرێن. ئەوانەش لەلایەن ئاسایشی ولاّتە خانەخوێکانەوە، هەمان حسێبی بەشی یەکەمیان بۆ دەکرێت و، بەچاوی هاوولاّتی و میوان سەیر دەکرێن.

سێیەم: بەشی سێیەمیان کە بەشێکی کەم و چالاکن لەنێو ئەو رەوەندەدا. ئەوانە، مەترسین بۆ سەر کۆمەڵگا و تێکدانی شیرازەی ژیان. کردەوەکانیان خانەخوێکانیان



ناچار کردووە، سەرەڕای سەرفکردنی پارەیەکی زۆر لەدابینکردنی ژیانی ئاساییان، داهاتێکی زۆریش لەچاودێری کردن و، کۆنترۆڵکردنیان، سەرف بکەن.

ئەوانە، بازنەی ئازادی و فەراهەم کردنی کار و، هەوڵەکانی ئاوێتەبوونی بەشی یەکەم و دووەمیشیان، تەسك کردۆتەوە.

ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین، ئەو پەنجە زبر و ئەستوورانەن، کە لەلایەن پەنجەکانی ترەوە حیسابیان بۆ دەکرێت، ئەو پەنجانەش بەشی سێیەمی رەوەندی ئیسلامین لەرۆژئاوادا.

## پەنجە زبرەکان

ئەوانە، سەرەڕای کەمیشیان بە بەراورد لەگەڵ دوو بەشەکەی تر لەڕووی چەندایەتییەوە، بەلاّم کردەوە و هەڵوێستەکانیان، ژیانی دوو بەشەکەی تر و خانەخوێکانیشی تاڵ کردووە.

ئەو کۆمەڵ و گرووپانە، کاری توندوتیژی و، رێکخراو ئەنجامدەدەن، کە کاریگەرییەکی نێگەتیفی لەسەر ئایینی ئیسلام، وەك ئایین بەجێ هێشتووە.. بۆ ئەو مەبەستەش، مزگەوتەکانیان کردۆتە بنکەیەك بۆ کۆبوونەوە و، پلان دانان و، خۆ رێکخستن. زێتری ئەو خەڵکە پەڕگیرانەش خۆیان لەریزەکانی ئەو کۆمەڵ و رێکخراوە ئیسلامییە سیاسییانە دەبیننەوە، کە بەشێوەیەکی بەربلاّو و تارادەیەکی باش، سەربەستانە بواری کارکردنیان بۆ رەخساوە، نموونەی:

١- حیزبی تەحریری ئیسلامی.
٢- رێکخراوی (میللی گۆرش)- سەر بەتورکەکان.
٣- حیزبوڵلاّی تورکی.
٤- بەرەی مەزنی رۆژهەلاّتی ئیسلامی- تورکی، لەساڵی ١٩٨٥ لەتورکیا دروست بووە، کە بەبزووتنەوەی (قەپلان)چییەکانیش، بەناوبانگە.
٥- پارتی بانگەوازی ئیسلامی- سەر بەلیبییایە.

٦- حیزبوڵڵای لوبنانی- سەر بە (حەسەن نەسروڵڵا).

٧- بزووتنەوەی بەرگری ئیسلامی فەلەستینی (حەماس).

٨- بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی- فەلەستین.

٩- کۆمەڵەی برایانی موسڵمان- میسر و ئوردن.

١٠- بەرەی ئیسلامی تونسی.

١١- ئیسلامییە لێکترازاوەکانی جەزائیر و مەغریب.

١٢- بزووتنەوەی چەکدارە چیچانییەکان.

١٣- پارت و گرووپە ئیسلامییەکانی پاکستان.

١٤- بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق...تاد.

ئەو گرووپ و کۆمەڵانە، زۆر لەوە زێترن، ئەوانە تەنها نموونەیەکن.. بۆ بەرچاو روونی خوێنەر و، هەڵسوکەوتی ئەو گرووپانە هەوڵ دەدەین کەمێك بەدرێژی باسی چەند گرووپێکیان بکەین.

*** پارتی رزگاریخوازی ئیسلامی (حزب التحریر الاسلامی):**

ئەو پارتە لەسەر دەستی قازییەکی فەلەستینی بەناوی (تەقییەدین ئەلنەبهانی)، لەساڵی **١٩٥٣** لەشاری (قودس)دا، دامەزراوە. لەکاتی دامەزراندنیشیدا، ناوبراو گوتی، ئەو پارتە پارتێکی ئیسلامی سیاسییە، نەك رۆحی. لەسەرەتای شەستەکانەوە، چالاکییەکانیان لەفەلەستین سنووردار کرا، بۆیە روویان لەپاکستان کرد و، لەوێ درێژەیان بەکاری رێکخراوەیی دا.

ئەندامانی ئەو پارتە بەشێوەی ئاشکرا و نهێنی، لە (٧٠) وڵات زێتر، بڵاوبوونەتەوە. چالاکییەکانیان لەزۆربەی وڵاتەکانی رۆژئاوادا، بە شێوەیەکی ئاشکرا و، ئازادانە ئەنجامدەدەن. جەماوەرێکی زۆریان لەنێو گەنجە موسڵمانەکانی بەریتانیادا، هەیە. وە نەبێت هەر لەناو عەرەبەکاندا رێکخستنیان هەبێت، بەڵکو لەناو سەرجەم نەتەوە موسڵمانە جۆر بە جۆرەکان، بەتایبەتیش پاکستانییەکاندا،



رێکخستنیان هەیە. بەگوێرەی زانیارییەکان، (لەناو تورکەکانی هۆڵەندادا نزیکەی **١٥٠٠** ئەندامیان هەیە[1] ئەو پارتە لەهەموو وڵاتانی عەرەبیدا، پارتێکی قەدەغە کراوە و ناتوانن چالاکییەکانیان ئەنجامبدەن... هەر بۆیەش سەنتەری گردبوونەوەیان بۆتە وڵاتانی رۆژئاوا.. لەوێش داوای ئەوەندە سەیرو سەمەرە دەکەن، کەمایەی شەرم و گاڵتەجارییە... هەروەها لەبەرنامەکانیاندا داوای گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی بۆ سەر تەواوی گۆی زەمین دەکەن، کەپاش روخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، ئەو سیستەمە لەناوچوو. گرنگترین ئامانجە دیارەکانیشیان، بریتین لە:

- بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام بەرێگای دەعوە و جیهاد.
- هێنانە ئارای سیستەمی خەلافەتی ئیسلامی و، کارکردن بەقورئان و سونەتی پێغەمبەر.
- جیهاد کردن تارۆژی قیامەت، بەجیاوازی کات و شوێن، هەر دەبێت بەردەوام بێت. ئەو حیزبە لەسەرەتای مانگی ئابی ٢٠٠٥، لەبەریتانیا، قەدەغەکرا.

*** بزووتنەوەی موهاجیرەکان:**

ئەو بزووتنەوەیە لەلایەن عومەر بەکری بەرەگەز (سوری)، لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو وەك (لقی حیزبی تەحریری ئیسلامی)، دامەزراوە و، دواتر پاش هاتنی (بەکری) لەساڵی **١٩٨٦** بۆ بەریتانیا، ناوەکەشی بۆ (بزووتنەوەی موهاجیرەکان) گۆڕدراوە.

لەبەر کردەوە نایاسایی و فەتوا توندەکانی، دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لەئابی (٢٠٠٥)دا، چالاکییەکانی ئەو بزووتنەوەی قەدەغە کرد و، بەبڕیارێکیش سەرکردەکەی لەوڵات دەرکرد. (بەکری) پاش دەرچوونی لە لەندەن، داوای لە موسڵمانەکان کرد، ئەورووپا جێ بهێڵن و، هەڕەشەی ئەوەشی کرد کە رۆژێك دادێت

---

١. ئیمارەتی هۆڵەندا، ل١٦٨.

ئالاَى ئيسلام لەسەر (داوينگ ستريت- شوێنى حكوومەتى بەريتانيا)، بشەكێنەوە.. داواى ئەوەشى لێكردن، خۆيان بۆ جيهاد دژى رۆژئاوا، ئامادە بكەن.

### ★ ميللى گۆرش (Milli Gorus):

ئەو رێكخراوە بەماناى (تێڕوانينى نيشتمانى)، يان (ديدگاى نەتەوەيى) دێت، بەشێك لەتوركە ئيسلامييەكان (ئەوانەى لەرێگاى ئيسلامەوە سياسەت دەكەن) و، چالاكييەكانيان ئەنجامدەدەن، زۆر پەرگيرن و كەس ناناسن، لەنێو (ميللى گۆرش)دا خۆيان دۆزيوەتەوە. سياسەتمەدارى تورك (نەجمەدين ئەربەكان) لەسەرەتاى حەفتاكانى سەدەى رابردوو وەك بەشێك لەرێكخستنەكانى (حيزبى سەلامەت) دايمەزراندووە و، هەر خۆيشى سەرپەرشتييان دەكات. ئەندام و هەوادارانى ئەو رێكخراوە، دان بەپێشكەوتن و شارستانييەتى ئەوروپادا نانێن و، هەر خەون بەحوكمڕانييەتى عوسمانييەكانەوە دەبينن. دژايەتييەكى زۆرى ئەمريكا و ئەوروپا و دونياى شارستانييەت دەكەن و، لايەنگيرى رژێمە ئيسلامى و كۆنەپەرستەكانى ناوچەكە و، گرووپە پەرگيرەكانى وەك "قاعيدە" و "حەماس" و "جيهاد"ى فەلەستين و، (حيزبوڵلاى لوبنانى) و (ئەبو سەياف)ى فليپينى و، چەكدارەكانى چەچانستان و، كۆمەڵ و رێكخراوە پەرگيرەكانى ناو عێراق دەكەن. هاوسۆزى خۆيان بۆ ئەنجامدەرانى تەقينەوەكانى ئەوروپا، دەردەبڕن.

ئەوانە باڵێكى ئۆپۆزسيۆنى حكوومەتى توركياشن و كار بۆ هێنانە سەر كارى حكوومەتێكى ئيسلامى وەك (كۆمارى ئيسلامى ئێران)، لەولاَتەكەياندا دەكەن. لەگەڵ ئەوەشدانين توركيا بێتە ريزى (يەكێتى ئەوروپا)، چونكە بەبۆچوونى ئەوان، گەر هاتوو ولاَتەكەيان لەو يەكێتييە وەرگيرا (كەوەرناگيرێ) دەبێت پابەندى تەواوى عەلمانيەت و، رێورەسمى ديموكراتييەت و ژيانى ئازادانەى كۆمەڵگا بێت... لەو كاتەشدا، سيماكانى نەتەوەيى تورك ون دەبێت و، سنوورەكانى ولاَت هەڕەشەى گۆڕانكارييان لێدەكرێت.



هەر لەسێبەرى ئەو يەكێتييەدا، دەبێت دان بەبەشە (قوبرس)ى يۆنانى و مافى رۆشنبيرى و نەتەوەيى كەمە نەتەوايەتييەكانى توركيا بنرێت و، پەيوەندييەكانيش لەگەڵ دوژمنى سەرسەختيان (ئەرمينيا) باش بكات، تا ئەو ئاستەى دان بەكۆمەڵكوژييەكەى ساڵانى (١٩١٥-١٩١٧)يشيان، بنێت.

ئەو گرووپە پەرگيرە، درێژە پێدەرى سياسەتى پارتە يەك لەدوا يەكە ئيسلامييەكانى (رێكخستنى نيشتمانى ١٩٧٠-١٩٧١) و، (سەلامەت ١٩٧٢-١٩٨٠) و، (رەفاه ١٩٨٣-١٩٩٨) و، (فەزيلەت ٢٠٠٠-٢٠٠٣) و، (سەعادەت ٢٠٠٣-ئەمڕۆ)ن، كە هەر هەموويان (ئەربەكان) دايمەزراندوون، يان دامەزراندنيان بەفەرمان و سەرپەرشتى ئەوەوە بوون. بەهۆى زۆرى رەوەندى توركيش لەهەردوو ولاَتى ئەڵمانيا و هۆڵەندا، پێگەى ئەو گرووپەش لەو ولاَتانەدا بەهێزترە تا ئەو رادەيەى كە دەسەلاَتداران بەهەڕەشەيەكيش لەسەر ئاسايشى نيشتمانى، حيسابيان بۆ دەكەن.

لەهۆڵەندا بەپێى راپۆرتى دەزگاى هەواڵگرى ئەو ولاَتە (لەساڵى ١٩٩٨ چل هەزار ئەندامييان هەبووە و پتر لەهەشت هەزاريان توندڕەون و مەترسييان لێدەكرێت. هەروەها سەرپەرشتى چل مزگەوتيش دەكەن)[1].

لەئەڵمانياش، نزيكەى (٢٨) هەزار ئەندامى پەرگيريان هەيە و، سەرپەرشتى سەدان مزگەوت و رێكخراوى لاوان و ئافرەتان دەكەن. بەدووەم رێكخراوى ئيسلامى بالاَدەستيش لەقەڵەم دەدرێن. ئەو گرووپە لەسەر بارو بوو و ئابۆنەى ئەندام و لايەنگرەكان و، يارمەتى پارتە ئيسلامييەكانى توركيا، درێژە بەكارەكانيان دەدەن و، پابەندين بەبڕيار و رێنماييەكانى حكوومەتى توركياوە.. بە ئاشكراش دژايەتى ئەو رێكخراو و كۆمەڵ و مزگەوتانە دەكەن كە (يەكگرتووى ئيسلامى تورك) دايمەزراندوون.

لەئەڵمانيا، رۆژنامەيەكى وەرزى بەناوى (ميللى غەزەتە) دەردەكەن، كەتەنها بەسەر مزگەوت و ئەندامەكانياندا، دابەشى دەكەن. لەساڵى ٢٠٠٣دا، لەوتارێكيدا،

١. هەمان سەرچاوە، ل٥٩ و ل١٣٦.

یازدەی سێپتێمبەری بەپیلانێکی زایۆنزمی جیهانی لەقەڵەم داوە و، پەرگیرەکانی (قاعیدە)شی لێ بێبەری کردووە.

راپۆرتی (دائیرەی پاراستنی دەستوور)ی سەر بەوەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا، پێیوایە ٠میللی گۆرش هەوڵ دەدات و، دەیەوێت ناوەندە ئیسلامییەکانی ئەڵمانیا فراوانتر بکات...) هەروەها پێیوایە، (ئیسلام لەڕوانگەی میللی گۆرشەوە، وەك سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بنکە فراوان سەیر دەکرێت و، هەموو بۆچوونێکی تر، ڕەت دەکاتەوە).

هەروەها خودی وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیای ئەو کات (ئۆتۆشیلی)، لەکاتی خوێندنەوەی راپۆرتێك لەسەر ئاسایشی ناوخۆ، لەڕۆژی ٢٠٠٥/٥/١٧دا گوتی، میللی گۆرشی تورکی یەکێکە لەو بیست و چوار ڕێکخراوە پەڕگیرە ئیسلامییانەی کە لەئەڵمانیادان و، زێتر لە (٢٧٢٥٠) ئەندامیان هەیە. لەبەرامبەر ئەو داخۆیان و سیاسەتە فەرمییەی ئەڵمانیاش، ئەوان دەڵێن، (ئێمە لەچوارچێوەی دەستووری ئەڵمانیادا دەژین و، دان بەسیستەمی دیموکراتی ئەو وڵاتە دەنێین و، هانی ئەندامەکانمان دەدەین، فێرە زمانی ئەڵمانی بن و هەوڵی ئاوێتە بوون بدەن... پێشمان وایە، دەکرێت وڵاتانی ئیسلامی هەمان سیستەمی حوکمی ئەڵمانیا پەیڕەو بکەن... لایەنگیری دیالۆگی نێوان ئایینەکانی ئیسلام و کرستیان و یەهودین و، دژ بەکار و کردەوەی ڕێکخراوە ئیسلامییە پەڕگیرەکانین).

لەسەر زەمینەی واقیع و پراکتیکدا، ئەو بۆچوونەی ئەوان، سیاسەتێکی تاکتیکی ڕۆژە و، دەیانەوێت دەوڵەت و رای گشتی چەواشە بکەن... لە ئێستادا، لەبەر نەبوونی دەرفەت و، بێتواناییان، ناتوانن ئاوات و ئامانجەکانیان بپێکن، دەنا وەکو پارت و گرووپە ئیسلامییە پەڕگیرەکانی جیهان، گەر دەستیان هەبێت و، ڕۆژیان بێت، شەریعەت پەیڕەو دەکەن، نەیارەکانیشیان بە مردوو و زیندوویی لەگۆڕ دەنێن... نموونەش زۆرە، سیاسەتی قۆناخەکانی خەباتی (ئیخوان ئەلموسلیمین)ی میسر، کە دایکی هەموو باڵە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆی جیهانە، ئاوێنەی باڵانومای



ئەو ڕاستییەیە. جگە لەو ڕاستییەش، وتە و فتوا و بۆچوونی مەلا و پێشنوێژکەرەکانی ناو ئەو ڕێکخراوە، ئەو ڕیسەی کە بەشێوەیەکی تەڵەکە ڕێسراوە، دووبارە دەکەنەوە خوری.

## کێشەی مەلا یەعقوب تەتشی

"مەلا یەعقوب"ی بە ڕەگەز تورك، لە ساڵی (١٩٧١)ەوە لە شاری بەرلین دەژی و، یەکێکە لەکەسایەتییە دیار و دامەزرێنەرەکانی "میللی گۆرش" چەندان جاریش لەسەر شاشەی کەناڵە تورکییەکانی وەك، (کەناڵی ٧) و (کەناڵی TV.5)، وەك وتارخوێنی ئایینی دەرکەوتووە. ناوبراو، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی (مەولانا)یە، لەگەڕەکی (کرۆیتسبێرگ)، شاری بەرلین، لەیەکێك لەوتارەکانی ڕۆژی هەینی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤دا، زۆر بەتوندی هێرشی کردۆتە سەر ئەڵمانەکان و، بەکافری لەقەڵەمداون، هانی خەڵکەکەشی داوە (کە تێکەڵیان نەبن، چونکە ئەوانە بۆنیان ناخۆشە و، زینا دەکەن و، کافرن... هیچ سوودێك لەوانە نابینن...). لەبێبەختی (مەلا یەعقوب)یش، لەدوای یازدەی سێپتێمبەر و زێتر مزگەوتەکان لەژێر چاودێریدان و، ئەو ڕۆژە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئەڵمانی، بەشێوەیەکی نهێنی، کامیراکەی لەیەکێك لەسوچەکانی مزگەوتەکەدا، دانابوو... پاش تەواوبوونی وتارەکەش بەچەند ڕۆژێك، دواتر سەرجەم وتارەکەی پەخشکرد، کەبووە مایەی ناڕەزایی ئەڵمانەکان و هەرایەکی گەورەی نایەوە.

هەروەها لەمیانەی خۆپیشاندانێك کە لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا ئەنجامیاندابوو، ناوبراو بەئاشکرا پاڵپشتی لەو کارە خۆکوژییانە کردبوو، کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجامدەدرێن.

ئەوە بووە کێشەیەك و، لەڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٢٢، دادگای بەرزی بەرلین بڕیاریدا ئەو مەلایە لەئەڵمانیا دەربکرێت و، ڕەوانەی تورکیاش بکرێتەوە. یەکێك لە ئامادەکار و

کارمەندەکانی کە ئەو وتارەیان تۆمار کردبوو گوتی، ئەو مەلایە هەر رق لێبوونەوەی خۆی دژ بەئەڵمانەکان دەرنەبڕی، بەڵکو ئەوەشی ڕاگەیاند: کەچارەنووسیان دۆزەخە[1].

## فەتوا ئاگرینەکان

دیارە ئەو موسڵمانانەی کە لەبەر هۆکاری ئابووری و، ژیانی سیاسی و نەبوونی ئازادییەکان، (بەمەلایەکانیشەوە) بەناچاری سەری خۆیان هەڵدەگرن و، لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا دەگیرسێنەوە....تا مۆڵەتی مانەوە و نیشتەجێبوون وەردەگرن، زۆر بەڕێکوپێکی ئیلتیزام بەیاساکانی ئەو وڵاتانەوە دەکەن. پاش جێبەجێ بوونی کارەکانیان، هەڵدەگەڕێنەوە. هەموویان بەجوانترین شێوە میوانداری دەکرێن و، مانگانەی بێکاری وەردەگرن و، بیمەی تەندروستی و کۆمەڵایەتییان، بۆ دابین کراوە.

هەر شارێکی گەورە و بچووکی ئەو وڵاتانە بگری. مزگەوتێکی هەر تێدایە گەر زێتر نەبێت. لەگەڵ ئەو کەشەی کە بۆشیان ڕەخساوە، بەشێك لەو مەلایانە شوکری خودا ناکەن کە لەژێر جەور و ستەمی جەلادەکانیان دەربازیان بووە.. لێرەش، لەڕێگای وتارەکانیاندا، هانی توندوتیژی و، تێکەڵ نەبوون بەکۆمەڵگا خانەخوێکان دەدەن.. هەوڵیش دەدەن ئەو گەنجانەی کەهێشتاکە تەمەنیان تەمەنی گوڵە، بەرەو هەڵدێری ڕەشبینی بەژیان و، زوو گەیشتن بە بەهەشتی هەتاسەری ئەو دونیا، ئاڕاستە بکەن. ئەوەندەش دژایەتی ڕۆژئاوا دەکەن، چارەکی ئەوەندە دژی حاکمە زاڵمەکانی خۆیان، هەڵوێست وەرناگرن. لەهەندێك لەو مزگەوتانەی کە بەمزگەوتی پەڕگیرەکان بەناوبانگە، جگە لەفرۆشتنی کتێبی ئایینی و قورئان و، کاسێتەکانی ئاخیر زەمان و ئەسحاب ئەلکەهف و یەئجوج و مەئجوج و، تەزبێح و بەرماڵ، کاسێت و نووسراوەکانی (ئەیمەن ئەلزەواهیری و، بن لادن و، سەید قوتب و، سەربڕین و، جیهاد

١. زۆربەی ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەڵمانیا و ماڵپەڕی www.elaph.com، 23/3/2005.



لە عێراق و ئەفغانستانیش) دەفرۆشن و، ئەو دونیا خۆشە لەپێش چاوی لاوەکان ڕەش دەکەن و، هانیان دەدەن هەرچی زووترە، بەرەو پیری ئەو دونیا بچن.

هەر بەوەش ناوەستن، بەڵکو داوا لەحکوومەتەکانی ڕۆژئاوا دەکەن کەزمانی عەرەبی بکرێتە زمانی فەرمی وڵاتەکانیان و، ئاماژەکانی هاتووچۆش بەعەرەبی بنووسرێن[1]. ڕاشکاوانەش بەخاوەن ماڵەکان دەڵێن، (ئێمە بەپشتی بەلەمەکانی مردن هاتین، بەڵام دەبێت ئێوە بەمەلەکردن لێیدەرچن)[2]. (عەمار ئەسفەر)، ڕاگری مزگەوتی (لیل) و، لێکۆڵەری ئەنترۆپۆلۆژی (محمد بن خیرە) لەخۆنیشاندانی ڕەوەندی ئیسلامی لە ٢٠٠٦/٢/١١دا گوتیان، (تێکەڵبوونی موسڵمانەکانی فەڕەنسا لەگەڵ سیستەمی کۆماری عەلمانی فەڕەنسادا، کارێکی پڕ لەشەرمەزارییە دەرهەق بەئایینی پیرۆزی ئیسلام)[3].

لەلایەکی ترەوە، (فەرید بنیتو)ی پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی (دەوحە)ی پاریس، هەوڵی کۆکردنەوە و هاندانی گەنجە موسڵمانەکان دەدا تاوەکو بۆ جیهادکردن ڕوو لەعێراق بکەن و، بەشەهیدبوونیان، بە بەهەشتی بەرین شاد بن[4].

١. بۆ نموونە، (ئەبو جەرع جەع)ی بەڕەگەز لوبنانی کە لەبەلجیکادا دەژی و، خاوەن ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیە، ڕێکخراوێکی بەناوی (کۆمەڵەی عەرەبەکانی ئەورووپا) پێکهێناوە و، ئەو داوایەی لەحکوومەتی بەلجیکا کردووە.. بڕوانە، ئیمارەتی هۆڵەندا، ل١٦٥.,

٢. (سلمنکە)، شارۆچکەیەکی ئیسپانییە و، ٢٠٠کم لەرۆژئاوای مەدریدە. بێگانەیەکی زۆر بەتایبەتیش موسڵمانەکان لەو شارەدا دەژین. ئەوانە لەسەر دیوارەکان دروشمی، (ئێمە بەپشتی بەلەمەکانی مردن هاتین، بەڵام دەبێت ئێوە بەمەلەکردن لێیدەرچین) نووسیووە... واتە، دەبێت ئێوەی خاوەن ماڵ لەئیسپانیا دەرچن، دەرچوونەکەی ئێوەش زۆر لەهاتنەکەی ئێمە مەترسیدارترە... لەبەرامبەر ئەو دروشمانەدا عەرەبەکان دەڵێن، ئەوە کاری نازییەکانە تاوەکو خەڵك دژی عەرەب و موسڵمانەکان هان بدەن. بڕوانە: www.islamonline.net، 6/1/2007.

٣. آراء في صحف غربية عن الاسلام السياسي في الغرب، عزيز الحاج، www.elaph.com، 22/2/2006.

٤. المتطرفون والتغرير بالشباب المسلم في أوروبا، د.أحمد أبو مطر، www.elaph.com، 19/7/2005.

لە ڕۆژئاوا، بە هۆی بەرقەراربوونی ئازادی رادەربڕین و هەڵسوکەوت کردن ئەوەندە بەرفراوان بووە، رێگە لە هیچ کردەوەیەك نەگیراوە... وشەی (حەرام) بوونی نییە. لە زۆربەی ولاٌتەکاندا، دیاردەی هاوڕەگەزبازی (هۆمۆسێکسوالٌی) بە شێوەی فەرمی دانی پیانراوە.. چەندان کەسی هاوڕەگەز وەکو خێزان پێکەوە دەژین و ممارەسەی کاری سێکسی دەکەن.

بە گوێرەی بابەتێکی ڕۆژنامەی (دێلی تەلەگراف)ی بەریتانی و، بە پشت بەستن بە ئامارە فەرمییەکان، لە (٦٪)ی ژن و پیاوەکانی بەریتانیا هاوڕەگەز بازن. سالٌی (٢٠٠٥)یش، حکوومەت یاسایەکی دەرکرد کە بە گوێرەی ئەو یاسایە، تاك سەربەستە شوو بە هاوڕەگەزەکەی خۆی بکات و، هەموو مافێکی وەك شووکردنی ئاسایی، پارێزراو دەبێت[١].

بە گوێرەی راپۆرتێکی سەرژمێری ئەڵمانیا، هۆمۆکان لە ٥٪ی کۆمەڵگا پێکدەهێنن و، شاری (کویڵن) بە پایتەختی نیمچە رەسمی ئەوانە دادەنرێت... لە شاری (هامبۆرگ)یش خاوەنی (٧٠) کۆمەڵە و، (٦٠) قاوەخانە و دیسکۆخانەن[٢].

هەڵبەتە ئەو دیاردەیە نەك تەنها لەلایەن موسڵمانەکانەوە، بەڵکو لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانیش، دیاردەیەکی نامۆ و دەگمەنە، بەلاٌم کەس دەست ناخاتە ناو کاروباری ئازادییەکانی تاکەکەس... زۆربەی موسڵمانە ڕۆژئاوانشینەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە، کەچی بەشێك لەو مەلایانە، ئەو بابەتە دەکەنە کەرەستەیەکی دەوڵەمەند، بۆ زێتر لێکترازاندنی موسڵمانەکان لەو کۆمەڵگایانە... بۆ هەمان مەبەست مەلای مزگەوتێك لەشاری (ڕۆتەردام)ی هۆڵەندا، لەبەردەم نوێژکارەکاندا گوتی (هەر موسڵمانێك لەگەڵ کەسێکی هۆمۆ گفتوگۆ بکات ئەوە یەکسەر ئەویش دەبێتە هۆمۆ، چونکە هۆمۆ بوون نەخۆشییەکی درمە و

١. گۆڤاری "إستيقظ" تشرين الثاني، ٢٠٠٦، ل٢٧.

٢. ماڵپەڕی www.studieren-in-deutschland.de.



لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوێزرێتەوە)[١]... وەك ئەوەی بزانێت کەهۆمۆ نەخۆشی هەلاٌمەتە و، لەرێگای هەواوە بلاٌودەبێتەوە. هەروەها مزگەوتی (تەوحید)یش یەکێکە لەو مزگەوتانەی کەدژی (هۆمۆ)کانە و، هانی توندوتیژیشی تێدا دەدرێت... بەئاشکرا دەست دەخەنە ژیان و کاروباری کەسی هۆڵەندییەکانەوە. یەکێك لەئەندامانی دەستگیرکراوی گرووپی (شانەی پایتەخت) بەناوی (تاهیر)، لەبەردەم نووسینگەی پۆلیس راشکاوانە رایگەیاند کە لەو مزگەوتەدا[٢] باسی شتی وا دەکرێت کە مرۆڤ شێت دەکەن مێشکی تێکدەدەن.... هەروەها پارە و پوول لەو مزگەوتەدا، بۆ موجاهیدەکان کۆدەکرێتەوە.

(حیجاب)یش یەکێکە لەو مەسەلە گەرم و گوڕانەی نێوان راگەیاندنەکانی ڕۆژئاوا و، موسڵمانە پەڕگیرەکان... هەر چەندە لە زۆربەی ولاٌتەکاندا قەدەغە کراوە، بەلاٌم بە هۆی خراپ بەکارهێنانی، وردە وردە تا دێت بەرەو قەدەغەکردنێکی سەرتاسەری دەچێت. راگەیاندن و میدیاکان زێتر ئەو مەسەلەیە دەوروژێنن، لە بەرامبەر ئەوانەشدا، مەلا و وتارخوێنەکان، هانی خەڵك دەدەن کە پابەندبن بە (حیجاب)ەوە. لەو پەراوێزەدا، لە سەرەتای مانگی ئازاری ٢٠٠٥، وتارخوێنی یەکێك لە مزگەوتەکانی (کۆپنهاگن)ی پایتەختی دانیمارك، لە وتاری ڕۆژی هەینیدا گوتی: (دەبێت تەواوی پیاوەکان لە ماڵەوە، ژن و دایك و کچ و خوشکەکانیان حیجاب پۆش بکەن... ئەو ژنانەی کە ماکیاژ و بۆن و بەرامەش بەکاردەهێنن، جێگایان ناوەڕاستی دۆزەخە و، ئامرازێکیشن بە دەستی شەیتانەوە، دژی پاوەکانیان). دوای ئەو وتارە ئاگرینە (٤٠) ژنی چالاك لە ڕۆژی جەژنی ئافرەتانی جیهاندا، سکالاٌیەکیان دژی ئەو مەلایە بۆ دەزگا بەرپرسەکان بەرز کردەوە.

١. ئیمارەتی هۆڵەندا، ل١٧٦.

٢. پێشدەچێت مەبەست لەمزگەوتی (الفرقان)ی شاری (ئایندهۆڤن) بێت کە بەمەڵبەندێکی سەلەفییەکان بەناوبانگە... ئیمارەتی هۆڵەندا، ل١٥٢.

ئەو فەتوا ئاگرینانە، نەك هەر لەرۆژئاوادا، بەڵكو لەسەرجەم دونیادا كەبۆتە دەڤەرێكی ئارام بۆ پەناهەندە موسڵمانەكان، دەدرێت. (شێخ تاجەدین هیلالی) پێشنوێژ و وتارخوێنی یەكێك لەمزگەوتەكانی ئوسترالیا لەمانگی رەمەزانی ٢٠٠٦، لەبەردەم ٥٠٠ نوێژ خوێندا گوتوویەتی: (ئافرەتە ئوستراڵییەكان رووت و قوتن و لەپارچە گۆشتێك دەچن... ئەگەر پارچە گۆشتێك لەسەر شەقام یان لەناو باخچە داندرا و سەرت دانەپۆشی، پشیلەیەك هات و خواردی، كێ تاوانبار دەبێت؟! پشیلەكە یان ئەو كەسەی كە گۆشتەكەی بەدانەپۆشراوی بەجێهێشتووە؟! هەڵبەتە پشیلەكە هەقی خۆیەتی گۆشتەكە بخوات...)[١].

ئەو وتارە قەیرانێكی گەورەی لەنێوان رەوەندی ئیسلامی و مەلا لەلایەك و، حكوومەت و خەڵك و راگەیاندن، لەلایەكی ترەوە، دروستكرد.

دوو ئەندام پەرلەمانی ئەڵمانی بەرەسەن توركیش (ئەكین دیلگۆز) لەسەر لیستی سەوزەكان و، (لالەئاك گون) لەسەر پارتی سۆسیال دیموكراتەكان، لەپێناو زێتر تێكەڵبوونی ئافرەتانی تورك و موسڵمان، لەگەڵ كۆمەڵگا و دام و دەزگا ئەڵمانییەكان، لەناوەڕاستی ئۆكتۆبەری ٢٠٠٦دا، داوایان لێكردن (حیجاب) فڕێبدەن... ئەو داوایە بووە ئاگرێكی لەپووش بەربوو، نێوەندە رادیكاڵەكان نارەزاییەكی زۆریان دەربڕی و، بەسەدان تەلەفۆن و نامە و ئیمێڵی هەڕەشە ئامێزیان ئاراستەی ئەو دوو ئافرەتە كرد. هەندێكیان نووسیبوویان، (... ئێوە خائین و پیس و مەیمونی ئەورووپین... ئێوە دەتانەوێ فەرمانەكانی خودا بشكێنن... تاد)[٢]. هەڕەشەی كوشتنیشیان لێكرا.

لە سەر ئاستی سیاسی و كۆمەڵگای مەدەنیش، دەیان رێكخراو و پارت و كەسایەتی نارەزاییان دەربڕی و داوایان لەموسڵمانەكان كرد كەرێگر نەبن لەدەربڕینی بیر و رای ئازاد، بەتایبەتیش لەولاتێك كە ئەو مافەی بەهەموو كەسێك داوە..

١. www.islamonline.net، رۆژی ٢٠٠٧/٣/٩.

٢. میدیاكانی ئەڵمانیا و ماڵپەری www.daralhayat.com، رۆژی ٢٠٠٦/١١/١.



دەزگاكانی ئاسایش و پۆلیس ناچار بوون، بەشێوەیەكی تۆكمە، بەهێزی پۆلیس، گیانی ئەو دوو پەرلەمانتارە، بپارێزن.

لەبەر ئەوەی داواكارییەكە ئەوەندە شتێكی سادە و ئاسایی بوو، كەسێك بەو پەڕگیرانەی نەگوت، بەڕێزینە، مادام ئەورووپا و رۆژئاوا ولاتی پیس و مەیمونەكانە، ئەی ئێوە چیدەكەن لێرە؟! بۆ بارگەكانتان ناپێچنەوە و بۆ ولاتەكانی خۆتان ناگەڕێنەوە؟! بەڕاستی (بانێكە و دوو هەوایە).

كاتێك كەخانمە وەزیری كاروباری پەنابەرانی هۆڵەندا سەردانی مزگەوتی (تلبۆرخ)ی كرد و، ویستی تەوقە لەگەڵ (مەلا ئەحمەد سالم)ی پێشنوێژی مزگەوتەكە بكات، كەچی ئیمامی ناوبراو ئامادە نەبوو تەوقە بكات، چونكە بەبۆچوونی ئەو تەوقە كردن لەگەڵ ئافرەتدا حەرامە[١].

## چێشتخانەی ماكدۆنالدس

تیرۆر، دیاردەیەكی نوێ نییە لە ئەورووپا و رۆژئاوادا، بەڵكو پێش تەشەنەكردنی تیرۆری ئیسلامی سیاسی، تیرۆری رێكخراوە چەپەكان، بە شێوەیەكی بەربلاو، لە سالانی حەفتا و هەشتاكانی سەدەی رابردوو، لەو دەڤەرەدا بلاوببۆوە و، ترس و دڵەڕاوكێیان لەنێو ئەو كۆمەڵگایانەدا چاندبوو.. پاساوی ئەو چەپە پەڕگیرانە بۆ ئەنجامدانی ئەو كارانە ئەوە بوو كە، حكوومەتەكانی رۆژئاوا سەرمایەدارن و، خوێنی گەلەكانیان دەمژن.

لەو نێوەندەدا، دەیان پارت و رێكخراوی چەپی پەڕگیر لە نموونەی، (گرووپی كەتائیبی سوور) لە ئیتاڵیا و، (سوپای سوور) لە ئەڵمانیا و، (كاری راستەوخۆ) لە فەرەنسا و، (كۆمەڵەی ١١ی نۆڤێمبەر) لە یۆنانستان، كە تا ئێستاكەش چالاكییان هەیە... هەروەها كۆمەڵەی (ئیرا) لە ئێرلەندا و، (ئیتا) لە ئیسپانیا، كەئەوەی

١. ئیمارەتی هۆڵەندا، ل١٦٦.

دواییان تائێستاکەش بەردەوامە و داوای سەربەخۆیی هەرێمی (باسك) دەكەن، ئامادەش نین لەگەڵ حكوومەتدا وتووێژی ئاشتی بكەن.

ئەو رێكخراوانە، دەیان كاری تیرۆریستییان ئەنجامداوە لەنموونەی، رفاندنی سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا (ئەلدۆمۆرۆ) لەساڵی ١٩٧٨، لەلایەن (رێكخراوی سوپای سوور) و، دواتر كوشتنی... (رێكخراوی سوپای سووری ئەڵمانی)ش، دەیان كەسایەتی سیاسی و بازرگانی ئەڵمانییان، تیرۆركرد، تا ئەو كاتەی بەپێی یاسا چالاكییەكانیان یاساغ كرا و، سەركردە هەرە دیارەكەیان (بریگیت مۆنهاریت) زیندانی كرد[١].

پاش هەرەس هێنانی جیهانی كۆمۆنیستیش، ئەو رێكخراوە لەساڵی ١٩٩٠دا، بەیەكجاری خۆی هەڵوەشاندەوە.

بەتێپەڕبوونی كات، تیرۆری چەپەكان نەما، لەجێگەی ئەواندا تیرۆری ئیسلامی سیاسی سەریهەڵدا بەتایبەتیش دوای نەوەدەكانی سەدەی رابردوو... لەدوای یازدەی سێپتێمبەری (٢٠٠١)دا، كردەوەكان تۆختر بوون. گرنگترین و بەرچاوترین ئەو كارە تیرۆریستییانەش، لەدوای بومەلەرزەی سێپتێمبەرەوە، بریتین لە:

- تەقینەوەكانی (مەدرید)ی پایتەختی ئیسپانیا لەرۆژی ٢٠٠٤/٣/١١، كە سەرەڕای زیانی ماددی، ١٩١ كوژراو و ١٩٠٠ برینداریشی لێكەوتەوە.

- بیسلان: لەرۆژی ٢٠٠٤/٩/١، (٢٥) چەكداری نەناسراو هەڵیانكوتایە سەر قوتابخانەیەك لەشارۆچكەی (بیسلان)ی سەر بەویلایەتی باكووری (ئۆسیتیا) و، قوتابی و دایك و باوكی قوتابییەكانیان بەبارمتە گرت.. لەئەنجامی تەسلیم نەبوون و، شەڕكردن لەگەڵ پۆلیسدا، (٣٩٨) كەس كوژراون و (٦٥٠) كەسیش بریندار بوون. چەكدارەكانیش بەشی زۆریان كوژران، كە لەناویاندا تەرمی دە عەرەب دۆزرایەوە.

---

١. ئەو خانمە پاش ئەوەی ٢٤ ساڵ لەزیندان ژیانی بردە سەر و، زۆربەی هاوەڵەكانیشی لەزینداندا خۆیان كوشت... دەوڵەتیش هەستی بەوە كرد كە ئەو ژنە ناتوانێت ببێتە مەترسی لەسەر ئاسایشی وڵات، بۆیە لە ٢٠٠٧/٣/٢٥دا، ئازادكرا.



- كوشتنی دەرهێنەری سینەمایی بەناوبانگی هۆڵەندی (تیوڤان كۆخ)، لەسەر دەستی (محەمەد بوێری) مەغریبی لە ٢٠٠٤/١١/٢دا.

- رۆژی ٢٠٠٥/٧/٧، لەیەك كاتدا، حەوت تەقینەوەی گەورە میترۆكانی لەندەنی هەژاند، كەبووە هۆی كوشتنی (٣٨) هاووڵاتی و، برینداربوونی زێتر لە (٧٠٠) كەسی تر. هەمان رۆژ، رێكخراوی (قاعیدە) بەرپرسیارییەتی خۆی راگەیاند.

بەگوێرەی سەرژمێری دەزگا ئەوروپییەكانی تایبەت بەتیرۆر لەئەورووپا، تەنها لەساڵی ٢٠٠٤دا، توانراوە (٢٨) كاری خۆكوژی پوچەڵ بكەنەوە، كە ئەو موسڵمانە ئەورووپانشینانە ویستوویانە ئەنجامیبدەن.. لەوانە، هێرش بۆ سەر دەزگای ئەتۆمی (پۆرسیل) لە هۆڵەندا و، بەفڕۆكە هێرشكردنە سەر قوللەی (ئیڤل) لە فەرەنسا.

رۆژنامەنووسێك لەرۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا، دەڵێت، تیرۆری ئیسلامی وەك چێشتخانەی (ماكدۆنالدس)ی لێهاتووە، كە لەهەموو ولاتێكدا بوونی هەیە... بەلای كەمی لەحەفتا ولاتی جیهاندا، رێكخراو و هەوادارییان هەیە[١].

ئاژانسی هەواڵی (CNN)یش دەڵێت، وایلێهاتووە توندڕەو و مافیاكانی ئەورووپا و رۆژئاواش دەبنە ئیسلام... بۆ نموونە لەهەر شەش زیندانی توندڕە و لەئەمریكادا، یەكیان لەزینداندا دەبێتە ئیسلام[٢].

هەر چەندە ئەو موسڵمانە پەرگیرانە پاساوی ئەوە بۆ كارەكانیان دەهێننەوە، كەئەورووپا و رۆژئاوا، بەردەركی ماڵیان لێگرتوون و شەڕیان پێدەفرۆشن... بەڵام بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی ئەوان، بۆچوونێكی تری بڵاویش هەیە كەدەڵێت، نەوەدەكانی سەدەی رابردوو، بەشەڕی رۆژئاوا لەپێناو پاراستن و مانەوەی موسڵمانەكان، ناوزەد كراوە. چونكە لەو زەمەنەدا، بەپشتیوانی و هێزی راستەوخۆی ئەورووپا و رۆژئاوا، سەدام لەكوێت دەركرا و، سۆماڵیش رزگاركرا.... بۆسنیا و هەرزە گۆڤینیا لەدەست سربەكان ئازادكرا... كۆسۆڤۆ رزگاركرا و هێزی ئاشتی پارێزیان بۆ دابینكرد.

---

١. المسلمون المعتدلون يجب أن يتحركوا، د.أحمد أبو مطر، www.elaph.com، 10/10/2005.

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەو زەمەنە، بەتایبەتیش حوکمڕانییەتی (بیل کلنتۆن)، لەڕۆژئاوادا بەسەردەمی زێڕینی موسڵمانەکان و، لاواندنەوەیان ناودێر کراوە.

ئەگەر ئەوانە پێیانوایە پەرچەکردارەکانیان وەك تۆڵە کردنەوە لەداگیرکردنی[١] ئەفغانستان و عێراق سەرچاوەی گرتووە، ئەدی خۆ تەقینەوەکانی شارەکانی (ریاز و عەدەن و نایرۆبی و دارولسەلام)، زۆر پێش ئەو شەڕانە بوون؟!

لەلێکۆڵینەوەکانی رووداوی ١١ی سێپتێمبەردا دەرکەوتووە کە ئامادەکارییەکانی ئەو هێرشە لەسەردەمی (کلینتۆن)، نەخشەی بۆ کێشراوە و لەسەردەمی (جۆرج بۆش)دا جێبەجێ کراوە... رایەك لەنێوەندە رۆژئاواییەکان، هەتا لەنێو موسڵمان و عەرەبە میانڕەوەکانیشدا، بلاوە و دەڵێت، ئەگەر هەموو شتێکیش بۆ ئیسلامەکان بکەین، لەوانەیە داوای (ئەندەلوس)یش بکەن[٢].

لەگەڵ ئەوەی کەئیسلام لەرۆژئاوادا بۆتە راستییەك و، لەهەموو کوچە و گەڕەك و شار و شارۆچکەیەکی ئەو وڵاتانە، سیمبۆلەکانی بە بەرچاومانەوەن.. شەقامێك نابینی ژنی حیجاب پۆش، یان چێشتخانە و کۆگا و دوکانی موسڵمانەکانی تێدا نەبینی.. لەزۆربەی شەقامی شارە گەورەکاندا، تابلۆی قەسابخانە و (گۆشتی حەلاڵمان هەیە) رووبەڕووت دەبنەوە. لەگەڵ ئەو راستییانەشدا، کێشەی ئیسلامی پەڕگیر پەیوەندی بەخودی جیهانی ئیسلامییەوە هەیە و، هەر لەوێش دەبێت رێگا چارەی بۆ بدۆزرێتەوە... ئەگەر بێتوو پرسیاری ئەوە لە (شێخ یوسف قەرەزاوی و عەلی خامنەئی و حەسەن تورابی و راشد غەنووشی و عەباس مەدەنی و زەغلول نەجاڕ و فەهمی هویدی و رەمەزان عەبدوڵلا شەلەح و محەمەد عەمارە و محەمەد مەهدی

١. لەڕاستیدا ئازادکردن بوو.

٢. ئەو رایە لەجێی خۆیدایە چونکە پاش تەقینەوەکانی مەدرید (٢٠٠٤/٣/١١)، زۆر بابەت بەلایەنگیر و دژ لەسەر ئەو رووداوە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتدا بلاوکرایەوە... زۆر کەس لەپەراوێزی بابەتەکاندا، دەیاننووسی، رۆژێك دادێت ئالای ئیسلام لەسەر (ئەندەلووس)دا دەچەقێنین و، سەروەرییەکانی ئیسلام دەگێڕینەوە.



عالف و موقتەدا سەدر و عەبدوڵلا حوسێن ئەحمەد و خالید مەشعەل و حەسەن نەسروڵلا و نەجمەدین ئەربەکان و عەبدولڕەب سەیاف و.... تاد) بکەین و بڵێین، (ئایا بیر و بۆچوون و، تێزو کردەوەی گرووپەکانی بن لادن و زەرقاوی و زەواهیری و محەمەد عەتا و رەمزی بن شیبە، تیرۆرن یان جیهادکارن؟!)[١].

هەڵبەتە هیچ یەکێکیان نایەتە بن ئەو بارە و وەلامێکی راشکاوانەت نادەنەوە... هەروەك تائێستاکەش هیچ داخۆیانێکی ئاشکرای ئەوانەمان نەبیستووە... تائێستاکەش سەرەڕای ئەو رەشەکوژی و قەسابخانە بەردەوامەی کە لەعێراقدا بەرقەرارە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ فەتوایەك لەدەمی ئەو زانا بەرێزانەوە کە بەستوونی سەرەکی ئایینی ئیسلام دەژمێردرێن، دەرنەچووە... ئەوە لەکاتێکدایە، کە بەدەیان فەتوا، رۆژانە لەجیهانی ئیسلامی دژ بەخەڵکی ئاشتیخواز و، نووسەر و رۆشنبیرە دیموکراتەکان دەردەچێت و، کوشتنیشیان حەلاڵ دەکرێت.

## دیاردەی "مرۆڤ سەربڕین"

دیاردەی مرۆڤ سەربڕین، تاوانێکی هێندە سامناك و بێ وێنەیە، ویژدانی سەرجەم مرۆڤایەتی دێنێتە هەژان و، هەموو ئایینە ئاسمانییەکان و، رێوڕەسمە کۆمەلایەتی و ئەخلاقییەکانیش، لێ بێبەرین... ماوەیەکە بە تایبەتیش دوای رووخاندنی سەدام، ئەو دیاردەیە لەلایەن گرووپە ئیسلامییەکان و، عەرەبە شۆڤینییەکانەوە، بۆتە مۆدێلێکی باو... ناوە ناوە، لە سەر شاشەی کەناڵی (ئەلجەزیرە)ی قەتەری و، سایتە ئیسلامییەکانەوە، ئەو هەواڵ و رووداوانە دەبینرێن و بانگەشەیان بۆ دەکرێت...

کەناڵی (ئەلجەزیرە)، بۆتە کەناڵێکی وا فراوان کە نەك هەر عەرەب زمانەکان بایەخی پێدەدەن، بەڵکو تەواوی هۆکارەکانی راگەیاندنی جیهان و، تاکەکانی کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکان، بایەخی پێدەدەن و وەك تاکە سەرچاوە، بۆ دەستکەوتنی

١. المسلمون المعتدلون يجب أن يتحركوا، د.أحمد أبو مطر، www.elaph.com، ٢٠٠٥/١٠/١٠.

هەواڵی گرووپە تیرۆریستەکان، پەنای بۆ دەبەن، کە دەڵێین ئەو کەناڵە بۆتە کەناڵێکی فراوان و خاوەن بینەرێکی بێ سنوور، مەبەستمان لە ڕاستگۆیی و، پاکی ئەو کەناڵە نییە، بە قەد ئەوەی کە هەموو جیهان، نیشانەی پرسیار و گومان دەخەنە پاڵییەوە.

تاکی سادەی کۆمەڵگا بە تایبەتیش ئەوروپاییەکان، دەپرسن، (بۆچی لە سەردەمی شەڕی دژ بە تیرۆر لە ئەفغانستاندا، لایەنە پەڕگیرەکانی وەك قاعیدە و تالیبان، تەنها مۆڵەتیان بە ئەلجەزیرە دەدا تا دیداریان لەگەڵدا ساز بکەن و، هەواڵەکان پەخش بکەن؟! بۆچی ئەو هەواڵ و کاسێتە پڕ لە تاوان و شەرمەزارییانە، تەنها لەو کەناڵەدا بلاو دەکرێتەوە؟! چۆن و بە چ ڕێگایەك، گەرماوگەرم، کەمتر لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێر، ئەو هەواڵ و دیمەنانە بە دەنگ و ڕەنگ، بەو کەناڵە دەگات؟!). ئەمانە هەموویان پرسیار گەلێکن، کە بێگومان وەلامەکانیان روون و ئاشکران و، ئەو کەناڵە دەخەنە خانەی دۆست و هەواداری ئەو لایەن و باندە شۆڤێنی و، تیرۆریستانەوە..

ئەو گرووپ و کۆمەلانە، ئاکاری ئیسلام و، هاوولاتییانی رۆژهەلاتییان لەبەرچاوی رۆژئاواو ئەوروپییەکان، وارەش و تەلّغ کردووە، کە تەنها ئیسلام یان رۆژهەلاتی بوون، دەتخەنە بەردەم دەیان پرسیاری سەیر و سەمەرە و، مۆرە لێکردن.

ئەوان هەقییانە ئەو بیرو بۆچوونانەیان لەلا دروست ببێت و، رێوشوێنی گونجاو بۆ پاراستنی ئاسایش و هاوولاتییانیان بگرنە بەر... ئەوان، بەتەواوی ئەو هەقیقەتە دەزانن کەتەواوی ئەو کارە تیرۆریستییانەی لەجیهاندا ئەنجامدەدرێن، یان پیلانی ئەنجامدانی بۆ دادەڕێژرێت، لەلایەن عەرەب و لایەنە ئیسلامییەکانەوە، نەخشەی بۆ دادەڕێژرێت... ئەوەی تەواو راستی ئەو بۆچوونەش دەسەلمێنێت، ئەو داخۆیانەی (ڕێکخراوی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ)ە کە لەڕاپۆرتی رۆژی ٢٠٠٤/٧/٦ی خۆیاندا، بێ پێچ و پەنا، دان بەو مەسەلەیەدا دەنێن و، پێیانوایە، (لە ٨٠٪ی هەموو کارە تیرۆریستییەکانی جیهان لەولاتانی عەرەبیدا سەرچاوەیان گرتووە)[١].

١. رۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (١٤٩٥)، ٢٠٠٤/٧/١١ کەئەویش لەڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) و، رادیۆی (سەوا)ی وەرگرتووە.



ئەو راپۆرتە لەزۆربەی رۆژنامە عەرەبی و جیهانی و، سایتەکاندا، بلاوکرایەوە... هەروەها (بەدر هیلالی) دەڵێت، لە ٩٠٪ی تیرۆر لەبن مێزەر و عەگالی عەرەبییەوە دەردەچێت[١].

ئەگەر خاوەن ماڵ بەو جۆرە راشکاوییەوە پەنجە بخاتە سەر راستییەکان، ئەوە چ جۆرە گومانێك لای غەیرە عەرەبی و، ئیسلامی دەمێنێتەوە؟! پارێزەر و بەرگریکارانی ئەو تاقم و باندە سەرلێشێواوانە، بەچ بیانوویەك دێنە سەر شاشە و، پاساو بۆ ئەنجامدەرانیان دەهێننەوە؟!

داخۆیان و ئەدەبیات و کردەوەکانی هەموو ئەو گرووپ و رێکخراوانە، مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکێ دەکات و، پرسیارگەلێکی لە لا دروست دەبێت، کە (ئایا پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلام، بڕوای بەتۆڵەسەندنەوەی ناشەرعی تاڕادەی سەر لەجەستە کردنەوە و، زەبر و زەنگ هەیە؟! ئایا کاری تیرۆر و تۆقاندن، دژ بە کارمەندانی سڤیلی غەیرە ئیسلام، کارێکی رەوا و واریدە لەقورئاندا؟! ئەگەر وانییە، بۆچی سەرجەم ئەو لایەن و باندە ئیسلامییانە، لە کاتی بە ئەنجامگەیاندنی تاوانەکانیان، قورئانیان لە دەستە و، پشت ئەستوور بە ئایەتی قورئانی ئەو کارانە ئەنجام دەدەن؟!)[٢].

١. دیمانەیەك لەگەڵ (عەلی باپیر) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، میدیا، ژمارە (٢١٧)، ٢٠٠٥/١١/٢٢، ل٩.

٢. عەلی باپیر، لەوەلامی پرسیاری، (بۆ تائێستاکە جوولەکە نەهاتووە خۆی لەناو مزگەوتێکی فەلەستینییەکاندا بتەقێنێتەوە)ی میدیادا، راشکاوانە دەڵێت، جوولەکە و کافر هەر خۆ ناتەقێننەوە، ئەوەی موسڵمان نەبێت ئەوەی لەدەست نایەت، ئەوە دەبێت چاك بەهەشتت لێ دیار بێت، ئەوجا دەتوانی خۆت بکەیتە قومبەلە، ئەوە لەبەر زێدە دیموکراسییان نییە، لەبەر ترسنۆکییانە و لەبەر ئەوەی باوەشیان بەژیانی دونیادا کردووە. ئەوە موسڵمان نەبێت کەس ئەوەی لەدەست نایەت.

بڕوانە، رۆژنامەی (میدیا)، ژمارە (٢١٧)، ٢٠٠٥/١١/٢٢، ل٩.

ئەو کارانە نەك هەر لەدوای عێراقی دوای سەدامدا پیادە دەکرێن، بەڵکو لەزووەکەوە کاری خۆکوژی و تەقاندنەوە بۆتە کولتوورێکی بەرقەراری بزووتنەوە ئیسلامییەکانی وەك (حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستینی و) حیزبوڵڵای لوبنانی و، چەچانییەکان و، گرووپە چەکدارەکانی سەیافی فلیپینی و....تاد).

ئەگەر ئەو کارانە، مرۆڤی موسڵمان تووشی سڵەمینەوە و، دڵەڕاوکێ و پرسیار بکات، ئەوە بەدڵنیاییەوە، بەشی زۆری خەڵکی رۆژئاوا و غەیرە ئیسلام، دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتە، کە ئەو ئایینە بڕوای بەئاشتی و، گفتوگۆی دیموکراتی و شارستانی، نییە و هەموو رێگەیەك بەڕەوا دەزانێت بۆ تۆڵەکردنەوە و خۆسەپاندن... بۆیە، دەرهاویشتەی ئەو کارە تیرۆریستی و، پڕ لەشەرمەزارییانە سەربڕینی گۆشاوگۆشی مرۆڤی سڤیل و بێ وەی‌و، پیشاندانی لەسەر شاشەکاندا، بۆتە هۆی تەسککردنەوەی بازنەی ئازادی رەوەندی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی، لەو وڵاتانەدا..

ئەگەر جاران، بە یارمەتی و کۆمەکی شارەوانییەکان، سەدان مزگەوت و خوێندنگای ئیسلامی و حوجرەی بچووك بچووك دروست کرابێت و، زەمینە خۆشکرابێت بۆ بازنەی فێربوون و تێگەیشتن لە قورئان و ئیسلام، ئەوە ئەورۆ، خەڵکی رۆژئاوا لەو یارمەتی و هاوکارییانە بە گومانن و نیشانەی پرسیاریش لە بەرامبەریاندا، دادەنێت... ئەو مزگەوت و خوێندنگا و حوجرە تایبەتییانەش، رۆژانە لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشەوە کۆنترۆڵ دەکرێن... بەرپرسەکانیشیان بانگهێشتی بنکەکانی پۆلیس و دادگا دەکرێن، بۆ وەدەست خستنی زانیاری و، لێپرسینەوە... بۆیە هیچ سەیر نییە، خەڵکی بەریتانیا بە نارەزایی دەربڕین و، خۆپیشاندان و، پرۆتستۆ کردن، لە رۆژی ٢٠٠٤/٧/٧دا، پێشوازی لە زانایەکی گەورەی عەرەب و ئیسلامی وەك (یوسف قەرەزاوی) بکات[1].

١. ئەو "یوسف قەرەزاوی"یەی کەیەکەم داکۆکیکار بوو لەرژێمی دیکتاتۆری سەدام و، لەکاتی لەناوبردنی رۆکێتە دوور هاوێژەکانی رژێم لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، پەرۆشی خۆی نەشاردەوە و، راشکاوانە لەرۆژی ٢٠٠٣/٣/١٨دا، لەیەکێك لەوتارەکانی رۆژی هەینیدا گوتی: هەر رۆکێتێکی (صمود. ج)ی عێراقی کە لەناو دەبرێت، وادەزانم پەراسوویەکم دەردەهێنن..



ئەو بیانوو هێنانەوەی هەندێك لەکەناڵ و کەسایەتییە راگەیاندنە عەرەبییەکان، کەگوایە ئەو کەسانەی ئەو خۆپیشاندانەیان سازکردووە، (لایەنی راسترەو و لۆبی جوولەکەن!!)، فڕی بەسەر واقیعەوە نییە و، هەوڵێکی نەزۆکە بۆ (دیزە بەدەرخۆنە) کردنی راستییەکان و، چەواشەکردنی جیهانی ئیسلامی و، هاندانی گرووپ و باندە تیرۆریستەکان، بۆ بەردەوامبوون لەسەر هەمان رێباز و کاری نامرۆڤانەیان..

بڵێین و نەڵێین، سەدان پاسا و بهێنینەوە و پاکانەش بکەین، ناتوانین ئاراستەی ئەو راستییە بەرقەرارە بگۆڕین، کە (ئیسلام و ئیسلام بوون) لەدیدگای ئەوان — رۆژئاواییەکان-، بۆتە بەشێك لەکولتووری زەبر و زەنگ و تۆقاندن و، یەکتر قەبووڵ نەکردن و، تۆڵەی ناڕەوا و، بەزۆر خۆسەپاندن.

## مۆساد

رۆژانە گوێمان لەدەیان دەزگای هەواڵگری (ئیستخبارات)ی دەبێت، کەهەندێکیان لەمێژە پێیان ئاشناین و، کەم و زۆر زانیاریمان لەبارەیانەوە هەیە... لەوانە، سی ئای ئەی ئەمریکی و، مۆسادی ئیسرائیلی و، ئیستخباراتی سەدامی و، ئیتلاعاتی ئێرانی و، میتی تورکی و، بەم دوا دواییەش گوێبیستی دروستبوونی (ئیستخباراتی ئیسلامی) بووین.

هەر یەکێك لەوانە شێواز و ئەجندای تایبەتی خۆی هەیە بۆ کارکردن و هەواڵ کۆکردنەوە. بۆ نموونە، گوایە بەهێزترین ئیستخبارات، سی ئای ئەی ئەمریکییە کەدەتوانێت پەی بەهەموو نهێنییەك ببات و، بەئاسانی بخزێتە ناو هەموو وڵات و، خەرقی دام و دەزگاکانیان بکات.

لە ئیستخباراتی (سەدام)یشدا، ئەندامانی یەك خێزان لەیەکتر دڵنیانین و، لەسەر یەکتر سیخوڕی دەکەن. میتی تورکی لەڕێگای کۆمەکی مرۆڤایەتییەوە، گەرا لەو شوێنانە دادەنێت، کە لەمێژە چاوی تەماحی تێبڕیووە...

ئیستخباراتی ئیسلامیش لەپێناوی بەهێزبوون، تەنها بۆ دەست لێڕاهاتن، منداڵی گوڵە بەرۆژە فرۆش سەردەبڕێت و، پارچە پارچەی دەکات... فیلمی (نەك کاوبۆیی) سێکسیش (نێربازی) دەردەهێنێت!!.

لە هەمووشیان بەدبەختتر مۆسادی ئیسرائیلییە، چونکە لەهەر شوێنێکی جیهانی ئیسلامیدا بەردێك لەئاسمانەوە بەرببێتەوە، بەسەری ئەو دەزگایە دەکەوێت... ڕێکخراوەکانی وەك، (قاعیدە و ئەنساری سوننە و جیهاد و تەوحید و جەیشی تەحریری ئیسلامی عێراقی و...تاد)، ڕۆژانە دەیان تەقینەوەی خۆکوژی لەعێراق و جیهاندا ئەنجامدەدەن و، خۆشیان بەرپرسیارییەتی رادەگەیەنن، کەچی موسڵمانەکانی ئێرە و ئەوێ، بەپێکەنین و گاڵتەکردن بەهەست و سۆزی کەس و کاری قوربانییەکان، بەتەوسەوە دەڵێن، (کێ قەناعەت دەکات کابرایەکی موسڵمانی سونی بچێت خۆی لەحوسێنیەکی شیعەی هاوزمان و هاوئایینی خۆی، بتەقێنێتەوە؟! ئەو کارە هەر لەمۆسادی ئیسرائیلی دەوەشێتەوە).

لە باشووری کوردستانیشدا، ئیستخباراتی ئیسلامی بەئاشکرا دانیان بەکردەوەکانی خۆیان ناو، بەفلیمیش بلاویانکردەوە، وێڕای ئەوەش، سەرکردەکەیان کەسێکی ناسراو و موعتەبەر بوو و، پێشینەیەکی سیاسیشی لەناو پارت و بزووتنەوە ئیسلامییەکانی لای خۆماندا هەبوو، ئەوجا ئەو لایەنانە لەمینبەری مزگەوت و، دەزگا راگەیاندنەکانیاندا، بە ناڕاستەوخۆ پاکانەیان بۆ کرد و، گوتیان، ئەو کردەوانە دەزگایەکی گەورەی هەواڵگری جیهانی وەك (مۆساد)ی لەپشتەوە بووە، دوور نییە کارێکی نەخشە بۆ کێشراو یان هەڵبەستراویش بێت.

دەربارەی ئەنجامدەری بوومەلەرزەکەی سێپتێمبەریش هەروەك نووسەری عەرەب (د.عبدالحمید الأنصاری) دەڵێت، لەنێو عەرەبەکاندا دووڕای جیاواز هەبوو، یەکیان پێی وابوو، ڕاستە قاعیدە ئەو کارەی کردووە، بەلاّم بەدەست لەپشتدان و هاریکاری مۆساد و ئەمریکا، کردوویەتی، تاوەکو زیان بەموسڵمانەکان بگەیەنێت... ئەویتریان،



ئەنجامدەری تەقینەوەکە بەپاڵەوانترین پاڵەوان ناوزەد دەکەن و، بە شان و باڵییان هەڵدەدەن[١].

لە نێو ئەو دوو بۆچوونەدا، (ڕاگەیاندنی ئیستخباراتی ئیسلامی و پاکانەی موسڵمانە سیاسییەکان)، یان دەبێت مۆسادی ئیسرائیلی دەزگایەکی ئەوەندە بەهێز بێت، لەکاری دڕندەیی و بەد ئەخلاقیدا کەهەموو پێوانەیەکی شکاندبێت، یان ئەوەتا دەزگایەکی ئەوەندە بەدبەختە، (مام هێمن)ی شاعیر گوتەنی (هەر بەلایەك کە لەئاسمانەوە بێت)، دەپرسێت، توخوا لەکوێیە ماڵی مام (مۆساد)؟!

## دووفاقی

ئیبراهیم گەنجێکی فەلەستینییە و، زوو زوو بەنیازی نان خواردن، هامووشۆی پیدزەریای (A) دەکات. کەپیدزاکە تەواو دەبێت، تکا دەکات، (توخوا ئێوە مەیبڕن و پارچە پارچەی مەکەن.. خۆم بەچەقۆی تایبەتی ئەوە دەکەم).

ئەو برادەرە یەکێکە لەو موسڵمانە رادیکالانە و، زۆر بەدیقەتەوە خواردن دەخوات، نەبادا یەکێك لەپێکهاتەکانی (گۆشت یان ڕۆنی بەراز)ی تێدابێت. ئەو چەقۆیەشی پێ پیسە (نەوەك پێشتر شتێکی تری پێ بڕابێت کەگۆشت و ڕۆنی بەرازی تێدا بووبێت). هەرچەندە خاوەن پیدزەریاکەش بەڕەگەز سەر بەیەکێك لەو نەتەوانەیە کەشارۆچکەیەکی رۆژئاوا نەماوە، دوکانی (دۆنەر)یان لێ نەکردبێتەوە.. (حاجی)یە و سەری بچێت نوێژی ناچێت و، قورئان خوێنە و، ئامۆژگاری ئایینی زۆریش دەبەخشێتەوە.. ڕێگای ڕاست و، دروستی ئایینی (بەبۆچوونی خۆی) پیشانی خەڵك دەدات... هیچ جۆرە خواردن و خواردنەوەیەك (بەراز و ئەلکهول)، لەدوکانەکەیدا نییە. وەلێ ناوبراو هەموو گیانی سولفەیە. پارە لەبانك وەردەگرێت و هێدی هێدی

١. بڕوانە، وتاری فلتحیا العقلیة العربیة الخرافیة، د.عبدالحمید الأنصاري، جریدة (الاتحاد الاماراتیة)، ٢٠٠٦/٩/٢١.

بەفائیز دەیداتەوە. (عەلییە فەندی) گۆتەنی: (هەواش بەقەرز بێت وەریدەگرێت)... جگە لەوەش، زۆر بڕوای بەشەنس و یانەسیب (لۆتۆ) هەیە، هەردەم گیرفانی پڕە لە (لۆتۆ)ی پڕ نەکراوە. هەڵبەتە ئەوانەش (سلفە و یانەسیب)، لەئاییەنی ئیسلامدا حەرامن و، وەرگرتن و کردنی (باکەمیش بێت)، دەچنە خانەی شتە حەرامکراوەکان.

(ئیبراهیم)ی گۆرینیش، نەك هەر بەراز ناخوات، بەڵکو بەو چەقۆیەش پیدزاکەی نابڕێت، نەوەك پیدزای لەگۆشت بەراز دروستکراوی پێبڕدرابێت. سەرەڕای ئەو هەڵوێستەش، لەگەڵ ئافرەتێکی ئەڵمانیدا دەژی و، لەدەرەوەی گرێبەندی یاسایی و شەرعی (ئیسلامی و کریستیانی)، مارەسەی ژن و مێردایەتی دەکەن، کەئاییەنی ئیسلام نەفرەت لەو کارە دەکات و، بە (زینا)ی لەقەڵەمدەدات. هەمووشمان سزای کەسی زیناکار لە ئیسلامدا دەزانین و، لە قورئانیشدا بەیەکێك لە گوناهە گەورەکان ناوزەد کراوە.

(حاجی و ئیبراهیم)، نموونەی دوو موسڵمانی رادیکاڵن و، زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی ئەمسالی ئەوانیش، شتی حەرام ناخۆن، بەلاّم کاری حەرام دەکەن و، خۆشیان وەك رۆژی رووناك ئەو راستییە دەزانن.

ژیان لە رۆژئاوا و جیهانی کریستیانەکاندا، بەهۆی جیاوازی کولتوور و ئاین و، رێورەسمە کۆمەلاّیەتییەکان، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ژیانی خەڵکی رۆژهەلاّت و، کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا هەیە.. ئەو شتانەی ئێمە لەخانەی حەرامکراوەکانیان ریزبەند دەکەین، لەلای ئەوان ئاسایین و قەید و شەرتیان لەسەر نییە. لەبەشی هەرە زۆری پێکهاتەی خواردنەکاندا (گۆشت یان رۆن)ی بەراز هەیە، یان ئاژەڵ و پەلەوەری سەربڕاو (دوور لەرێگای ئیسلامی) هەیە.. لە (جبس)[1]ەوە بگرە تا دەگاتە شکۆلاتە و مۆتا و ئایس کرێم و هاری بۆی و رۆن و بەشێك لەپەنیرەکان و... تاد، رۆنی بەرازیان تێدایە. خواردنی وا هەیە، تا پێکهاتەکانی نەخوێنیەوە، بەهیچ جۆرێك

١. جبس: پەتاتەی قاش قاشکراوی تەنکە، پاش لەرۆن سوورکردنەوە و، خوێ کردن وشك دەکرێتەوە و لەزەرف و لایلۆن دەکرێت.



خەیاڵت بۆ ئەوە ناچێت کەئەوە بەشێك لەپێکهاتەکانی بەراز، یان ئەلکهولیان تێدا بێت... یان بەشی هەرە زۆری خواردنەوەکان (کۆلا، فانتا، شپرایت) بەشێکی کەمی ئەلکهولیان تێدایە... هەڵبەتە ئەوەش لەئاییەنی ئیسلامدا حەرامکراوە.

ئەو پارەیەی کە لەدەوڵەت بەناوی (سۆسیال و کۆمۆن و دائیرەی کار) وەریدەگری، ئەوانەش لەروانگەی شەرعەوە حەرامن، چونکە زۆربەی ئەو پارانە، لەزەریبەی کرێکار و کارگە جۆر بەجۆرەکان و، بانك و، قومارخانە و، تیاترۆخانە و، مەلهاکان، کۆکراونەتەوە و، دەدرێنە ئەو خەڵکە بێکارانە. نکۆڵیش لەوە ناکرێت، کە لەگەورەترین بیرمەندی ئیسلامی و مەلا و وتارخوێنی مزگەوتە رادیکاڵەکانی رۆژئاواوە بگری، تا دەگاتە موسڵمانێکی ئاسایی، ئەو پارەیە وەردەگرن و، وەك حەلوای حەلاڵیش دەیخۆن..

لەنەزەریش هەر گەڕێ، کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانیت خۆتی لێ بپارێزی، بۆ هەر لایەك دەڕۆیت، رووبەڕووی ژنی سفور دەبیتەوە. تۆ لەمزگەوت دەردەچیت، تازە نوێژت کردووە و فەرزەکانی خودات بەجێهێناوە، کەچی ناتوانیت خۆت لەبینینی مەمك و زگ و رانی رووت و سمتی خڕ، بپارێزیت... دیارە نەزەریش یەکێکە لەشتە حەرامکراوەکان، لەئاییەنی ئیسلامدا.

کەواتە، زۆر ئەستەمە لەوڵات و کۆمەڵگایەکدا بژی کە سیستەم و پێوانەکانی جودا بێت لەگەڵ سیستەم و رێبازی ژیان و پێوەرەکانی تۆ... بەهیچ جۆرێك ناتوانیت لەسەدا سەد خۆت لەو شتە حەرامکراوانە بەدوور بگریت و، لافی موسڵمانێکی عەیار بیست و چوار لێبدەیت و، سەرکۆنەی خەڵکی تریش بکەیت. حەرام هەر حەرامە، با لەسەدایەکیش بێت. ئیسلام هەر ئیسلامە، با لەئەمریکا یان سعودیە و ئێران و ژاپۆنیش بێت. پێوەرەکان هەر یەك پێوەرن.. تۆ لەبەردەم دوو رێگا دایت، تورك گۆتەنی، یان هەرۆ یان مەرۆ. یان دەبێت ئەو وڵات و کولتوورە بەجێبهێڵیت، یان دەبێت ملی خۆتی لێراکێشی و، بە ئەمری واقیع رازی بیت و، لەباسکردنی حەرام و حەلاڵدا، زۆر زمان درێژی نەکەیت و، دان بە واقیعەکەدا بنێیت..

لەنێو حەرام و حەلاڵ و، ئەو هەڵوێستە دووفاقیەی هەندێك لەو موسڵمانانەی (بەجیاوازی نەتەوەکانەوە)، کە (تەواو پابەندن بەشەرع!!) و، بڕوایان بەسەردەم و گۆڕان و کاژ داماڵێن نییە، کاریکاتێرێکی هونەرمەندی میسری (مستەفا حوسێن)م بیر دەکەوێتەوە، کە لەیەکێك لەڕۆژنامەکانی میسردا بلاّوکرابۆوە... لەکاریکاتێرەکەدا، وێنەی کۆمەڵێك فرۆکەی جەنگی ئەمریکی لەئاسمانی ئەفغانستاندا دەبینران... فرۆکەکان، لەجیاتی بۆمبا و موشەك بهاوێژن، مریشکی برژاویان بۆ خەڵك فڕێدەدایە خوارەوە... لەو کاتەشدا، کۆمەڵێك خەڵك چوار مەشقی دانیشتبوون و، خەریکی مریشك خواردن بوون. لەناو ئەو خەڵکانەشدا، جەنگاوەرێکی بەزیوی (تالیبان) دەبینرا، کە بەدەم رانە مریشك خواردنەوە، رووی لەفرۆکەکان کردبوو و، هاواری دەکرد، (هەی سەگبابی کافر، ئەوە مریشکت بۆ فڕێداین، ئەدی کوا کە چاپ!!)[1].

## قوتابخانەی "رۆتلی"[2]

زۆربوونی بێگانەکان لە شارە گەورەکانی ئەورووپا و، لەبەرامبەریشدا کەمبوونەوەی دانیشتوانە رەسەنەکانیان، هەڕەشەیەکی ترە لەسەر سەقامگیربوونی ئارامی و، ئاسایشی رۆژئاوادا... بەهۆی زۆری کولتوورە جیاوازەکان و، یەکتر قەبووڵ نەکردن، هەزاران کێشەیان بۆ ئەو وڵاتانە دروست کردووە.

---

١. کە چاپ، دۆشاوێکی خەستی تەماتەیە و، تامی شیرینە لەگەڵ زۆربەی خواردنە وشکەکانی وەك (لەفە، پیزا، گۆشتی سوورەوەکراو) دەخورێت.

٢. بۆ نووسینی بابەتی (رۆتلی) سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- الأندماج في المجتمع الألماني في منظور الجالية الفلسطينية، www.dw-world.de، 22/11/2005.
- الجالية العربية في ألمانيا كثيره العدد قليلة التأثير، www.elaph.com، ٢٠٠٥/١١/٢٢.



بۆ نموونە، لە شارێکی وەك (بەرلین)دا، بە هۆی فرە کولتووری و رەگەزییەوە، دەیان کێشە دروستبووە، کە نزیکترینیان کێشەی قوتابخانەی (رۆتلی)یە، کە لە کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٠٦دا، زێتر لە هەفتەیەك بووە سەر باسی رۆژنامە و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و، دەیان مێزگردیان بۆ سازکرد.

"رۆتلی"، دەکەوێتە گەڕەکی (نیو کویلن) و، لە (٨٠٪)ی قوتابییەکانی عەرەب و تورکن و، بیستەکەی تریش، جگە لە تاك و تەرای ئەڵمان، بێگانەی رۆژهەڵاتی و، ناوەڕاستی ئەورووپان.

قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە، لەجیاتی خوێندن و پابەند بوون بەیاساکانی سیستەمی خوێندن، خەریکی شەڕکردن و ئاژاوە نانەوە و، دەرگا و پەنجەرە و کەلوپەل شکاندنن. لەجیاتی گوێڕایەڵ بوون، بەچەقۆ هەڕەشە لەمامۆستاکان دەکەن و، لەناو پۆلدا کتێب و دەفتەر، بەچاویاندا دەدەن.

بەهۆی ئەم بارە نائاساییەوە، هەڕەشەی قوتابییەکانەوە، لەماوەی شەش مانگدا (ئەیلولی ٢٠٠٥ تا ئاداری ٢٠٠٦)، مامۆستاکان ناچار بوونە لەقوتابخانەدا دوا بکەون و، پەنا بۆ دەزگاکانی پۆلیس بەرن بۆ پاراستنیان... تێکڕای ئیدارەی قوتابخانەکەش، کۆك بوون لەسەر داخستنی و، دابەشکردنی قوتابییەکان بەسەر قوتابخانەکانی تردا. لە (٢٠٠٦/٣/٣١)ەوەش، تا ماوەیەکی زۆر، پۆلیس بە بەردەوامی چاودێری ئەو قوتابخانەیان دەکرد و، رۆژانەش قوتابییەکانیان دەپشکنی.

وەنەبێت (رۆتلی) تاکە قوتابخانە بێت لەبەرلین لەڕووی نائارامی و، بەرقەراربوونی توندوتیژیدا، لەم رووەوە، (ڤۆلڤانگ بۆسباخ)ی پسپۆڕی کاروباری ناوخۆ لەپارتی دیموکراتی کریستیانی، لەبەردەم پەرلەماندا گوتی، دەبێت ئەوە چاوەڕوان بکەین کە بەهۆی زۆری بێگانەکان، توندوتیژی، زۆر قوتابخانەی تریش بگرێتەوە.

هەندێك لەقوتابخانەکانی تری (بەرلین)، کە زۆربەیان بێگانەن، زۆر لە (رۆتلی) باشتر نین. بۆ نموونە: لەدواناوەندی (ئێبەر هارت- کلاین)ی گەڕەکی (کرۆیتسبێرگ)ن لە

(٩٨,٥٪)ی قوتابییەکان، بێگانەن... لەوانە (٨٠٪)یان تورك و، لە (١٥٪)یان عەرەب، ئەوانی تریش نەتەوەکانی ترن. لە (٣٣٤) قوتابی، تەنها پێنج قوتابی ئەڵمانن.. تەنها مامۆستاکان بە ئەڵمانی قسە دەکەن و، لە قوتابخانەدا ئەوان (بێگانەن!!).

لەناوەندی (گێرهارد- هاوپتمان)یش، ڕێژەی بێگانەکان لەسەرووی (٩٠٪)ەوەیە، لەناوەندی (بۆرزیخ)یشدا، بێگانەکان لە (٨٦٪)ی ڕێژەکە پێکدەهێنن.

بەرقەراربوونی ئەو توندوتیژی و کولتووره نێگەتیفە، وای لە ئەڵمانەکان کردووە، منداڵەکانیان نەنێرنە ئەو قوتابخانانەی کەبێگانەکان تێیدا باڵادەستن.. لەوە دەترسن بەهۆی تێکەڵاو بوون، کار لەمۆراڵی منداڵەکانیان بکات و، بەشێوەیەکی نادروست پەروەردە بکرێن... هەر بۆ هەمان مەبەست (کلاوس بۆگەر)ی لێپرسراوی دۆسیەی قوتابخانەکان، لەحکوومەتی بەرلین، هەمان ئامۆژگاری دایك و باوکی منداڵە ئەڵمانەکان دەکات، تاوەکو منداڵەکانیان تێکەڵ بەو بێگانانە نەکەن...

ئەو کێشەیە، زۆر بیروڕای جیاوازی لێکەوتەوە، هەندێك لەپسپۆڕ و شارەزایانی بواری تێکەڵبوون و پەروەردە و فێرکردن، پێیانوایە، حکوومەت کەمتەرخەمە لەوەی کەنەیتوانیوە بەشێوەیەکی دروست ئەو بێگانانە ئیستیعاب بکات و، کۆرس و خولی فێربوون و، ڕاهێنانیان بۆ بکاتەوە... هەندێکی تریش پێیانوایە، با دەوڵەتیش بەئەرکی تەواوی خۆی هەڵستێت، مادام ئەو منداڵانە بەدوو کولتووری جیاواز (ماڵ و قوتابخانە)، پەروەردە دەکرێن، لەو حاڵەتەدا، منداڵەکان نازانن کامیان هەڵبژێرن، کولتووره ڕەسەنەکەی دایك و باوکیان لەماڵ، یان ئەو کولتوورەی کە لەکۆمەڵگا و قوتابخانەکاندا، بەرقەرارە... لەم حاڵەتەشدا، منداڵەکان تووشی جۆرە سەرلێشێواوی و دژایەتییەك دەبنەوە، کە ئەنجامەکان بەم شێوەیە دەکەوێتەوە. بۆ ڕاهێنان و تێکەڵبوون و یەکتر ئیستیعاب کردن، پێویستە هەردوولا (ماڵ و قوتابخانە)، یان (ماڵ و دەزگا پەیوەندیدارەکان)، هاریکاری یەکتر بکەن... مادام ئەوانە لەوڵاتێکدا دەژین کولتوورەکەیان جیاوازە لەگەڵ وڵاتی خۆیان، دەبێت خۆیان واڕابهێنن گەر هیچ نەبێت، دژایەتی سیستەمی ئەو وڵاتانە نەکەن و، نەبنە هەڕەشەیەك بۆ سەر باری ئاسایش و، ژیان و گوزەرانی خەڵکانی تر.

# ناکۆکی نێوان "برا"یەکان

موسڵمانەکان، چۆن لەوڵاتەکانی خۆیاندا کێشە و گرفتێکی زۆریان هەیە، بەهەمان شێوەش لەگەڵ کۆچکردنیان، ئەو گیروگرفتانەشیان بۆ وڵاتەکانی رۆژئاوا گواستۆتەوە... هەندێك لەو کێشانە، کێشەی عەقائیدین و، رەگ و ریشەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە و، دەرهاویشتەی چەند ساڵێك نین. نموونەی، کێشەی نێوان ئایینزاکانی (شیعە و سوننە) کە بۆ سەردەمی خەلیفەکانی راشدین دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمەدا، سەدان شەڕی خوێناوی لێکەوتۆتەوە..

گەر ململانێیەکە بگاتە ئەو پەڕی توندی، ئەوا هیچ کامیان دان بەموسڵمانییەتی ئەوی تریان نانێت و، دەیان ناو و ناتۆرەش بۆ یەکتر هەڵدەبەستن، کە مەبەستی سەرەکییان بێبەریکردنی یەکتریانە لەئیسلام... ئەو ناکۆکییە لەدوای هاتنە سەرکاری رژێمی ئیسلامی لەئێران و، دواتریش دروستبوونی رێکخراوی سوننە مەزهەبی "ئەلقاعیدە" توندوتیژتر بووە، کە وایلێهاتووە لەسەر ناسنامە و ناو، یەکتر دەکوژن و، مزگەوت و حوسەینییەکانی یەکتر دەسووتێنن و، دەتەقێننەوە. واقیع حاڵی عێراق باشترین نموونەیە بۆ راستی بۆچوونەکان و، پروشکی ئەو توندوتیژییە، وڵاتانی کەنداو و پاکستان و هیندستانیشی گرتۆتەوە.

موسڵمانەکان، بەجیاوازی مەزهەب و عەقیدەکانیانەوە لەسەر هەموو شتێك ناکۆکن، بەڵام کەدەهاتە سەر چەوساندنەوەی نەتەوەو، کەمە نەتەوەییەکانی نێو وڵاتەکانیان، ناکۆکییە هەمیشەیی و قوڵەکان دەخەنە لاوە و، لەسەر دژایەتی کردنی ئەو بەشخوراوانە، هاوڕا و هاو هەڵوێست دەبن... باشترین نموونەش بۆ ئەو یەك



هەڵوێستییەیان، چەوساندنەوەی نەتەوەی کوردە لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان و، کێشەی فەلەستین و کشمیرە.

کە باسی ئەو نەتەوە غەدرلێکراوانەیان لەگەڵدا دەکەیت، یەکسەر دەڵێن: (ئێمە هەموومان برای دینین و، هەمووومان موسڵمانین و، ئایینی ئیسلامیش جیاوازی ناخاتە نێوان نەتەوەکانەوە...) بەڵام کە دەگاتە سەر شتە وردەکان، کێشەی ئەو نەتەوانەیان لەیاد دەچێت و، ناکۆکییەکانیان زێتر و روونتر، ئاشکرا دەبن. بۆ روونکردنەوەی زێتری ئەو باسە، چەند نموونەیەك دەهێنینەوە:

یەکەم: لەسەر ئاستی تورك و دەوڵەتی تورکیا:

رەوەندی تورك، ئەوانەی پابەندن بەئایین و، رێوڕەسمەکان جێ بەجێ دەکەن، بەسەر چەند گرووپێکدا دابەش دەکرێن، کە دیارترینیان ئەمانەن:

- میللی گۆرشچییەکان: ئەوانە رێکخراوێکی سەر بەو پارتە ئیسلامییانەی کە (نەجمەدین ئەربەکان)، بەدرێژایی تەمەنی دایمەزراندوون و سەرپەرشتی سەدان مزگەوت و کۆمەڵە و رێکخراو دەکەن... لەخۆیان زێتر، کەسیان پێ موسڵمانی راستەقینە نییە... هاموشۆی ئەو مزگەوتانە ناکەن، کە سەر بەگرووپەکانی ترن، بەڵکو دژایەتیشیان دەکەن.

- دیانەتچییەکان: ئەوانە سەر بەو مزگەوتانەن کەدەوڵەتی تورکیا سەرپەرشتییان دەکات و، پێشنوێژ و وتارخوێنییان لەتورکیاوە بۆ دەنێرێت... دیانەتچییەکان، (میللی گۆرشچییەکان) بەتوندڕەو و پیاوی (ئەربەکان) ناو دەبەن.

- نورچییەکان: گرووپێکن لەسەر رێبازی زانای ئایینی بەڕەگەز کورد، (سەعید نورسی)[١] یان (سەعید نورچی) دەڕۆن، کە ئێستاکە (فەتحوڵڵا گوڵ) رێبەرایەتییان دەکات

١. سەعید نورسی (١٨٧٦-١٩٦٠)، لە گوندی (نورس)ی سەر بە ویلایەتی بەتلیسی باکووری کوردستان لەدایکبووە. لە شەڕی جیهانی یەکەمدا، لەدژی رووسەکان جەنگاوە و، دواتر بەدیل گیراوە. لەگەڵ "ئەتاتورك" هاوپەیمان بووە. بەڵام کە بۆی دەرکەوتووە ئەتاتورك دژی ئایینە، دژی وەستاوەتەوە.. بەپشتیوان و یارمەتیدەری شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران) تاوانبارکراوە. لەنێوان

و، لەئەمریکادا نیشتەجێیە. ئەوانە، سەدان مزگەوت و کۆمەڵەیان لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی دونیادا هەیە و، خودی (فەتحوڵڵا)ش بۆی نییە بچێتەوە تورکیا و، بەئۆپۆزسیۆنێکی رادیکاڵی توندڕەو لەقەڵەمدراوە... گۆرشچییەکان و تەبلیغچییەکان و دیانەتچییەکان "فەتحوڵڵا گوڵ"، بەموسڵمانێکی مۆدێرن و، پیاوی ئەمریکا، ناسدەکەن.

- سلێمانچییەکان: سەر بە بیروبۆچوونەکانی (سلێمانی حلمی تونای)[1]ن و، سەرپەرشتی دەیان مزگەوت دەکەن، بەتایبەتیش لەرۆژئاوا... وەك گۆرشچی و تەبلیغچییەکانیش پەڕگیر نین.

- تەبلیغچییەکان: ئەوانە وەك "میللی گۆرش" پەڕگیرن و، هەوڵی گێڕانەوەی سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی دەدەن و، بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی لە تورکیا، خەبات دەکەن. "شێخ جەمالەدین قەپلان"[2] سەرپەرشتی دەکردن، کەدوای

(١٩٢٥-١٩٦٠)دا بەدەیان جار گیراوە، لەزێدی خۆی دوور خراوەتەوە. خاوەنی چەندان کتێبی ئایینییە و، بیروبۆچوونەکانی بۆتە رێبازی هەزاران کەس لەناو تورکیادا. بۆ زێتر زانیاری بڕوانە، الحرکه الاسلامیه فی ترکیا: أزمة العلمانیة الشایکة، بشیر موسی نافع، www.aljazeera.net، بەشی (ملفات خاصة)، ٢٠٠٦.

١. سلێمان حلمی تونای (بەرەگەز یۆگوسلاڤییە)، پیاوێکی ئیماندار بووە، لەسەردەمی (ئەتاتورك)دا، (١٩٢٢-١٩٣٨) زۆر چەوساوەتەوە.. بەنهێنی یارمەتی حوجرە و قوتابخانە ئایینییەکانی داوە و، هەوڵی داوە خەڵکی فێرە قورئان خوێندن بکات. لەتورکیا و لەناو رەوەندی تورکیش، شوێنکەوتووی هەیە و، مزگەوتی تایبەتییان هەیە.

٢. شێخ جەمالەدین قەپلان، لەساڵی ١٩٢٦ لەگوندی (دینگز)ی سەر بەویلایەتی ئەرزەڕۆم لەدایکبووە. لەسەر دەستی باوکی فێرە قورئان و زمانی عەرەبی بووە. ساڵی ١٩٦٦ کۆلیژی زانستی لەئەنقەرە تەواو کردووە.. تا ساڵی ١٩٨٣ هاوڕا و هاوبیری (نەجمەدین ئەربەکان) بووە و، لەگەڵ پارتەکانی ئەودا کاریکردووە. لەساڵی ١٩٨٣دا، لەسەر بانگهێشتی (ئیمام خومەینی) سەردانی ئێران دەکات و، لەمانگی ئابی هەمان ساڵدا دەگەڕێتەوە و بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەر شێوەی ئێران، لە تورکیادا دەکات.. هەر بەو هۆیەش لە



مردنی "مەتین قەپلان"ی کوڕی، جێگای ئەوی گرتەوە. هەوادارانی (قەپلان)، لەلایەن وڵاتە موسڵمانە رادیکاڵەکانی وەك ئێران، یارمەتی دەدرێن و، مزگەوت و کۆمەڵە و دەزگای کولتووری تایبەت بەخۆیان هەیە... هاموشۆی مزگەوتی سەر بەگرووپەکانی تر ناکەن.

دووەم: لەسەر ئاستی رەوەندی عەرەبی: لەنێو ئەو رەوەندەشدا، ململانێیەکی فیکری زۆر توند هەیە. کەس کاغەزی کەس ناخوێنێتەوە. لەشارە گەورەکانی رۆژئاوادا، هەر مەزهەب و گرووپێك، مزگەوتی تایبەتییان هەیە و، بانگەشە بۆ تێزە فیکرییەکانی خۆیان دەکەن. مزگەوتەکانیان لەسەر بنەمای فیکر و رێباز و گرووپ و پارتە ئیسلامییەکان نموونەی، (ئیخوانی، تەبلیغی، سەلەفی)یەکان، دابەشبوونە...

١٩٨٤/٧/١١دا، رەگەزنامەی تورکیای لێدەسێندرێتەوە.. لەساڵی ١٩٨٥ بەپەنابەری سیاسی لەئەڵمانیا وەردەگیرێت لەهەمان ساڵدا (یەکێتی کۆمەڵە و گرووپە ئیسلامییەکان) لەئەڵمانیا رادەگەیەنێت کە لە ٨٠٪ی هەوادارانی (ئەربەکان) رووی تێدەکەن.

لە ساڵی ١٩٨٧دا، (دەوڵەتی ئیسلامی فیدراڵی ئەنادۆڵ) رادەگەیەنێت و، خۆشی بە یەکەم خەلیفەی ئەو دەوڵەتە ناساند، ئەربەکان، دژی هەوڵەکانی ئەو وەستایەوە، بۆیە توانی وردە وردە خەڵکەکە لە (قەپلان) بتەکێنێتەوە.. "قەپلان"، ئەو وتار و وەعز و کتێبانەی کە لەئێراندا بلاْودەکرانەوە، وەریدەگێڕانە سەر زمانی تورکی و، پێشی وابوو، دیموکراسی بەرهەمێکی رۆژئاوا و ماسۆنییە، بۆیە دەنگدان و، هەڵبژاردنیشی بەگوناه دەزانی.

لە ١٩٩٥/٥/١٥ لەشاری (کویلن)ی ئەڵمانیا کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەبردرێتەوە تورکیا و، لەشاری (ئەرزەڕۆم)دا، دەنێژرێت. پێش مردنی وەسیەت دەکات کە (مەتین ئۆغلۆ)ی کوڕی ببێتە خەلیفە... چونکە پێیوابوو، نابێت موسڵمانان بۆیەك کاتژمێریشکیش بێ خەلیفە بن.

(مەتین قەپلان)یش لەسەر رێبازی باوکی بەردەوام بوو لەدژایەتیکردنی تورکیا، بۆیە حکوومەتی تورکیا چەندین جار داوای لەئەڵمانیا کردووە کە تەسلیمیان بکات.. تا لە ساڵی ٢٠٠٦دا داواکەی تورکیایان جێ بەجێ کرد و، رەوانەی تورکیایان کردەوە، ئێستاکە لەزینداندایە.. بڕوانە کتێبی، تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، محەمەد نورەدین، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٣٢-١٣٦.

لەنێو ڕەوەندی پاکستانیشدا، ئەو دابەشبوونە بەدیدەکرێت و، ئەوانیش وەك موسڵمانە هاوشێوەکانی (تورك و عەرەب)، دژایەتی یەکتر دەکەن و، هەوڵ دەدەن هەمان ململانێی کۆمەڵگای پاکستانی بۆ ڕۆژئاوا بگوازنەوە... کاتێك کەگرووپی (جەماعەتی تەبلیغ)ی توندڕەوی پاکستانی لەساڵی ٢٠٠٦دا، دەیانەوێت مزگەوتێك لەشاری (لەندەن)دا، بکەنەوە، لەلایەن کۆمەڵێکی تری ئیسلامی پاکستانی، دژایەتی دەکرێن و، دەتوانن (٢٥٠٠) ئیمزا، دژی کردنەوەی ئەو مزگەوتە کۆبکەنەوە و بیدەن بە ئەنجوومەنی شارەوانی (نیوهام)ی لەندەنی[١].

نەیارانی جەماعەتی (تەبلیغ)، پێیانوابوو، کردنەوەی ئەو مزگەوتە، زێتر پەڕگیرە موسڵمانەکان لەیەکتر کۆدەکاتەوە و، دەبێتە هاندەرێکی تری بلاوبوونەوەی پەڕگیری و زێتر لێکترازانی ڕەوەندی ئیسلامی.

کاتێك کە تایفەی (ئەحمەدی)یەکان، لەبەشی ڕۆژهەڵاتی بەرلین، دەیانەوێت مزگەوتێك بۆ خۆیان دروستبکەن، لەلایەن دانیشتوانی گەڕەکەکەوە، لەڕۆژی ٢/١/٢٠٠٧دا، نارەزاییەکی توندی لێکەوتەوە، چونکە خەڵکەکە پێیانوابوو، هیچ کەسێکی سەر بەو تایفەیە لەو گەڕەکەدا نییە، بۆچی مزگەوت لێرە دەکەنەوە؟! هەروەها دانیشتوانی گەڕەکەکە ڕێکخراوێکیان پێکهێناوە بۆ دژایەتیکردنی دروست کردنی ئەو مزگەوتە.

ئەو مزگەوتەی کە (ئەحمەدی)یەکان دەیانەوێت دروستی بکەن، بەرزی منارەکەی (١٢) مەترە و، شوێنی (٥٠٠) کەسی تێدا دەبێتەوە... بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسەکان ژمارەی ئەو ڕەوەندە ئیسلامییانەی سەر بەو تایفەن لەبەرلین (٢٠٠)کەسن و، لەهەموو ئەڵمانیاش زێتر لە دە مزگەوتیان هەیە[٢].

تایفەی (ئەحمەدی)، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لەهیندستاندا دامەزراوە. هەندێك پێیانوایە، تایفەیەکی ئوسولین و، بڕوایان بەدیموکراتییەت نییە، کەچی

١. ماڵپەڕی www.daralhayat.com، 3/1/2007.

٢. إحتجاجات ترافق بناء مسجد في شرق برلين، www.aljazeera.net، 3/1/2007.



سەرچاوەکانی ئەو تایفە، ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن، ئێمە موسڵمانی ئاشتیخوازین و، زێتر لە (٣٠) هەزار ئەندام و، نزیکەی (١٥) مزگەوتمان لەسەرتاسەری ئەڵمانیادا هەیە[١].

لەنێو ڕەوەندی ئیسلامی، بە تایبەتیش باڵە ڕادیکاڵەکاندا ئەوانە بە لە دین دەرچوو لەقەڵەم دەدەن و، پێیانوایە، ئەو تایفە فڕیان بەسەر ئایینی ئیسلامەوە نییە و، لە (٩٠٪)یان لەپاکستان و هیندستاندا دەژین و، بە ئەحمەدی، یان (قادیانی) بەناوبانگن، چونکە دامەزرێنەرەکەیان (غولام ئەحمەد قادیانی)یە... ئەحمەدییەکان — بە بۆچوونی ڕادیکاڵەکان:

- بڕوایان بەپێغەمبەر وەك دوا پێغەمبەر نییە.
- دەستکاری شەریعەتی ئیسلامییان کردووە.
- غولام، نامەیەکی بەناوی (تحفه الندوه) هەیە، لەساڵی ١٩٠٢دا نووسیویەتی و، لەلایەن ئەو تایفەیەوە وەك کتێبێکی پیرۆز، سەیری دەکرێت.
- بەریتانیا دروستی کردوون.
- چاوەڕێی پێغەمبەرێکی تر دەکەن[٢].

ئەوانە، چەند نموونەیەکن بۆ هەبوونی ئەو هەموو گرووپە فیکری و عەقائیدییانە لەنێو ئەو ڕەوەندە، کە بەسەرچاوەی ناتەبایی و، لێکترازان و، توندوتیژی و، یەکتر قەبووڵ نەکردن، دەژمێردرێن و، هەڕەشەیەکیشن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و تەشەنەکردنی بۆچوونی نامۆ لەنێو کۆمەڵگا خانەخوێکاندا...

ئەوانە کۆمەڵێك (برا!!)ن، بەڵام لەماڵێکی ناکۆك و پڕ لەئاژاوەدا و، هەموویان سەر بەیەك ڕەوەندن، بەڵام خاوەنی یەك گوتاری ئایینی و، سیاسی نین تاوەکو دەسەڵات بتوانێت گوێ لەبۆچوونەکانیان بگرێت و، بەتەنگ داخوازییەکانیانەوە بچێت... کورد گۆتەنی: (هەر یەکە و بارئاشەکەیان لە ئاشێکدا دەهاڕن).

1. www.dw-world.de ،3/1/2007.

٢. ماڵپەڕی www.alarabiya.net، 3/1/2007.

# ئازادییەكان لەڕوانگەی ئێمە و "ئەوان"ەوە

ئازادی رادەبڕین و، بیركردنەوە و، پەرستن و، هەڵسوكەوت كردن، لەبارەی پێناسەكردن و، پیادە كردنییەوە، لەكۆمەڵگایەك بۆ كۆمەڵگایەكی تر جیاوازی هەیە و، پەیوەستە بەسەقامگیر بوونی عەقلیەتی ئەو كۆمەڵگایانەوە.. هەر بۆیەش جیاوازییەكان، زۆر بەزەقی دەبینرێن و، پێویست بە بەراورد كردن ناكەن.

لە كۆمەڵگای رۆژهەڵاتی و ئیسلامییدا، بازنەكانی ئەو چەمكە ئەوەندە بچووكە كە وایلێهاتووە تاك خاوەنی بیروڕا و ویستی خۆی نەبێت و، لەمەسەلە گرنگ و هەستیارەكاندا، كە پەیوەندی راستەوخۆی بەژیانیانەوە هەیە، هیچ پرس و رایەكیان پێنەكرێت... هەر بۆیەش تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایانە لەپێناوی نیشتمان جێهێشتن و، مەنفاكردن بەمەملەكەت، رۆژانە خۆیان بەئاو و ئاگردا دەدەن و، لەهیچ تارماییەك ناسڵەمێننەوە..

مخابن لەگەڵ درك كردن بەو راستییانەش، كە دەگەنە ولاتی غوربەت، ئەو زوڵم چەوساندنەوەی كە لەولاتی خۆیان و، لەسەر دەستی هاوئایین و، هاوزمان و، هاوچارەنووسی خۆیانەوە، لێیانكراوە، لەبیر دەكەن و بەهەمان پێوەری دەسەڵاتدارەكانیان بیر دەكەنەوە و، ئەوەی كە بۆ خۆیان بەڕەوای دەزانن، بۆ خەڵكی تر بەڕەوای نازانن.

لە رۆژئاوادا، بەتایبەتیش لەشارە گەورەكاندا، ئەوەندە ئایین و نەتەوەی جیاجیای تێدا دەژیت، كەمرۆڤ دەتوانێت ئەو گەڕەك و شارانە بەجیهانێكی بچووك كراوە لەقەڵەم بدات.



لە (بەرلین)دا، زێتر لە دووسەد ئایین و ئایینزا و نەتەوەی جیاجیای تێدا دەژیت. لە (لەندەن)دا، زێتر لە سەد كەمایەتی و نەتەوەی جۆربەجۆر دەژیت. لە گەڕەكێكی بچووكی وەك (دی برشاز)ی (ئەمستەردام)دا، كە رووبەرەكەی تەنها كیلۆمەتر و نیو تا دوو كیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، دانیشتوانەكەی (٣٥) هەزار كەسە و لە (١٢٦) ولاتی جیاجیاوە هاتوون[1]. سەرەڕای كولتوورە جیاوازەكان، كە هەندێكیان ئەوەندە لەگەڵ یەكدا تەریبن، لەوانەیە تارۆژی قیامەتیش نەگەن بەیەك، ئەوجا لە (١٠٪)ی ئەو گیروگرفتانەیان نییە، كە لە ولاتە رۆژهەڵاتەكاندا هەن.

لەگەڵ پەرەسەندن و تەشەنەكردنی دیاردەی پەڕگیری ئیسلامی و، گرتنەبەری رێوشوێنی توند لەلایەن دەسەڵاتدارانی رۆژئاواوە، هێشتاكە ئەو ئازادییەی كە بۆ ئەم رەوەندە رۆژئاوانشینە دەستەبەر كراوە لەگەڵ ئازادییەكانی رۆژهەڵات بەراورد ناكرێت... گوناهیشە لەگەڵ یەكتر بەراوردیان بكەین.

بۆ نموونە، لەولاتێكی وەكو (سوێد)، پاش بوومەلەرزەكەی یازدەی سێپتێمبەر، بەهەمان چاوی پێش رووداوەكە سەیری ئەو رەوەندەی كردووە و، سەرەڕای هەبوونی گومانی تۆخیش لەسەر پەیوەندی هەندێك لەئەندامانی ئەو رەوەندە بەڕێكخراوی (ئەلقاعیدە)وە، ئەوجا نەهاتووە بیانگرێت و زیندانییان بكات.

بە پێی زانیارییەكانی دەزگای هەواڵگری سوێد (١٥) ئەندامی چالاك و كارای قاعیدە لەسوێد دەژین و، لە كاتی خۆیدا لەئەفغانستاندا راهێنانیان كردووە و، (ناتریك گۆتون)ی بەرپرس لەو دەزگایە لەوەڵامی ئاژانسەكاندا گوتی، (ئێمە رابردووی تەواوی ئەو پازدە كەسە دەزانین، بەلام نەدەیانگرین و نەیارمەتییەكانیشیان لێدەبڕین، چونكە یاساكانی سوێدیان پێشێل نەكردووە)[2].

١. المسلمون واليهود في أمستردام... خطوة نحو الأخر، ترجمة: علي حمزة رادیۆی هۆڵەندا بەشی عەرەبی www.arabic.rnw.nl، 9/3/2007.

٢. ماڵپەڕی www.islamtoday.net، 4/2/2003.

له سەر ئاستی شەقام و، پیاوانی کەنیسەوەش، سەرەڕای هەبوونی هەندێك دەنگی پەرگیریش، هەوڵەکان زێتر بەرەو لەیەکتر نزیکبوونەوە و، یەکتر قەبووڵ کردن و، لێبوردەییەوە دەچێت... هەوڵ دەدرێت لێکترازانەکان گەورەتر نەبن لەم رووەوە قەشە (فرانس مۆیرەر)، لەرۆژی ۲۰۰۷/۳/۱۸دا، توانی (۸۰۰) یۆرۆ وەك یارمەتی لەنوێژکەرانی کەنیسەوە وەربگرێت و، بیدات بەو رێکخراوە ئیسلامییانە کەخەریکن مزگەوتێکی گەورە (بەقوبە و منارە) لەشاری (کۆیلن)ی ئەڵمانیا دروست بکەن.. ئەو مزگەوتە شوێنی سێ هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە و، بەرزی منارەکەشی (۵۵) مەتر دەبێت..

شایانی باسە، ئەو قەشەیە تەنها لە (یەك شەممە)یەکدا، توانیویەتی ئەو برە پارەیە کۆ بکاتەوە، کەچی چەند ساڵێك پێشتر توانیبووی نیو هێندەی ئەو برە پارەیە بۆ دروستکردنی کەنیسەیەك کۆبکاتەوە.

لەگەرمەی کۆکردنەوەی ئەو یارمەتییەدا، پیرەژنێکی کاسۆلیك لەوەڵامی رۆژنامەنووساندا گوتبووی، (دینی خۆمان بۆ خۆمان و، دینی خۆشیان بۆ خۆیان.... بەلاّم لەدوا جاردا، هەردوو لامان یەك خودامان هەیە و، هەر ئەویش دەپەرستین)[1].

کەچی بەپێچەوانەی ئەو دەستپێشخەرییانە، کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، لەوڵاتانی ئیسلامیدا دەچەوسێنرێنەوە و، بواریان نادەن بەئازادی رێورەسمەکانیان پەیرەو بکەن. (کۆماری ئیسلامی ئێران)، کەخۆی بەتاکە وڵاتی ئیسلامی راستەقینەی سەر زەوی دەزانێت، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتەکەیان دەسەڵاتێکی ئیسلامی سیاسی و، سەر بەئایینزای شیعەن، رێگە نادەن مزگەوتێکی سوننی لەتاران دروست بکرێت... ئەوە لەکاتێکدایە، کەزێتر لەملیۆنێك و نیو موسڵمانی سەر بەئایینزای (سوننە) لەو شارەدا دەژین[2].

١. کنیسـة کاثولیکیـة المانیـة تطلـق حملـة تبرعـات للمساهمة في بنـاء مسجد، www.dw-world.de، 21/3/2007.

٢. فرنسا: بعض تناقضات الحالة الاسلامیة، أمیر طاهیری، الشرق الأوسط، www.asharqlawsat.com، 18/11/2005.



هەروەها لەگوندێکی بچووکی وەك (عذبة واصف)ی سەر بەشاری (جیزە)ی میسر کەدانیشتوانەکەی (۳۲۰۰) کەسە و، (۱۲۰۰)یان کریستیانن,, کریستیانەکان، سێ ساڵ بوو بەنیازی چاککردنەوە، کەنیسەیەکیان داخستبوو، پاش نۆژەنکردنەوەی، لەرۆژی ۲۰۰٦/۲/۲۱دا بەڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی میسر کرایەوە.. کەچی خەڵکە موسڵمانەکە نارازیبوون و، خۆپیشاندانێکیان سازکرد، کە لەئەنجامدا، کاری توندوتیژیی لێکەوتەوە و، بووە هۆی بریندارבوونی شەش کەس، لەهەردوو لاوە[1].

ئەو تەنگ پێهەڵچنینە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سوننە مەزهەبەوە، لەسعودیە و وڵاتانی کەنداویشدا دەرهەق بەکەمایەتی شیعە مەزهەبەوە پیادە دەکرێت و، رێگایان پێنادەن، ئازادانە رێورەسمەکان بەجێ بهێنن.

**کۆمکاری عەرەبی و.... بزربوونی دەنگەکانی تر...**

وڵاتانی عەرەبیش وەك هەموو وڵاتەکانی جیهان، لەچەند پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و، ئایینی و ئایینزای جیاجیا پێکهاتووە و، هەر هەموشیان بەشدارن لەپرۆسە هەمە چەشنەکانی ژیاندا... وەلێ لەگەڵ زەقبوون و بەرچاو بوونی ئەو راستییەشدا، زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان، بەدەسەڵاتدار و پارتە سیاسییەکان و راگەیاندن و هاووڵاتییەکانیشیانەوە، ناچنە ژێر باری ئەو راستییە و، چییان لەدەست هاتووە لەرابردوودا کردوویانە و، چیشیان لەدەست بێت لەداهاتوودا، لەپێناو شوێن بزرکردنی ئەو ناسنامە جیاجیایانە، خەباتی بێ پسانەوەی بۆ دەکەن.

هەموو وڵاتە عەرەبییەکان، چەترێکیان هەیە بەناوی "کۆمکاری عەرەبی" و، لەژێر ئەو چەترەدا، کۆدەبنەوە و هەوڵ دەدەن پلان و ستراتیژیی دوور مەودا دابڕێژن و، گرفتە هەنووکەییەکانیان لە رێگای ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاوە، چارەسەر بکەن... بەلاّم بەدرێژایی مێژووی ئەو کۆمکارە سەقەتە، رۆژێك لەرۆژان نەیانتوانیوە بەرێگای

١. حصار أمنی وإصابات: معارك بین أقباگ ومسلمین فی قریە مصریە بسبب إفتتاح کنیسە، www.alarabiya.net، 21/2/2005.

دیالۆگ و لێکتر گەیشتنەوە، گرفتەکانیان چارەسەر بکەن. لەکۆتایی هەر کۆبوونەوەیەکدا، دەگەڕێنەوە سەر ئەو خاڵەی کەلێیەوە دەستیان پێکردبوو... گۆتەیەکی بەناووبانگیشیان هەیە کە لەپاش کۆتابوونی هەموو دانیشتنە لووتکەییەکان، دەڵێن: (لەسەر ئەوە پێکهاتین کە پێکنەیەین).

کۆمکاری ناوبراو، بەناسنامەی عەرەبی و، بەناوی هەموو پێکهاتەکانی ناو ئەو سنووره واقیع حاڵە، قسان دەکەن. وەك ئەوەی لەنیشتمانی عەرەبیدا، هیچ نەتەوە و کەمە نەتەوەیەکی تر نەبێت... ڕۆژێك لەڕۆژان، نوێنەرێکی تایبەتی یەکێك لەنەتەوە جیاجیاکانی غەیرە عەرەبمان لەو کۆمکارە نەبینیووە... هەموو دەسەڵات و بڕیارەکان بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن و، هەوڵ دەدەن، ژمارە و ڕۆڵی نەتەوەکانی تر فەرامۆش بکەن و قەبارەیان کەم بکەنەوە... بە سەرنجێکی سەرپێی لەپێکهاتەی چەند وڵاتێکی عەرەبی دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە ئەو نەتەوە باڵادەستە، غەدرێکی گەورە و مێژوویی لەزۆربەی پێکهاتەکانی تر کردووە و، ئەوەش دەهێنێت جارێکی تر و بە نەفەسێکی تری دیموکراتییانە، چاو بەپەیڕەو و پرۆگرام و بەندەکانی ئەو کۆمکارەدا بخشێنینەوە و، هەر هیچ نەبێت لەبەڵگەنامەکانیاندا، هەبوونی ئەو راستییانە بسەلمێنن.. ئەو کاتە دەکرێت بڵێین، بەشێك لەخاکی عێراق، بەشێکە لەنیشتمانی عەرەبی، یان بەشێك لەگەلانی سوودان بەشێکن لەنەتەوەی عەرەبی و... تاد... تەنها بۆ نموونە سەیری پێکهاتەی ئەو وڵاتە عەرەبییانە بکەن کە لەڕووی پێوانە و چڕی دانیشتوانەوە، بەشی هەرە زۆری رووپێو و دانیشتوانی ئەو نیشتمانە واقیع حاڵە، پێکدەهێنن.

* سوودان: ژمارەی دانیشتوانەکەی زێتر لە (٣١) ملیۆنە. لەو (٣١) ملیۆنەدا، لە ٣٩٪ی عەرەبن[1]، کەزۆر لەنیوەش کەمتر دەکات. ئەوجا دانیشتوان و خاکەکەی بە بەشێك لەوڵاتی عەرەبی دەزانن. نووسەری عەرەب (سەعدوڵلا خەلیل) پێی وایە سوودان و لوبنان لە بنچینەدا عەرەبی نین و، بەدرێژایی مێژوو، بەعەرەب کراون[2].

١. کتێبی (Jahrbuch 2003) بە زمانی ئەڵمانی، ل٤١٦.

٢. سعدالله خليل، الوحدة العربية بين الحلم إلى الوهم، www.elaph.com، 2/5/2005.



* مەغریب: زێتر لە (٢٩) ملیۆنە، کە لە ٥٠٪ی عەرەبە و ئەوانی تر بەربەرن[1].

* جەزائیر: بە گوێرەی دان پێنانی خودی دەوڵەت خۆیەوە لە ٣٠٪ی دانیشتوانەکەی بەربەرن[2]. هەروەها خەڵکی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی دیموکراتیخوازی وایان هەیە دان بەڕاستییە مێژووییەکان دادەنێن. دەڵێن، خاوەنی راستەقینەی جەزائیر، بەربەرەکانن کە لە نیوەی زێتری دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن. عەرەبەکان، میوانی ئەو خاکەن و لەدوورگەی عەرەبەوە کۆچیان کردووە و لەجەزائیردا، گیرساونەتەوە جگە لەوەش، دانیشتوانی ئەو وڵاتە، ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی (٤٠-٥٠) ساڵیدایە، بەشی زۆریان نە بەقسەکردن و نە بەنووسین و خوێندنەوە، عەرەبی نازانن. لەدوای سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، زمانی عەرەبی، شان بەشانی زمانی فەرەنسی لەخوێندنگا و دائیرە رەسمییەکاندا، دەخوێنرێت و کاری پێدەکرێت... واتە، خودی عەرەبەکانیش، بەهۆی داگیرکردنەوە لەلایەن فەڕەنساوە، نیوەی زێتریان، عەرەبی نازانن. دەبێ ئەوەش بگوترێت، بەربەرەکان "ئەمازیغییەکان"، نەتەوەیەکی جیان و لەسەر ئایینی مەسیحی و ئیسلامین و لەزۆربەی وڵاتە عەرەبە ئەفەریقییەکان، بوونی بەرچاویان هەیە.

* لیبیا: لەم وڵاتەدا بەربەرو عەرەبەکان پێکەوە دەژین... لەبارەی عەرەبێتی ناسنامەی لیبییایەوە، موعەمەر قەزافی لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی "دوبەی"دا، گوتی، (...لیبیا وڵاتێکی ئەفەریقییە و هیچ پەیوەندی بەنیشتمانی عەرەبییەوە نییە... ئەو کارەساتانەی کە بەسەریدا هاتووە، لەڕێگای عەرەبەوە بووە... عروبە ئیفلاسی هێناوە و تەنها شتی خراپی بەرهەم هێناوە... نەتەوەی عەرەب کاتی بەسەرچووە)[3].

١. کتێبی (Jahrbuch 2003)، ل٢٨٦.

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو.. ل٥١.

٣. ماڵپەڕی پەیامنێر www.peyamner.com، 13/4/2005.

* میسر: ژمارەی دانیشتوانەکەی (٧٢) ملیۆنێك دەبێت. قیبتییەکان لە سەدا (٥-١٠)ی ڕێژەکە پێکدەهێنن و، لەڕووی ئایینییەوە مەسیحین و ڕێوڕەسم و کولتووری تایبەت بە خۆیان هەیە و، هیچ سەرەداوێك بە نەتەوەی عەرەبیان نابەستێتەوە[1]. ئەکادیمی و پسپۆڕی عەرەبی واهەیە بەبینێکی فراوان و، بۆچوونێکی دیموکراتییانە، مامەڵە لەگەڵ واقیعەکەدا دەکات و، لەنێو ئەو هەموو تەوژمە شۆڤینیانەدا، ئەوە دەسەلمێنێت کەمیسر لەڕووی مێژووییەوە عەرەبی نییە و، وڵاتی قیبتییەکانە[2].

* عێراق: عێراقەکەی لەمەڕ خۆشمان، بەدرێژایی مێژووی (٨٠) ساڵ دروستبوون و دواتر ئەندام بوونی لەو کۆمکارە، هەموو رژێمە یەك لەدوای یەکەکان، عێراقیان بە بەشێك لەنیشتمانی عەرەبی حسێب کردووە و، بەدەرگای رۆژهەلاتیان ناوزەد کردووە.. نکۆڵی لەبوونی نەتەوەیەکی جیا لەعەرەب و خاکێکی جیا لەخاکی عەرەبیان کردووە، کەکورد و کوردستانە... لەبارەی دانیشتوانەوە، چەندی بێنی و ببات ژمارەی عەرەب ناگاتە لە ٧٠٪.

وڵاتەکانی تری ئەم نیشتمانە، وەك ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، لەپێکهاتەی جۆربەجۆر پێکهاتوون... بەکورتی، جگە لەعەرەب ژمارەیەکی زۆر لەبەربەر و قیبتی و کورد و دورز و ئەرمەن و چەرکەس و تورك و فارس و ئاشووری و چەچانی و... تاد، لەسەر ئەو خاکەدا دەژین کە ئەمڕۆ بەنیشتمانی عەرەبی ناسراوە و، بەزۆری زۆردارەکی دەیانەوێت ئەو ناسنامەیە بەسەر سەرجەم پێکهاتەکانیدا بسەپێنن، کە نەك هەر عەرەب نین، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆریشیان عەرەبیش نازانن و، دوورن لەو زمان و کولتوورە.

---

١. ماڵپەڕی www.alarabiya.net، 12/4/2005.

٢. المسلمون في أوروبا: كيف يمارسون وجودهم، تعايش أم صراع؟ د.أحمد أبو مطر، www.elaph.com، 17/4/2005.

# زیانەکانی دوای سێپتێمبەر

ئەگەر هەندێك کەس وابزانێت کەلێدانی تاوەرەکانی ئەمریکا، سەرکەوتنێك بوو بۆ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و، چاوشکاندنێکیش بوو بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بەدڵنیاییەوە، زۆر بەهەڵەدا چوونە، چونکە ئەو رووداوە، وێنەی (ئیسلام)ی، بەشێوەیەکی نەخوازراو، بەجیهان نیشاندا... جگە لەوەش، دیاردەی ترسان لەئیسلام، بەشێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی کرد، کە هەوڵ و ماندوو بوون و، کات و کارێکی زۆری دەوێت، تاوەکو بتوانیت ئەو وێنەیە بگێڕیتەوە دۆخی جارانی و، قەناعەت بەئایینەکانی تر بهێنیت، کەئەوە ئیسلام نییە ئەو کارانە ئەنجام دەدات، بەڵکو گرووپێکن هەوڵ دەدەن ئیسلام بکەنە پەیژەیەك بۆ گەیشتن بەمەرامە سیاسییەکانیان.

کاردانەوەکان، هەر لەگەڵ یەکەم هەفتەی دوای رووداوەکە، دەستی پێکرد، سەرەتا، چەندان نامەی هەڕەشە ئامێز خرانە قوتوی پۆستی ماڵە بێگانەکان... دوا بەدوای ئەوەش، یاساگەلێك لەولاَتانی رۆژئاوا دەرچوون، کەهەر هەموویان، بەزیان بۆ سەر ئازادییەکانی تاکەکەس و، هەڵسوکەوت و گوزەرانی موسڵمانەکان، شکایەوە... دەستکرا بەکۆنترۆڵکردنی مزگەوتەکان و، چاودێریکردنی هاموشۆکەران و پێشنوێژ و وتارخوێنەکان. بەسەدان هاووڵاتی موسڵمان لەسەر کارەکانیان دەرکران، تاکار گەیشتە ئەوەی قژ رەشی و ئەسمەری ببێتە هۆکارێك کە بەچاوی پڕ لەگومان و، مۆڕە کردنەوە، سەیرت بکەن. بێ ئاگاداری تاك، کۆنترۆڵ خرایە سەر تەلەفۆنی تایبەتی ماڵان و، گوێگرتن لەگفتوگۆی کەسی و تایبەتییەکان... بوونی ناوەکانی، (محەمەد، ئەحمەد، عەلی، عەبدوڵلاّ... تاد) لەسەر بەڵگەنامە کەسییەکان، بەس بوو تاوەکو لەکار بێبەش بکرێیت، یان لەهیچ کارگە و دامەزراوەیەك کارت پێنەدەن..



سیمبۆڵە ئیسلامییەکان، کەجاران تاك دەیتوانی بەئازادی و هەوەسی خۆی بەکاریان بهێنێت، وردە وردە، قەدەغە کران.

لە فەڕەنسا لەئەیلولی (٢٠٠٤)ەوە، سەرپۆش و هێما ئایینییەکانی تری وەك، (خاچ)ی کریستیانەکان و، (کیبا) سەرپۆشی جوولەکەکان، لە دامەزراوە رەسمییەکاندا، یاساغ کران.

لەئەڵمانیاشدا، لەکۆی شازدە ویلایەتی فیدراڵدا، تائێستاکە لەهەشت ویلایەتی وەك (باڤاریا، بادن ڤۆرتمبێرگ، بەرلین، هێسن، زارلاند، برێمن، سەکسۆینا، نۆردڕاین و ستڤالیا)دا (حیجاب) قەدەغە کراوە، بەتایبەتیش بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لەدام و دەزگا رەسمییەکاندا، وەك مامۆستا و کارمەند و فەرمانبەر، کاردەکەن.

لەمزگەوتەکانیشدا، لێپێچینەوە لەگەڵ زۆر لەو مەلایانە کرا، کە وتاری هەینی دەخوێننەوە... جگە لەوەش، پاڵەپەستۆیەکی زۆریان خرایە سەر، تاوەکو وتارەکانیان، بەو زمانانە بخوێننەوە، کەزمانی رەسمی ولاّتن... لەو پێوەندەدا، (ئەنیتا شاڤان)ی وەزیری رۆشنبیری ویلایەتی (بادن ڤۆرتمبێرگ)ی ئەڵمانیا، لەرۆژی ٢٢/١١/٢٠٠٤دا، گوتی (دەبێت پێشنوێژ و وتارخوێنەکان، ناچار بکرێن کەخۆیان فێرە زمانی ئەڵمانی بکەن و، وتارەکان بەو زمانە بخوێننەوە، چونکە هەر لەناو نوێژکەرەکانیشدا، خەڵکانێك هەن، زمانی عەرەبی یان تورکی نازانن و، واهەست دەکەن خەڵك دژی ئایین و، نەتەوەکانی تر، هان دەدەن).

لە هۆڵەنداشدا، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٨)ەوە، دەبێت ئەو وتارخوێنانە، زمانی هۆڵەندی بزانن، یان ئەو خولانەیان تەواو کردبێت کە تایبەتن بەپێگەیاندنی وتارخوێنەکان... هەر لەبەر ئەو فشارە زۆرە و، هەوڵ نەدان بۆ فێربوون، زۆربەی مەلا و وتارخوێنەکان، هۆڵەندا جێدەهێڵن..

رۆژنامەی (تەلەگراف) دەڵێت، (لەکۆی ٤٥٠ مزگەوت، ١٨٠ مزگەوت بێ پێشنوێژ و وتار خوێن، ماونەتەوە)[١].

---

١. هجرة جماعية لأئمة المساجد في هولندا، رادیۆی جیهانی هۆڵەندا، بەشی عەرەبی، www.arabic.rnw.nl، 9/7/2007.

به هۆی هەڵسوکەوتی ناجۆرو، رەچاو نەکردنی ئەو (مۆراڵ)انەی کە لەو ولاّتانەدا، بەرقەرارە، زۆرجاران مەلاکان خۆیان خۆیان بەدەرکردن دەدەن. (محەمەد حوسێن کەریمانی) بەرەگەز پاکستانی، مەلای مزگەوتی (ئەنوار)ی شاری (ئێندهۆڤن)، لەیەکێك لەوتارەکانی ساڵی ٢٠٠١دا، هێرشێکی توندی کردۆتە سەر (هۆمۆ)کان، هەر لەبەر ئەو هۆیەش، دەسەلاّتداران، بڕیاریاندا، کەدەبێت لەهۆڵەندا دەربکرێت.

وێڕای گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەش، دەربارەی مەلا و مزگەوتەکان، زۆر بڕیاری تریش، لەزۆربەی ولاّتەکاندا دەرکرا... کە لەهەموویاندا، تەسککردنەوەی ئازادییەکانی تاکە کەس و مارەسەی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی تێدا بەدیدەکرا.

لە بارەی وەرگرتنی پەنابەرانیشەوە، سەرەڕای کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان، هەلومەرجی زۆر قورسیشیان خستۆتە بەردەم کێسی پەنابەرەکان... بۆ وەرگرتنی رەگەزنامەش، سەرەڕای هەبوونی کار و، زمان زانین و، دۆسیە پاکی و عەرەب گۆتەنی، (حوسن سلوك)، دەیان خاڵی تریشیان زێدە کردووە، کە لەهەندێکیاندا، داواکار ئیهانە یان هەستی بریندار دەکرێت... بۆ نموونە، لە هەندێك لە ویلایەتەکانی ئەڵمانیادا، کەسی داواکار دەبێت وەلاّمی (٣٠) پرسیار بداتەوە و، وەلاّمەکانیش لەگەڵ سیستەم و عادات و تەقالیدی ئەو ولاّتەدا بگونجێت... ئەگەرنا، ناتوانێت رەگەزنامە وەربگرێت... هەندێك لە پرسیارەکانیش، وەك نموونە دەخەینە بەرچاو:

- کاتێك کە دەبینی هاوڕێیەکت خەریکی جێبەجێکردنی کارێکی تیرۆریستییە، کاردانەوەی تۆ چۆن دەبێت؟
- ئایا بەشتێکی ئاسایی دەزانی کەباوکێك کچەکەی خۆی لەترسی کاری (مارەسەی سێکسی)، لە ژوورەوە بەند بکات؟
- رات چییە بەرامبەر بە پیاوێك کەدوو ژن بهێنێت؟
- ئەو کارانە چین کە پێتوایە نابێت ئافرەت بیانکات؟
- رات چییە بەرامبەر بەوەی کەدەبێت ئافرەت لە گوێ و حەمدی پیاو دابێت و، رازی بێت بە لێدانی لەلایەن مێردەکەیەوە؟



- پێت باشە دکتۆری ژن، یان پیاو، چارەسەری نەخۆشییەکانت بکات؟
- گەر کوڕەکەت هاوڕەگەز باز (هۆمۆ) بوو، کاردانەوەت چی دەبێت؟
- رات چییە دەربارەی ڕووداوەکەی ١١ی سێپتێمبەر؟
- گەر کچەکەت شووی بە پیاوێکی غەیرە ئیسلامی کرد، هەڵوێستی تۆ چی دەبێت؟
- ئەگەر کچەکەت کارێکی هەڵبژارد و، تۆش پێی رازی نەبوویت، چی دەکەیت؟
- لێدەگەڕێی کچەکەت یان ژنەکەت، لەبارەی جل و بەرگ لەبەر کردنەوە لاسایی ئەڵمانەکان بکاتەوە؟
- کاردانەوە و هەڵوێستی تۆ چییە، کەدەبینی یان دەبیستی، لێپرسراوەکانی ئەڵمانیا، هاوڕەگەز (هۆمۆ)ن؟

ئەم پرسیار و، رێ و شوێنە توندانەش، وایکردووە، وردە ردە، پەنابەر روو لەو ولاّتە نەکات. لەساڵی (٢٠٠٥)دا، (٢٩) هەزار کەس هاتوونەتە ئەڵمانیا، کە لەچاو ساڵەکانی تردا، دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. لەو (٢٩) هەزارەدا:

- لە (١٪)یان مافی پەنابەرێتییان وەرگرتووە.
- لە (٤,٣٪)، مافی پاراستن، تەنها (پاراستن)یان وەرگرتووە.
- لە (٢,٣٪)، مافی ئەوەیان وەرگرتووە کە تەنها دەرنەکرێن، چونکە لەولاّتەکانیاندا، ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

بەرەنجامی ئەو یاسا توندانە، بەهەزاران کەس ئیقامەی مانەوەیان لێ سەندراوەتەوە و، کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی ناردنەوە بۆ ولاّتەکانیان.. کە ئەوەش، بەزیان بۆ سەر پەنابەرە موسڵمانەکان دەشکێتەوە و، لەوانەشە لەولاّتەکانی خۆیاندا تووشی کوشتن و، راوەدوونان و، زیندانیکردن ببنەوە.

# هەڵگەڕانەوە... یان بەزاندنی هێڵە سوورەکان

کۆمەڵگاکان، بەتێپەڕبوونی کات و، هاتنە ئارای کەش و هەوا و زەمینەی تازە، گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و، لەوانەشە سەیرمان بەکولتووری دوێنێ بە بەراوورد لەگەڵ کولتووری سەقامگیر بووی ئەمڕۆوە بێت. هەڵبەتە، نەك تەنها مرۆڤ، بەڵکو هەموو گیانلەبەرێکیش هەوڵدەدات خۆی لەگەڵ ژینگە و، ئەو دەوروبەرەی کەتێیدا دەژیت، بگونجێنێت، تاوەکو لەم ئاقارەدا، خۆی بەنامۆ و لاتەریك، نەزانێت.

ئەمڕۆ بەجێگیربوونی ئەو ژمارە زۆرەی موسڵمانان لەسەرجەم جیهاندا، بەتایبەتیش لەرۆژئاوادا، زۆر دیاردە و حەزی خەفەکراوی دوێنێ، ئەمڕۆکە بۆتە واقیعێك و، زۆر بەئاسانی دەخرێنە خانەی شتە ئاساییەکان.

هەزاران گەنجی موسڵمان هەیە، ڕێورەسمە ئایینییەکانیش بەجێدەگەیەنێت، ئەوجاش بەبێ گرێبەندی شەریعەتی ئیسلامی لەگەڵ کچە کریستیانەکاندا، وەك هاوسەر و شەریکی ژیان دەگوزەرێنن... ئەوە جاران دیاردەیەکی زۆر دەگمەن و نامۆ بوو.. ئەگەر کچە فەلەیەك کوڕە موسڵمانێکی خۆش بوویستایە، یان بەپێچەوانەوە، دەبوو یەکێك بۆ ئەویتر تەنازول لەئایینەکەی خۆی بکات، ئەوجا دەیانتوانی ببنە هاوسەری یەکتر و، خێزان پێکەوە بنێن... ئەوە لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکانی دوێنێدا، ئەوهابوو لەکۆمەڵگا ئەورووپییەکانیشدا، پێش (٣٠-٤٠) ساڵێك لەمەوبەر، شتێکی ئاسایی نەبووە، وەلێ بەتێپەڕبوونی کات و، گۆڕانکارییە ئایینی و کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و، وردە وردە لەدیاردەیەکی دەگمەن و نامۆ، بوونەتە دیاردەیەکی ئاسایی سەقامگیر.

ئێستاکە لەنێو ریزەکانی رەوەندی ئیسلامی، بەتایبەتیش لەناو کوڕەکاندا، ئەو دیاردەیە تەشەنەی کردووە، جا بەهێنانەوەی هەر بیانوویەك بێت، کەم گەنجی



موسڵمان هەیە لەدەرەوە، هاوڕێیەکی کچی نەبێت... هاوڕێی کچیش لەرۆژئاوا، بەپێوەرەکانی پەیوەندییە خێزانی و کۆمەلایەتییەکانی ولاتانی ئیسلامی، ژن دەگەیەنێت، چونکە ئەو کچە لەگەڵ کوڕەکەدا، هەموو ئەو پەیوەندییانە جێبەجێ دەکات کە لەنێوان ژن و مێردێکی ئاساییدا هەن... کەواتە ئەوانە ژن و مێردێکی ئاساین، بەلاّم لەدەرەوەی بازنەی گرێبەندە ئایینییەکان.

تا ئێرە، دیاردەکان، لەڕەنگێکی تۆخەوە هێدی هێدی بەرەو کاڵبوونەوە دەچن و بەبینین و بیستنیشیان، لەوانەیە دیقەتی هیچ کەسێك بۆ لای خۆیان کێش نەکەن، چونکە دیاردەکە لەو کۆمەڵگایانەدا بوونەتە شتێکی ئاسایی و، باو... مادام رەوەندی ئیسلامیش لەم نێوەندەدا دەژیت، بەبۆچوونی زۆربەی تاکەکانی ئەو رەوەندە، مەجبوورن خۆیان لەگەڵ ئەو هەل و مەرجانەدا بگونجێنن. بەلاّم پێچەوانە بوونەوەی دیاردەکان (پێکەوە ژیانی کچە موسڵمان و کوڕە فەلە)، لە نەزەری ئایینی ئیسلام و کۆمەڵگا ئیسلامییەکانەوە، بەشتێکی نامۆ و، دوور لەبازنەی داب و نەریتی ئیسلامی دێتە حسێب کردن. ئەگەرچیش خەڵکێکی زۆر هەن لەڕۆشنبیر و چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و، کۆمەڵگای مەدەنی و، داکۆکیکەرانی ژنان، ئەم مافە بەشتێکی سادە و سەرەتایی هەموو مرۆڤێك دەزانن و، شێلگیرانەش لەدژی هەموو بەربەستێکی کۆمەلایەتی و ئایینی تێدەکۆشن... لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتاکە شتێکی نامۆیە و، جێگای سەرنجدان و پەنجە بۆ کێشانە لەنێو ماڵباتە موسڵمانەکاندا...

پێکەوە ژیانی کوڕی موسڵمان و کچی فەلە، یان بەپێچەوانەوە، لەوانەیە بوویێتە شتێکی ئاسایی یان نەبوویێتە شتێکی وا کەئەوەندە بەهەند هەڵبگیرێت... وەلێ ئایین گۆڕین و هەڵگەڕانەوە، بەتایبەتیش لەنێو زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانەکان تا ئەمڕۆکەش، بەهێڵێکی سوور لەقەڵەم دەدرێت و لەلایەن سەرچاوە بالاکانی ئایینەوە، فەتوای کوشتنیشی بۆ دەردەچێت... لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵگەڕانەوە و بەزاندنی هێڵە سوورەکان، نەك هەر لەنێو رەوەندی ئیسلامی لەرۆژئاوا و کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا، بوونی هەیە، بەڵکو لەنێو خودی جیهانی ئیسلامیشدا، خەریکە دەبێتە دیاردە.

هەڵگەڕانەوە لەئایینی مەسیحی لە نێو کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا، ئازادانەترە وەك لەجیهانی ئیسلامیدا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کولتوورە باوەی کەئایین بەپردی بەستنەوەی پەیوەندییە گیانییەکانی نێوان تاك و خودا، دەزانێت.

بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری فەڕەنسا لە ساڵی (٢٠٠٦)دا، رایگەیاند، (کە بە گوێرەی زانیارییەکانمان ١٦٠٠ فەڕەنسی لەم ماوەی دواییەدا بوونەتە ئیسلام و، لە هەر چوار کەسێك لەوانە، یەکێکیان دەگەڵ ڕێکخراوە پەڕگیرە ئیسلامییەکان کەوتوون).

لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٦)شدا، رادیۆی (RTL)ی بەلجیکایی بلاۆیکردەوە کە لەلێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە لەماوەی ساڵی (٢٠٠٦)دا، زێتر لە (٣٠٠) کەس لەم وڵاتەدا بوونەتە ئیسلام[1].

ئامۆژگای ئیسلامی لە ئەڵمانیاش، کە بارەگاکەیان لەشاری (سوسیت)ی ڕۆژئاوای ئەڵمانیایە، راگەیاند تەنها لە ساڵی ٢٠٠٥دا زێتر لەهەزار ئەڵمانی بوونەتە ئیسلام... هەروەها گوتی: لەکۆی ئەو سێ ملیۆن و دووسەد هەزار موسڵمانەی کە لەئەڵمانیادا دەژین، (١٤٣٥٢) کەسیان بەڕەگەز ئەڵمانین و بوونەتە ئیسلام، کە سێیەکی ئەوانە ئافرەتن و بە هۆی ئەوەی کەمێردیان بەموسڵمانان کردووە، ئەوانیش بوونەتە ئیسلام[2].

دیاردەکە بوونی هەیە، بەڵام زۆر جارانیش، لەپێناوی چەواشەکردنی خەڵك و هاندانیان ڕاستییەکان وەك ئەوەی کەهەیە، دەشێوێندرێ و، قەبارەی دیاردەکە، گەورەتر دەکرێت[3].

---

١. ماڵپەڕی "دەنگی ئیسلام" www.dangiislam.org، 4/1/2007.

٢. ماڵپەڕی www.alarabiya.net، 13/12/2005.

٣. بۆ نموونە، ئەو راگەیاندنەی ئامۆژگای ئیسلامی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا، لەلایەن ماڵپەڕی "دەنگی ئیسلام"ەوە، گەورەتر کراوە و، ئەو هەزار ئەڵمانە کراوەتە چوار هەزار.
بڕوانە/ موسڵمانبوونی چوار هەزار ئەڵمانی لەماوەی ساڵێکدا، ماڵپەڕی "دەنگی ئیسلام" www.dangiislam.org، 21/1/2006.



هەروەك لەزۆربەی لێکۆڵینەوە و هەواڵەکانیشدا دەرکەوتووە، کە بەشی زۆری ئەو موسڵمان بوانەش، ئافرەتن و بەهۆی شووکردنیان بەموسڵمانەکانەوە، بوونەتە موسڵمان... هەروەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد، کە کولتووری ڕۆژئاوا ئەوەندە ڕێگر نییە لەبەرامبەر هەڵبژاردن و گۆڕینی بیروباوەڕ و، ئایینەوە، سەرەڕای بەرجەستەبوونی لەواقیعیشدا، لێکۆڵینەوەکانیش ئەو ڕاستییەیان، سەلماندووە[1].

ئەوەی زێتر لای ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەتیش دەسەڵاتەوە، مایەی ترس و نیگەرانییە لەموسڵمانبوونی ئەو خەڵکە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەزۆرێك لەو خەڵکانە دەبنە پەیڕەوکار و هەڵگری هزری پەڕگیری.. لەو بارەیەوە، وەزیری ناوخۆی هۆڵەندا لەیەکێك لەراگەیاندنەکانیدا گوتوویەتی، کەنزیکەی (٢٠) گرووپی توندڕەوی ئیسلامی لەسەر خاکی هۆڵەندادا دەژین و، خەڵکانێکی هۆڵەندیشیان تێدایە کە بوونەتە ئیسلام... ئەو تازە موسڵمانبوانە، خەڵکی وایان تێدایە کە لەپێناو سەرخستنی بیروباوەڕەکەیاندا، ئامادەن گیانی خۆشیان بتەقێننەوە[2].

لەگەڵ ئەو سەنگەر گۆڕین و، هەڵگەڕانەوەی کریستیانەکانی ڕۆژئاواشدا، خەڵکێکی تری موسڵمان، هێڵە سوورەکان دەبەزێنن و دێنە سەر ئایینی

---

١. کۆمپانیای (هاریس ئینتراکتیف)ی بەریتانی لەنێوان ٣٠ی تشرینی دووەم و ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦دا، راپرسییەکی لەنێوان دوازدە هەزار و پێنج سەد کەس، لەپێنج وڵاتی ئەورووپایی وەك، (بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، ئەڵمانیا) و، ئەمریکادا کردووە، دەرکەوتووە کە:
- ڕێژەی لە (٦٩٪)یان ڕێگر نین لەبەردەم منداڵەکانیان کەشوو بەغەیرە دینێکی تر بکەن، یان ژنیان لێ بهێنن. ئەم راپرسییە لەڕۆژنامەی (فایینشال تایمز)ی بەریتانی بلاۆبۆتەوە. بڕوانە، إستطلاع رأي: الديانة ليست عائقا أمام الأنضمام للأتحاد الاوروبي، www.dw-wold.de، 18/12/2006.

٢. یەکەم ئافرەتی خۆکوژی ئەورووپایی، ژنێکی بەلجیکی بوو کە لەساڵی ٢٠٠٥دا لەعێراق خۆی تەقاندەوە... ناوبراو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ گەنجێکی مەغریبی لەبەلجیکادا هەبووە و، دواتریش بۆتە ئیسلام.

کریستیانەکان، یان بێباوەڕی خۆیان رادەگەیەنن.. ئەو خەڵکە لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو ئاستەنگانەش، بێسڵەمینەوە، لەئیسلام وەردەگەڕێن.

رۆژنامەی (زی نیوز)ی هیندی لەڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٦دا، بلاّویکردەوە، کەسالاّنە (١٥) هەزار موسڵمان دەبنە مەسیحی، (١٠) هەزار لەوانە دەبنە کاسۆلیك و، (٥)هەزاریشیان دەبنە پرۆتستانت... لەو بارەیەوە، (تهامی بەڕێز)ی سەرۆکی رێکخراوە ئیسلامییەکانی فەرەنسا، گووتی: (مەرج نییە ئەو ژمارەیە راست بێت... ئێمەش رێگر نین لەبەردەمی ئەوەی دەیەوێت ببێتە مەسیحی یان ئیسلام)[١].

گۆڤاری (دێر شپیگل)ی ئەڵمانیش لە ژمارەی رۆژی ٢٠٠٧/١/١٣دا، کە پشتی بەئامارێك بەستووە ئەو ئامارەش (بنکەی دەستنووسی کلیسا) لەشاری (میونشن)ی ئەڵمانی و، (نیۆیۆرك)ی ئەمریکی و، (ڤانکۆڤەر) ئەنجامیانداوە، بە بەڵگەی ئەو کەلیسا و سینیگایانە دەرکەوتووە، کە لە نێوان ٢٠٠١/٩/١١ تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧، زێتر لە (١٦) ملیۆن موسڵمان لەسەرانسەری جیهاندا، لەئایینەکەیان هەڵگەڕاونەتەوە.. کە لە (٨٠٪)یان بوونەتە (فەلە)، چونکە پێیانوایە، ئایینی ئاشتی و یەکسانییە و، بڕوای بەمرۆڤ کوشتن نییە. لە (١٢٪)یشیان بوونەتە جوولەکە[٢].

سەرەڕای هەڵگەڕانەوەی خەڵکێکی تریش کەنایانەوێت خۆیان ئاشکرا بکەن و، پەیوەندی بە ئایینەکانی ترەوە بکەن، لەم دوا دواییەش، لەرۆژی ٢٠٠٧/٣/١، کۆمەڵێك خەڵکی هەڵگەڕاوە لەئیسلام، لەشاری (بەرلین)، دروستبوونی رێکخراوی (ئەنجوومەنی بالاّی موسڵمانەکانی پێشوو- لەئەڵمانیا)یان راگەیاند.. ئەو رێکخراوە بریتین لەو کەسانەی کە لەئایینی ئیسلام دەردەچن و، دامەزرێنەرەکانیشیان، سی (٣٠) کەسی بەڕەگەز ئێرانی و عەرەبن و، لەگەڵ راگەیاندنیان، (١٥٠) کەس

١. تقارير تتحدث عن إعتناق آلاف المسلمين للمسيحية في فرنسا، www.alarabiya.net 6/2/2007.

٢. ماڵپەڕی (کوردستان نێت) www.kurdistannet.org، 23/1/2007.



پەیوەندی پێوەکردوون... سەرۆکەکەیان ئافرەتێکی ئێرانییە بەناوی (مینا عەهدی[١] و، مێردەکەی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران)ەوە، لەسێدارە دراوە.

(مینا عەهدی) پارێزەرە و، لەشاری (کۆیلن)ی ئەڵمانیادا دەژیت. پاش راگەیاندنی ئەو رێکخراوە، لەلایەن موسڵمانە پەڕگیرەکانەوە، سەدان ئێمێل و تەلەفۆنی هەڕەشە ئامێزیان بۆ بەرێکردووە.. بۆیە ئێستاکە لەلایەن پۆلیسی ئەڵمانییەوە، پارێزگاری لێدەکرێت.

بە هەر شێوەیەك بێت، لە هەردوو جەمسەرەکەوە، خەڵکانێك هەن، ئەگەر بەمەرگی خۆشیان بێت، ئامادەن بیروباوەڕی خۆیان بگۆڕن. جا بۆیە، بەمن و تۆ و، ئەو و ئەوان، ناتوانرێت بەربەست بخرێتە بەردەمیان... لەبەر خاتری بیروباوەڕی من و تۆش، جیهان لەگۆڕانکاری ناوەستێت و، ئەوەی ئەمڕۆ بەهێڵی سوور و شوورەیی دەزانین، لەوانەیە بەیانی ببێتە شتێکی ئاسایی و باو.. چۆن بەشێك لەو دیاردانەی دوێنێ کەخرابوونە سەر تاخچەکەی شەرمەزارییەوە، ئێستاکە بوونەتە دیاردەیەکی ئاسایی رۆژانە. پەیوەندییە رۆحی و کۆمەڵایەتییەکانیش لەیەك چوارچێوەدا نامێنێتەوە و، خۆشی بێت و ترشی بێت، بەرگەی ئەو هەموو بوومەلەرزە گەورانە ناگرن و، ئەوانیش درزیان تێدەکەوێت.

٣. ماڵپەڕی www.dw-world.de، 1/3/2007.

# ئەنجامەکان

دەسەڵات و حوکمی کۆمەڵگا لە وڵاتانی ئەورووپادا، تا سەدەی پازدەهەم لەژێر دەسەڵاتی کەنیسەدا بوو، ئەوان بەرپرسیار بوون لەدابینکردنی گوزەران و، هەڵسوکەوتی خەڵك و، بڕیارە چارەنووسسازەکان.. تا ئەو سەردەمەش، شەڕی تایفەگەری هەموو کۆمەڵگاکانی گرتبۆوە..

بەڵام بەهۆی بێزاری خەڵك و، دەرکەوتنی دەستەیەکی هەڵبژاردەی رووناکبیران، بەهەوڵ و توانای هەموو لایەك، توانرا، وردە وردە کەنیسە بەئاراستەی پەراوێزکردن ببەن... ساڵی (١٦٤٨)یش، کە بەئاشتبوونەوەی (ڤیستڤالیا) بەناوبانگە، کۆتایی بەشەڕی ئایین و، تایفەگەری هێنا و، ئایین لەدەسەڵات و سیاسەت جیاکرایەوە.. لەمە بەدواوە، رۆژ بەڕۆژ، بازنەی دەسەڵاتی پیاوانی ئایین، تەسکتر دەبۆوە. لەزۆربەی وڵاتەکانیشدا بەفەرمی لە دەستووردا ئاماژەی پێکرا... بۆ نموونە لەفەرەنسا، لە ١٩٠٥/١٢/٩دا، ئایین لەدەوڵەت جیاکرایەوە.

بەتێپەڕبوونی کات و، کاریگەریی هەندێك هۆکار، هەستی باوەڕداریەتی لەناو تاکەکاندا، بەرەو کاڵبوونەوە رۆیشت، کە بەلای پیاوانی کەنیسە و، چالاکڤانانی ئایینی (مەسیح)ەوە، بەزەنگێکی ترسناك دێتە ژماردن.. ئەوانە، پێیانوایە، ساڵانی (١٩٥٠-٢٠٠٠)، خراپترین قۆناغی ئایینی مەسیحییە، چونکە رۆژ بەڕۆژ ئایینەکە کزتر دەبێت و، خەڵکیش واز لەکەنیسە دەهێنن..

هەڵبەتە، ئەو کزبوون و وازهێنانەش، هۆکاری خۆی هەیە، کەگرنگترینیان پێشکەوتنی زانست و، پەیبردنە بەو رووداو و پێشهاتانەی، کەپێشتر ببوونە تەلیسمێك و، کەس نەیدەوێرا قسەشیان لەبارەیەوە بکات. دوای ئەوەش، بەرقەرار بوونی زەمینەی بیروباوەڕی ئازاد و، خراپی باری ئابووری و، مەرجەکانی کەنیسە و، پیربوونی خودی ئایین و، چەند هۆکارێکی تر، ئەو کزبوونەیان بەو رۆژەگەیاند.



وێڕای هەموو ئەمانەش، هەڵوێستی کەنیسە و لایەنگیریکردنی لەسەرکردە عەسکەری و دیکتاتۆرەکان، ئایینی ناشیرینتر کرد.

دیارە بەرقەراربوونی ئەو رەوش و زەمینەیە لە رۆژئاوادا، بەدیاردەیەکی ئەکتیڤ وەسف کراوە، هەر بۆیەش، سەرجەم لێقەوماوانی جیهان، بەجیاوازی رەنگ و دەنگ و، بیروباوەڕ و بۆچوونەکان، زێدی خۆیان جێهێشتووە و، روویان لەو دەڤەرە ئارامە کردووە.

موسڵمانەکانیش بەهۆی خراپی باری گوزەران و، نەبوونی ئازادی و، چەوساندنەوە لەلایەن حاکمەکانیان، بەدرێژایی مێژوو، تاك و تەرا، یان گرووپ گرووپ، روویان لە رۆژئاوا کردووە و کردوویانەتە پەناگەیەکی ئارام، بۆ درێژەدان بەژیان.. هەر چەندە سەرچاوەی فەرمی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، تاوەکو بەشێوەیەکی بنەبڕ، دەستنیشانی هاتنی یەکەم گرووپی موسڵمانان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی بوونی چەند سەرەداوێك، دەتوانین هێڵێکی بەیانی دەستنیشان بکەین.

کۆمەڵێك عەرەبی رۆژئاوای نیشتمانی عەرەبی لەساڵی (٧٠٠)ی زایینییەوە، بەرەو ئیتاڵیا کۆچیانکردووە، کەدەتوانین ئەوە بەسەرەتا و بناغەی دامەزراندنی رەوەندی ئیسلامی لەئەورووپادا، بژمێرین. پاش ئەو گرووپەش، قۆناغ بەقۆناغ خەڵکی تر بەرەو ئەورووپا کۆچیانکرد و، وردە وردە ژمارەیان، زۆرتر دەبوو... چەند هۆکارێکی سەرەکی لە پشت ئەو کۆچکردن و زۆربوونە بوو، کەگرنگترینیان خۆی لەم رووداوانەدا، دەبینێتەوە:

١- فراوانبوونی دەسەڵات و سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، کە بەشێك لە وڵاتانی ئەورووپاشی گرتەوە.

٢- هاوپەیمانییەتی مێژوویی نێوان عوسمانییەکان و ئەڵمانەکان.

٣- هەڵگیرساندنی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی و، داگیرکردنی وڵاتە ئیسلامییەکان لەلایەن رۆژئاواوە.

٤- دیکتاتۆرییەتی رژێمە عەرەبی و، ئیسلامییەکان.

٥- زوڵم و زۆری ستالین و چەوساندنەوەی کەمە نەتەوە و، موسڵمانەکانی رووسیا لەلایەن ئەو دیکتاتۆرەوە.

٦- داگیرکردنی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٧٩دا، لەلایەن رووسیاوە.

٧- شەڕی عێراق و ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨).

٨- داگیرکردنی لوبنان لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە لەساڵی (١٩٨٢)دا.

٩- شەڕی درێژخایەنی نێوان جوولەکە و عەرەبەکان.

١٠- شەڕی رزگارکردنی کوێت (١٩٩٠) و، دەرکردنی سوپای عێراق لەو وڵاتە.

١١- شەڕی ئازادکردنی ئەفغانستان لە دەسەڵاتی تاڵیبان و، عێراق لە رژێمی (سەدام)دا.

ئەمانە و گەلێك هۆکاری بابەتی و مێژوویی تر، بوونە مایەی پشێوی و ناسەقامگیری لە ناوچەکە، کەوای لە خەڵکەکە کرد بە مەجبووری دەڤەرەکانی خۆیان جێبهێڵن.

حاڵی حازر، لەو شازدە وڵاتە ئەورووپاییەی کەئێمە لێیدواوین، لەکۆی (٤٠٥) ملیۆن لەدانیشتوانەکەی، زێتر لە (١٧) ملیۆن و نیو موسڵمان کە رێژەی ٢,١٩٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن، لەو وڵاتانەدا دەژین. ئایینی ئیسلامیش بەدووەم ئایین دەژمێردرێت.

پانتایی ئەو رەوەندە هەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەورووپای گرتۆتەوە.. گوندێکی بچووك نییە، ماڵێك یان چەند ماڵە موسڵمانێکی تێدا نەبێت.. لەزۆربەی شار و شارۆچکەکاندا، مزگەوتی تایبەت بەخۆیان هەیە و، لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا دەوڵەت یارمەتییان دەدات... هەر بۆ نموونە، لەوڵاتێکی گەورەی وەك فەرەنسادا، ژمارەی ئەو رەوەندە زێتر لەشەش ملیۆنە و، خاوەنی (١٦٠٠) مزگەوت و بنکەی کولتوورین. لەئەڵمانیادا، ژمارەیان زێتر لە سێ ملیۆنە و سەرپەرشتی (٢٥٠٠) مزگەوت دەکەن.

لە بچووکترین وڵاتیشدا کەمیرنشینی (لیشتنشتاین)ە و، ژمارەی دانیشتوانەکەی (٣٤/٥٠٠) کەسە و، (١٦٠٠) موسڵمان لەو وڵاتەدا دەژین. بە خستنەڕووی ئەم راستییانە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەسیستەمی بەڕێوەبردن و، گوزەرانی خەڵك، بە بەراورد لەگەڵ جیهانی رۆژهەڵات و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، زۆر پێشکەوتوو و شارستانییانە ترە.

هەبوونی ئەو رەوەندە زۆرەش، کەخاوەنی کەلتوور و ئایینزا و داب و نەریتی جیاجیان، کە لە هەندێك حاڵەتدا بوونەتە کۆسپ لە بەردەم پێکەوە ژیان و،



ئاوێتە بوون لەگەڵ کۆمەڵگا خانەخۆییەکاندا... ئەم لەیەکتر حاڵی نەبوون و، یەکتر قەبووڵ نەکردنە، بوونەتە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی گرووپی پەڕگیر لە هەردوولاوە (میوان و خانەخۆی).

ئەو گرووپە پەڕگیرانە، لەم ململانێیەدا، هەوڵ دەدەن سوود لەو کەلەبەرە وەربگرن و مەرامە سیاسییەکانیان جێ بەجێ بکەن. لەو نێوەندەدا، دەیان پارت و گرووپ و کۆمەڵەی ئیسلامی رادیکاڵ، نموونەی (حیزبی تەحریری ئیسلامی و، حیزبوڵڵای لوبنانی و، میللی گۆرشی تورکی و، کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین میسر و ئوردن و...تاد) کەهەندێکیان لەوڵاتەکانی خۆشیاندا ناتوانن چالاکی سیاسی بکەن... سەرەڕای یارمەتیدان و، دابینکردنی ژیان و، پاراستنی ئاسایشیان لەرۆژئاوادا، ئەوجا داوای وادەکەن، کە لەناو جەرگەی کۆمەڵگاکانی خۆشیاندا، رەت کراوەن.. بۆ نموونە، (حیزبی تەحریر)، داوای جیهاد و بەئیسلامی کردنی جیهان و، گەڕانەوەی سیستەمی خەلافەت، دەکات.. یەکێکی وەکو (ئەبو جەع جەع)، داوای ئەوە دەکات کە هێماکانی هاتووچۆ بە عەرەبی بنووسرێت.. (ئەبو حەمزەی میسری) سەرەڕای خزمەت کردن و ناز راگرتنی لەلایەن بەریتانیاوە، ئەوجا ئەورووپا بەئاودەستخانە (تەوالێت) دەچوێنێ[1].

لە بەرامبەر ئەوانەشدا، وەك کاردانەوەیەك، هەستی نازیزم و رەگەزپەرستی لەناو بەشێك لەخانەخوێکاندا لەتەشەنەکردندایە، کەزۆربەیان رێکخراون و لەنێو پارت و گرووپە جۆربەجۆرەکاندا، چالاکییەکانیان درێژە پێدەدەن.

١. چالاکڤانی ئیسلامی بەڕەگەز میسری (ئەبو حەمزەی میسری)، ساڵانێکی زۆرە لەمیسر قاچاغە و، لەبەریتانیادا وەك پەنابەر دەژیت.. رۆژانە لەکەناڵەکانی راگەیاندندا هێرش دەکاتە سەر ئەورووپا و رۆژئاوا.. لەناوەڕاستی ٢٠٠٣ کەناڵی ئاسمانی (ئەلجەزیرە)ی قەتەری دیمانەیەکی لەگەڵ سازکرد و لەپرسیارێکدا، مادام ئەوەندە هێرش دەکەیتە سەر رۆژئاوا و بەخراپ وەسفیان دەکەیت، بۆچی ناگەڕێیتەوە میسر یان هەر وڵاتێکی تری ئیسلامی؟! ناوبراو لەوەڵامدا گوتی، (وڵاتەکانیان وەك تەوالێت و گەرماو بەکار دەهێنین، کەکارمان تەواو بوو، لێیدەردەچین...).

له ئەڵمانیادا، ئەو گرووپانە خۆیان لەنێو پارتەکانی وەك: (پارتی گەلی ئەڵمانی "DVU" و، پارتی دیموکراتی نەتەوەیی "npd" و، پارتی کۆمارییەکان "Red"دا، دەبینینەوە.

له دانیمارکیش دا (پارتی گەلی دانیمارکی) و لەنەمسادا (پارتی ئازادیخوازی نەمسایی) و، لەفەرەنسادا (بەرەی نیشتمانی) و، لەئیسپانیادا (پارتی گەلی ئیسپانی)، گرنگترین ئەو پارتانەن کە بەنازی و رەگەزپەرست ناسراون. ئەوانە سەرەرای ئەنجامدانی کاری توندوتیژی، بەتایبەتیش دوای ١١ی سێپتێمبەر، داخۆیان و داوای وادەکەن کە جێگای سەرسوڕمان و، گەورەبوونی قەبارەی ئەو رق لێبوونەوەیە دەستنیشان دەکات.

پاش بلاوبوونەوەی کاریکاتێرەکانیش لەدانیمارك و دەرهاویشتەکانی، سیاسەتمەدارێکی وەك (مۆیس گلستروپ)ی دانیمارکی دەڵێت: (پێویستە موسڵمانەکان لەدانیمارك دەربکرێن و، کچ و ژنەکانیشیان لەبازاڕدا هەراج بکرێت!!).

ئەو پەرگیرە رۆژئاواییانە، لەوەش دەترسێن کەرۆژێك دابێت، موسڵمانەکان ببنە زۆربەی دانیشتوانی ئەورووپا و، بەرێگای دیموکراتییەوە دەسەلات بگرنە دەست و، بەکەیفی خۆیان یاسا و سیستەمی تازە بۆ ژیان دابڕێژن. لەم رووەوە، ئەوان ئەو ترسە لەسەر ئەوە بنیات دەنێن کەرێژەی زۆر بوون لەنێو ماڵباتە موسڵمانەکاندا بە بەراورد لەگەڵ رۆژئاواییەکان، یەکجار زۆرە. رێژەی تێکرای زۆربوون (زاوزێ)، لەنێو ئەو رەوەندەدا (٣,٩) منداڵە بۆ هەر ئافرەتێك... کەچی ئافرەتە رۆژئاواییەکان (١,٥) منداڵە بۆ هەر ئافرەتێك... ئەوەش بەنموونە دەهێنینەوە کە لەساڵی (١٩٦٠) لەئەڵمانیادا (٦٨٦) هەزار بێگانە هەبووە، کەچی ئێستاکە خۆی لە (١٥) ملیۆن دەدات... هەروەها لەویلایەتی (زیوریخ)ی سویسرا لەساڵی (١٩٧٠)دا، چوار هەزار موسڵمان هەبوە، کەچی لە ساڵی (٢٠٠٠)دا بوونەتە (٦٧) هەزار.

وە نەبێت کێشەکانی ئەو رەوەندە تەنها لەگەڵ پەرگیرەکانی خانەخوێکان بێت، کێشەکانی ناوخۆشیان هێندە زۆرە، کەژیان و پەیوەندییەکانیان ئاڵۆزتر کردووە.. بەهۆی بوونی ئەو کێشانەش کە بەشێکیان لەم (٥-٦) ساڵەی دواییدا سەریان



هەڵداوە، وایلێکردوون لەکاتی خواپەرستیو بەجێهێنانی فەرزەکانیشدا، نەتوانن پێکەوە هەڵبکەن... مزگەوتەکانیشیان لەسەر بنچینەی گرووپ و، نەژاد و، بیروبۆچوونی تایفەگەرییەوە بنیات نراون. سەلەفییەك نوێژ لە مزگەوتێکی تورکەکان ناکات.. تورکێکی سەر بە گرووپی (میللی گۆرش) ناچێتە مزگەوتێکی (دیانەت چییەکان)، کەسەر بەیەك نەتەوەشن. زۆربەی موسڵمانەکان، ئەحمەدییەکان، بەموسڵمانیش نازانن و، هاتووچۆی مزگەوتەکانیشیان ناکەن.

(تەبلیغی)یەك ناچێتە مزگەوتی (سەلەفی)یەکەوە... ئەو ناکۆکییانە، دەرهاویشتەی خراپی لێکەوتۆتەوە و، بۆتە هۆکارێك بۆ نەبوونی یەك هەڵوێستی و، یەك دەنگی موسڵمانەکان لەبەرامبەر بڕیار و کێشە چارەنووسسازەکاندا، هەڵسوکەوتی ناجۆری بەشێکی کەمی ئەو موسڵمانە پەرگیرانە و، ئەنجامدانی کاری تەقینەوە و خۆکوژی، ژیانی خەڵکە سادە و زۆرەکەشی خستۆتە بەردەم کۆنترۆڵ و لێپرسینەوە و، تەنگ پێهەڵچنین.. چەند کەسێك تەقینەوەکانی مەدرید و، مەترۆپۆڵەکانی لەندەن ئەنجامدەدەن، بەهۆی بوونی هەمان پێناسەی (موسڵمان بوون)ەوە، خەڵکێکی بێوەی لەکار دەردەکرێن و، مۆڵەتی نیشتەجێبوونیان پێنادەن.

چالاکبوونی ئەو بەشە کەمە پەرگیرە، بازنەی پێکەوە ژیان و بوونی ئایینی جیاواز و یەکتر قەبوولکردنی، کەمکردۆتەوە... بەلای ئەوانەوە، کەسی لەئایین هەڵگەڕاوە، دەبێت چارەنووسی بەکوشتن کۆتایی پێبێت... کەچی لەروانگەی رۆژئاواییەکان شتێکی ئاساییە و، تاك ئازادە لەوەی باوەڕی نەبێت، یان بچێتە سەر ئایینێکی تر.

هەر چەندە ئەو کێشە و گرفتانەش، زۆرتر و فراوانتریش بن، خەڵکی دیموکراتیخواز و ئاشتیخواز پێیانوایە، دەبێت درێژە بەدیالۆگ، لێکتر تێگەیشتن و، یەکتر قەبوولکردن، بدرێت و، ئایین و بیروباوەڕی جیاواز، نەبێتە بەربەستێك لەبەردەم پێکەوە ژیانی کولتوورە جیاوازەکان.

ئەو بۆچوونە نەرم و شارستانییانە، رەنگ لەبۆچوونی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاکان دەداتەوە و، رۆژێکیش دادێت پەیامەکانیان سەربکەوێت و، خەڵك بتوانن بەئاسوودەیی پێکەوە بژین و، دەست نەخەنە ناو کاروبار و ژیانی تایبەتی یەکترەوە.

## سەرچاوەکان:


*** کتێب:**

- ئیسماعیل تەنیا: سەفەری رەش، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ماردین) هەولێر، ۲۰۰۲.
- رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم: ئیمارەتی ئیسلامی هۆڵەندا، چاپی دووەم، چاپخانەی "رەنج" سلێمانی، ۲۰۰٦.
- محەمەد نورەدین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، ئازاد بەرزنجی کردوویەتی بەکوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ۲۰۰۰.
- هاشم سالح: ئایین. فاشیزم. مەرگ، وەرگێڕانی، هەورامان وریا قانع، کۆمەڵە وتار، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك) سلێمانی، ۲۰۰٦.

-Jahrbuch 2003, Die welt in Zahlen, Daten, Analysen, DER SPIEGEL, 2003.

*** گۆڤار:**

- شاهۆ تۆفیق: ئازادی لەسایەی تیرۆردا، وەرزە گۆڤاری (پێشهات)، ژمارە (۱۰)، ئەڵمانیا، حوزەیرانی ۲۰۰۵.
- گۆڤاری (إستیقظ)، تشرین الثانی ۲۰۰٦، ص۲۷.

* رۆژنامە:

خەبات، کوردستانی نوێ، میدیا.





*** ئاژانس:**

- ئاژانسی دەنگوباسی ئیتاڵی (ئاکی) WWW.adnki.com.
- پەیامنێر WWW.peyamner.com.

*** ماڵپەڕ:**

- العربیة www.alarabiya.net.
- عەرەب تایمز www.arabtimes.com.
- رادیۆی جیهانی هۆڵەندا (بەشی عەرەبی) www.arabic.rnw.nl.
- القنات www.alqanat.com.
- الجزیرة www.aljazeera,net.
- الشرق الأوسط www.ashrqalawsat.com.
- پیوك میدیا www.pukmedia.com.
- ئیلاف www.elaph.com.
- دار الحیاة (لندن) www.daralhayat.com.
- دەنگی ئیسلام www.dangiislam.org.
- دەنگەکان www.dengekan.com.
- دۆیچە فیلە (بەشی عەرەبی) www.dw-world.de.
- ئیسلام ئۆن لاین (بەشی عەرەبی)، www.islamonline.net.
- ئیسلام تودەی (بەشی عەرەبی)، www.islamtoday.net.
- کوردستان نێت، www.kurdistannet.org.
- ماڵپەڕی www.studieren-in-deuteschland.de بەشی عەرەبی.

# کتێبە چاپکراوەکانم

١- پەردەی شەرم، شیعر، سلێمانی، ١٩٨٢.

٢- کەلەشێری سپی و کەلەشێری رەش، چیرۆك بۆ منداڵان، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە، بەغدا، ١٩٨٦.

٣- تەکان، شیعر، بەغدا، ١٩٩٠.

٤- رۆڵی ئەدەب لەشۆڕش و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەناوی خواستراوی (ب. دەوەن) بلاوکراوەتەوە، هەولێر، ١٩٩١.

٥- بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەریی کوردی لەنێوان (١٩٧٥-١٩٩٣)، هەولێر، ١٩٩٨.

٦- کاردۆ گەلاڵی: نووسەر و پارێزەر و سیاسەتمەدار، هەولێر، ١٩٩٨.

٧- دەروازەیەك بۆ ناسینی (سمایلەباشە)ی شاعیر، هەولێر، ٢٠٠٠.

٨- چەند پووشێك... بۆ (هێلانەیەکی تر)، کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبی و رەخنەییە، هەولێر، ٢٠٠٠.

٩- سەفەری رەش -کۆژانی دەربەدەری و ئاوارەییە-، هەولێر، ٢٠٠٢.

١٠- بەسەرکردنەوە، ٢٤ بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیرییە، هەولێر، ٢٠٠٥.

## کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای موکریانی لە ساڵی ٢٠٠٧

١- - ڕێبازە ئەدەبییەکان، د. هیمدادی حوسێن

٢- زمان، وەرگێڕان، پێوەندییەکولتوورییەکان، حسین یعقوبی، و: اسماعیل زارعی

٣- ڕابەی ڕۆژنامەنووس لەجیهانی سێیەمدا، ئەلبێرت ل. هستر و وای لان ج. تو، و: حەسەن عەبولکەریم

٤- سیاسەت وحکومەت لەئەوروپا، احمد نقیب زادە، علی مێهر پەروەر

٥- سەرهەڵدان و بەردەوامی حزبەسیاسییەکان لەئەوروپا، حوجەتوڵلا ئەیوبی، و: ئازاد وەڵەد بەگی

٦- پێشەوای ڕابوون، هاشم سەلیمی، و: ڕەسووڵ سوڵتانی

٧- نهێنی سەرکەوتن لەبازارەکانی کاردا، و: و کیهان نیا،و: ئەدهەم ئەمین

٨- پێشەکیەك بۆکۆمەڵناسی سیاسی، د. احمد نقیب زادە، و: مەسعود ڕەواندووست

٩- شارەوانی و کارگێڕی و دیموکراسی، سەردار شەریف سندی

١٠- دەروازەکانی کۆمەڵناسی

١١- کۆمەڵناسی گشتی

١٢- پێکهاتەی نەتەوەیی